هەواڵنامەی کتێب

# بابه تیرۆریزم چییه؟

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٨)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

سەرچاوە:
الأرهاب كما نشرحه لأولادنا
طاهر بن جلون
دار الساقي ٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

■ **بابە تیرۆریزم چییە؟**

نووسینی: تاهیر بن جەللون

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

بابەت: گفتوگۆ

دیزاینی ناوەوە: ڕێبوار سەدرەدین

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی: چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٦٠)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# بابە تیرۆریزم چییە؟

تاهیر بن جەللون

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب

٢٠١٧ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

تـاهیر بـن جەللـون (١٩٤٤- )ی بە ڕەچەڵەک مەغریبـی، کە بە فەرەنسی دەنووسێت، ناوێکی نامۆ نییە بە خوێنەران بەگشتی و بە خوێنەری کوردیش. ئەو لە سـەرەتای حەفتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە و دوای ئەوەی ڕووی کـردە فەرەنسـاومەغریبی جێهێشـت، دەسـتی بە بڵاوکـردنەوەی چیـرۆک و ڕۆمانەکـانی کرد. بەر لە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکـانی، کۆمەڵێک وتـاری بۆ ڕۆژنـامەی "لۆمۆنـد" دەنووسـی و پاشـتریش دکتـۆرای لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا هێنا، بەڵام خولیای سـەرەکیی هەر ئەدەب و بەتـایبەتییش چیـرۆک و ڕۆمانـنووسـین بـوو. گەرچـی یەکەمین ڕۆمانی "حەڕووده" لە ساڵی ١٩٧٣دا بڵاو دەکاتەوە و بەدوایـدا چەنـد ڕۆمـانێکی تـریش چـاپ دەکـات، بەڵام ڕۆمانی"شـەوی قەدر" ١٩٨٧ بـووە هـۆی زیـاتر ناسـاندن و ناوبـانگی ئەو لە نێوەنـدی ڕۆشـنبیری و لەنـاو خوێنەرانـدا، بەتـایبەتییش کە ئەو ڕۆمـانە خەڵاتی گۆنکۆری فەرەنسـیی پـێ بەخشـرا، کە بە خەڵاتێکـی گرنـگ لەقەڵەم دەدرێ، نەک هەر لە فەرەنساو بەڵکو لە جیهانیشدا.

زۆربەی کارەکـانی بـن جەللـون بەدەوری کێشـە کۆمەڵایەتییەکـانی مرۆڤـی هاوچەرخـدا دەسـووڕێنەوە، لە

نامۆبوونەوە تا ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو و کێشە ماددییەکانی مرۆڤەکان و سەرکوتکردن و بێبەشبوون لە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ.

لیستی کارەکانی بن جەللون لیستێکی درێژە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەندێ لە ڕۆمانەکانی دەدەین: "منالّی لمەکان-١٩٨٥"، "ئەو تاریکییە درەوشاوەیە-٢٠٠٠"، "ڕۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە"، "پیاوێکی تێکشکاو"(ئەم ڕۆمانەی لەلایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە کراوە بە کوردی و دوو جار چاپ کراوەتەوە)، "پەناگەی هەژاران-١٩٩٩"، "دە شەو و حیکایەتخوانێک"،"شەوی قەدر"،"بەختەوەریی خێزانی"، "کۆچ" و "عەرزوحاڵچی"و هتد...
بن جەللون جگە لە ڕۆمان، کۆچیرۆک و شیعر و سێ کتێبی گفتوگۆئامێزیشی هەیە سەبارەت بە مەسەلە هەستیارەکانی ئەم سەردەمەمان، کە ئەمانەن:"ڕەگەزپەرستی وەک ئەوەی بۆ کچەکەمم شرۆڤە کرد"(ئەم کتێبە لەلایەن شاعیر و وەرگێڕ "خەبات عارف"ەوە، بەناونیشانی"ڕەگەزپەرستی چییە"وەکراوە بە کوردی و چاپ کراوە)، (ئیسلام وەک ئەوەی بۆ کچەکەمم شرۆڤە کرد) و (تیرۆریزم وەک ئەوەی بۆ کچەکەمم شرۆڤە کرد)، کە ئەم کتێبەی بەردەستتانە، بەڵام ناونیشانەکەیمان کردووە بە"بابە؛ تیرۆریزم چییە؟".
تاهیر بن جەللون لەم سێ کتێبەدا و لەشێوەی گفتوگۆدا ویستوویەتی بە زمانێکی سادە و بۆ لاوان، سەبارەت بە هۆکارەکان و دەرکەوتەکان و ڕەهەندەکانی سێ مەسەلەی زۆر گرنگی ئەم سەردەمە بدوێت، کە ئەوانیش ڕەگەزپەرستی، ئیسلام و تیرۆرن.
ئێمە ئێستا لە سەردەمێکدا دەژیین کەم ڕۆژ هەیە هەواڵی کوشتن، یان کردەوەی تیرۆریستیی تیا نەبیستین و بگرە

هەندێجار بە چاوی خۆشمان دەیبینین؛ تیرۆرێک کە ئەگەر بێتو کار بۆ بەرلێگرتنی نەکرێ، ئەوا دەبێتە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و بگرە هەموو جیهان.

بەڵام ئاخۆ تیرۆر چییە؟ کردەوەی تیرۆریستی لە مێژوودا کەی سەری هەڵداوە؟ هۆکارەکانی چین؟ پەیوەندی لەنێوان توندڕەوی و توندوتیژی و تیرۆردا چییە؟ پەیوەندیی ڕەگەزپەرستی بە تیرۆرەوە چییە؟ پەیوەندیی نێوان ئایینەکان و بەتایبەتییش ئایینی ئیسلام و تیرۆر چییە؟ ئیسلامۆفۆبیا چییە؟ جیهادییەکان کێن و چۆن دروست دەبن؟ پەیوەندیی وەهابییەکان بە تیرۆرەوە چییە؟ ئایا پێویستە خوێندنەوەی تازە بۆ قورئان بکرێ؟ ئاخۆ هەموو توندوتیژی و تیرۆرێک ئایین لە پشتیەوەیەتی؟ پەیوەندیی هەژاری و بێکاری و پەراوێزخستن بە تیرۆرەوە چییە؟ پەیوەندیی پەروەردە و فێرکردن و ژینگەی خراپ و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی بە لە پەرەدان بە توندوتیژیدا چییە؟ ئەو لاوانە کێن کە دەبنە تیرۆریست و بۆچی؟ ڕۆڵی میدیا و سۆشیال میدیا چییە لە ئاڕاستەکردنی منالان و لاوان بۆ کاری توندڕەوی و توندوتیژی؟

داعش چۆن دروست بوو و لاوانی ئەورووپی بۆ دەبن بە داعش؟ ئایا دەوڵەتی قانوون دەبێ چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببێتەوە؟ ئەی چارەسەر چییە؟

بن جەللون لەم کتێبەدا لەسەر ئەم پرسیارانە و گەلێ پرسیاری تر هەڵوەستە دەکات و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ڕوون دەکاتەوە. بێگومان ئەو، چارەسەریش لە پراکتیزەکردنی سیستمی عەلمانیدا دەبینێتەوە و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت

و خۆرۆشـــنبیرکردن و گۆڕانکـــاریی ڕیشـــەیی لە پەروەردە و فێرکردن و مەنهەجەکانی خوێندندا بە هەمـوو قۆناغەکانیەوە و برەودان بە کـاری فەرهەنگی و هـونەریی مـرۆگەرا. هەر بـۆیە ئامۆژگاریی کچەکەشی دەکات کە لە خوێندن و خوێندنەوە و خۆرۆشنبیرکردندا بەردەوام بێت و بچێت بۆ شـانۆ و گوێ لە مۆسـیقا بگرێت و وەکـو کچێک فێربێت بەرگـری لە مافەکـانی خۆی بکات لە دنیایەکدا، کە بەشێکی زۆری ژنان لە مافەکانیان بێبەش کراون.

گەرچی ئەم کتێبە زیاتر ڕووی لەو عەرەبە کۆچبەرانەیە کە لە ئەورووپـا دەژیـن، بەڵام لەڕاسـتیدا کتێبێکە، سـەرەڕای قەوارە بچـووکەکەی، پـڕە لە زانیـاری و ڕێنمـایی بەهـادار بـۆ لاوان و پێویستە هەموو لاوێک بیخوێنێتەوە، تا بە هۆکار و لایەنەکانی دیـاردەیەک ئاشـنا بێـت، کە لە ئێسـتادا بـووەتە دیـاردەیەکی ترسـناک بـۆ سـەر مرۆڤـایەتی بەگشـتی، بەم کۆمەڵگـە دواکەوتوانەی خۆرهەڵاتیشەوە.

**ئازاد بەرزنجی**

## سەبارەت بە تیرۆر چی بە مناڵەکانمان بڵێین؟

دەبێ ڕاستییان پێ بڵێین. بەتایبەتییش نابێ گاڵتەیان پێ بکەین، کە توانای ئەوەیان هەیە گوێ بۆ شتێک بگرن، هەراسانکەرە و دەتوانن ڕووبەڕووی ترسیش ببنەوە. نەک لەبەرئەوەی لە کەسانی باڵق بەهێزترن، یان پارێزراوترن، بەڵکو توانایەکیان هەیە بۆ تێگەیشتن کە وایان لێ دەکات شایانی ئەوە بن، دەشتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەیاندا بکەین بەبێ ئەوەی لە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی کارەساتبار لەسەر نەشونمایان بترسین، بەڵام بەو مەرجەی بزانین چۆن وشە و کات و شێوازی گونجاو هەڵدەبژێرین. بەپێچەوانەشەوە، درۆ و نکووڵیلێکردن دەشێ کاریگەریی خراپیان هەبێت لەسەریان و تووشی گرێی دەروونییان بکات، چونکە ناتوانین هەڵیانخەڵەتێنین، لەبەرئەوەی هەندێجار ئەو زانیارییە لەڕێی هەندێ کەناڵی ترەوە پێی دەگات، کە گەورەکان نایزانن. ڕازاندنەوەی دنیا و ڕەتکردنەوەی مەترسیی ڕووداوەکان، جا ئیتر بە نکووڵیکردن بێت لێیان، یان شاردنەوە و

ڕووپۆشـکردنیان، دەشـێ بە شـێوەیەکی کردەیـی لە ژیـانی واقیعـی دایانببڕێـت، ئەو ژیـانەی وەکچـۆن جـوانیی تێدایە و توندوتیژییشـی تێـدایە. دواجـاریش بۆیـان دەردەکەوێ کە هەڵخەڵەتێنراون و داوا دەکەن ڕاستییەکەیان پێ بوترێ.

حیکایەتەکانی شارل پیرۆ پڕن لە شتی ترسناک، هەروەها لە حیکایەتەکـانی هەزار و یەکشـەوە ترسـناکترن، ڕەنـگە هەر ئەمەش وای کردبێت مـایەی پەسـەندکردن بـن و بە درێژایـی مێـژوو خـاوەنی ڕەهەنـدێکی جیهـانی و هـاوچەرخ بـن. ئەم حیکایەتانە لە گەوهەردا سەبارەت بە ململانێی نێوان چاکە و خـراپەن، کە منـاڵان بـاش دەرکـی دەکەن و پەی بە هەمـوو ئاڵۆزییەکانی دەبەن.

لەم ڕۆژگارەشدا، خێزانەکان چەند ئاگایان لە مناڵەکانیشیان بێت، هێشتا هەر ناتوانن بەتەواوەتی لە دیمەنەکانی توندوتیژی و وەحشیگەریی ترسناک دووریان بخەنەوە، ئەو دیمەنانەی لە هەندێ یاریی ڤیدیۆیی و کلیپدا هەن، هەرچۆن سینەماش لە دروستکردنی ئەم تێڕوانینەدا بۆ دنیا بەشدارە، کاتێ کوشتن لەڕێی مشاری کارەباییەوە دەبێتە کارێکی ئاسایی، ئەمە جگە لە فیلمە ڕووتەکان، کە تاقە کلیکێک بەسە بۆ ئەوەی بە دزیی کەسوکاریانەوە بیانبینن.

ئەو هێدمە (صدمة)یەی تووشـی ئەو خێزانـانە بـوو، کە لە هێرشـەکانی کـانوونی دووەمـی ٢٠١٥دا، یـان لە هێرشـەکانی ١٣ی تشرینی دووەمدا کەسێکیان لەدەست دابوو، وەکچۆن بۆ گەورەکان هێدمەیەکی وێرانکەر بوو، بۆ مناڵانیش هەر وابوو. گەورەکـانیش وەکـو منـاڵان پێویسـتیان بە ڕوونکـردنەوەی ڕاشـکاوانە و دڵـدانەوە و تیمـارکردنی زامـی دەروون هەیە، ئەمەش لەڕێـی یارمەتیـدانیانەوە بەوەی تێیـان بگەیەنـرێ، کە

واقیــع وەکــو خــۆی قبــووڵ بــکەن، بە هەمــوو خۆشــی و ناخۆشــییەکانیەوە. ئەمەش پێویســتیی بە ســەبر و هەســتی پەروەردەیی هەیە. هەروەها پێویستیی بە تێپەڕاندنی قۆناغی هەڵچوونە بە مەبەستی گەیشتن بە گەوهەر، واتە بە تێگەیشتن لە ڕووداوەکــان. چــونکە خەم حــاڵەتێکی ســەختە و لەگەڵ تێپەڕینی کاتیشدا، سەختییەکەی زیاتر دەبێت.

لەدەستدان و نەمانی ئازیزێک، دەبێتە مایەی کۆمەڵێک برین لە ژیانی کەسێکدا، ئیتر ئەوکەسە تەمەنی هەرچەندێ بێت و سەر بە هەر ڕەگەزێــک بێــت. زۆربەی گەورەکــانیش پێویســتیان بەوەیە بە هەڵبژاردنی وشەگەلێکی باشتر و وردتر، ئەم شتە لە مناڵەکانیان بگەیەنن.

تێگەیشــتن لە مەســەلەکە ســەرەتایە بــۆ قبــووڵکردنی دۆخەکە. قبـووڵکردنیش بە مانـای لێخۆشـبوون و لەبیرچـوونەوە نـا، بەڵکو بە مانـای بەرهەڵستیی وەهـم ئەوەی کە مـرۆڤ دەتوانێ ڕووداوەکـانی ڕابــردوو بگۆڕێــت. قبــووڵکردنیش واتە ڕووبەڕووبــوونەوەی ڕاستەوخۆی شتەکان و پەیبردن بەوەی کە ژیان پیاسـەیەکی خۆش نییە هەمـوو شـتەکان تێیدا بە دڵـی خۆمـان بێت و وابـزانین هەمـوو خەڵکــی دڵیــان باشــە و میهرەبــانن و شــەهامەتیان هەیە و حەز بە خزمەتی کەسانی تر دەکەن، بەڵکو ئەوەی کە دەشێ هەرکەسێک ببێتە مایەی ئازار گەر تەنها لەبەر چێژوەرگرتنی خۆیشـی بێت، یان لەبەر هەر هۆیەکی تری نەگریس، ئەوانەی مەلێکیشیان تێدایە بۆ ئازاردانی کەســانی تــر، ئەوە لەســەر ناوچەوانیــان نەنووســراوە، بەڵکــو لە کەللەسـەرە داخراوەکەیدا ئەو شتانە لە هەموو کەسێک دەشارێتەوە، تەنانەت لە کەسانی خێزانەکەشی، کە زۆربەی کارە تیرۆریستییەکەی کوڕەکەیان، یان کچەکەیان، یەکەم جار لە هەموو کەسێک زیاتر دەبێتە مایەی حەپەسانیان.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم گفتوگـۆیە نیمچەخەیـاڵییە لەنێـوان مـن و یەکێـک لە کچەکانمـدا ڕوودەدات، شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە شێوازی قسەکردن لە کوڕەوە بـۆ کـچ دەگۆڕێـت، هەنـدێ مەســەلە هەن بەلای ئەم ڕەگەزەیـانەوە گرنگترە لەوی تریان و بەپێچەوانەشەوە.

ڕوونکـردنەوەش بە مانـای بیانووهێنـانەوە، یـان پاکـانەکردن نـــایەت، بەڵکـــو زیـــاتر یـــارمەتیی پرســـیارکەر دەدات بـــۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە شتەکە.

هەواڵنامەی کتێب

## لەو ڕۆژەدا...

- بابە، هەست دەکەم ترساوم.
- ئادەی، ئەو هەستەی خۆتم بۆ ڕوون بکەرەوە.
- من دەترسم، بەردەوام ترسێک لە دڵمدایە.
- بۆچی؟ئەندامانی خێزانەکەت و هاوڕێکانت لە دەورتن، لە هیچت کەم نییە، ئیتر ترس لە چی؟
- لەبەرئەوەی سێبەری ترسێک بەردەوام وا بەژوور سەرمانەوە، نازانم چییە. ناوبەناو هەندێ وێنەی تاریک و تەمومژاوی دێنە بەرچاوم، بەڵام ترسناکن...
- بیر لە قوربانییەکانی ١٣ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر دەکەیتەوە؟
- بەڵێ بێگومان، بەڵام هەر ئەمەش نا. بیر دەکەمەوە کە لەوانە بوو لە باتاکلان بوومایە، من یان هاوڕێکانم، ئیتر بۆیە ترسێک دامدەگرێ دەڵێی خەریکە دەمرم، بەڵام نامرم.
- ئەم ترسەی خۆت چۆن وەسف دەکەیت؟

- وەک ئەوەی بارســـتاییەکی زۆر قـــورس و زەبەلاح بێـــت و خەریکە شـالاومان بۆ بێنێت، ئێمەش زۆر بچـووک بـین و نەتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە. ئەمەش وا دەکات هەست بکەم گەرووم دەگیرێت و ناتوانم قسە بکەم، هەست بکەم خەریکە دەتاسێم و هاوسـەنگیم لەدەست دەدەم... تـرس گەلێ ڕووی هەیە... هەست بە قورسایی دەکەم، بەڵێ بە قورسـایی لەسـەر سنگم، ناشتوانم لە ئەقڵی خۆمدا لێکدانەوەی بۆ بکەم.

- ئەم ترسـە، نیگەرانییەکە، کە لە تـۆقینەوە دروسـت دەبێت و هەنـدێجار دەبێـتە مـایەی فۆبیـا. کـاتێ دووچـاری فۆبیـا دەبین،دەستەوسـان دەبین و هـیچ ئامرازێک شـک نابەین بۆ ڕووبەڕووبـوونەوە و بێچـارە دەبـین، لەگەڵیشـیدا هەسـت بە بەدبەختـی دەکەین.وامـان لـێ دێ لۆجیکمـان لاوز دەبێـت و ئەقڵمان بێتوانا. هەرچییەک بکەین هەست دەکەین لەبەردەمی هەڕەشـــەداین، لەبەرئەوەی نـازانین لەکوێـوە تونـدوتیژی پەلامارمـان دەدات. ئەمە ئەو ڕێکـارە کاریگەرەیە، کە هەندێ کەس پەنـای بـۆ دەبەن بـۆ سـەپاندنی بیروڕایـان و بـۆ دژایەتیکردنـــی شـــێوازی ژیـــان و بیرکـــردنەوەی ئـــێمە. لەبەرئەوەی لۆجیـک و یاسـا و مافیشـیان بـۆ نـالوێ،بۆیە وێرانکـــردن و مەرگ هەڵـــدەبژێرن. دەچـــنە دەرەوەی ئەو چوارچێـوەیەی کە پێـی دەوتـرێ کۆمەڵگـە شارسـتانییەکان، واتە ئەو کۆمەڵگـەیـانەی لەسـەر قبـوولکردنی بیـرۆکەی پێکەوەژیانی خەڵکە جیاوازەکان دروست بووە، بەبێ ئەوەی شەڕ لەسەر دەسەڵاتی بکەن، کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی بنیات بووە.

- کۆمەڵگەی شارستانی؟

- بەڵێ، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو کە دەتوانین لە کەشێکی ئارام و ئاسوودەدا تیا بژین و وەکو دەوترێ بەندە بەم پرنسیپەوە: من ڕێز لە مافەکانی تۆ دەگرم، تۆش ڕێز لە مافەکانی من بگرە. ئەمەش لە چوارچێوەیەکدا کە پشت بە کۆمەڵێک بەها دەبەستێت، لە ئاژەڵ جیامان دەکاتەوە. هەروەکو چۆن لە کتێبەکەشمدا سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی ڕوونم کردووەتەوە؛ هەموومان لە یەک دەچین و لە یەکیش جیاوازین. ئەگەر بمانەوێ بە ئاشتی بژیین،دەبێ ڕێز لەو یاسا و مافانە بگرین، کە بنەمای دامەزراندنی"شارستانێتی"ن. وشەی "شارستانێتی"یش لە "شار"ەوە وەرگیراوە، مرۆڤیش کە شارستانی بوو؛ واتە دەبێ هاووڵاتییەکی پابەند بێت بە پێودانەکانی شار و یاساکانیەوە، ئیتر پیاو بێت یان ژن و میراتگری هەرچییەک بووبێت لە میراتی ئەو نەوانەی پێش خۆی. پێودانەکانیش زۆرن، یاساکانیش زۆرن! هەربۆیە دەبینین کتێبی یاسای شارستانی(مەدەنی)ی فەرەنسی کتێبێکی گەورە و زەبەلاحە.

- واتە ژیار و شارستانێتی، واتە فێر بین چۆن پێکەوە بژیین و لەگەڵ یەکدا هەڵکەین؟

- بەڵێ، بگرە زیاتر لەوەش، هەروەکو سانت ئەگزۆپیری دەڵێت: "ژیار میراتییەکە لە بیروباوەڕ و نەریت و زانیاری".ڕەفتارکردنە بەجۆرێک ئەو ڕۆشنبیری و زانین و هەزرە لە هەموو ئەو شتانەدا هەبن کە دەیانکەین. نووسەرێکی تر هەیە کە ئەویش "تۆماس مان"ە، ساڵی ١٩١٨

نووسیویەتی و دەڵێت: ژیار بریتییە لە "ئەقڵ و ڕۆشنبوونەوە و میهرەبانی و نەزاکەت و گومانی مەنهەجی و ئاسوودەبوون و هزر". شارستانێتی واتە پێشکەوتن و باشبوون و بەردەوام ئایدیالی چاکە و ڕێزگرتن لە بەرامبەریش لەبەرچاومان بێت. دەشێ کەسێک هەرگیز نەچووبێت بۆ قوتابخانە، بەڵام تەواو شارستانییش بێت، بۆ نموونە وەکو دایەگەورەت. بەهاکان لەڕێی شێوازی ژیانەوە دەگوازرێنەوە، هەروەکو تۆماس مانیش دەڵێت: هزر لە هەموو ئەو شتە ماددییانە گرنگترە کە بە پارە دەنرخێرێن.

- ئەی ئەگەر ئەمە لە ئارادا نەبێت؟
- ئەگەر ئەمە لە ئارادا نەبێت، ئەوا لە توندوتیژیی کوێرانە و هێزی وەحشییانەوە دەگلێین کە کاری کوشتن و سەربڕینە. لەو ساتەشەوە کەبە کوشتن و سەربڕینی خەڵکی بێتاوان نکووڵی لە یاساکان دەکەین و ڕێز لە ژیانی مرۆیی ناگرین، دەکەوینە ناو ئەو بازنەی تۆقاندنەوە کە دژ بە پەیمانی کۆمەڵایەتییە. ئەم پەیمانەش نووسراو نییە، هێندەی مرۆڤەکان لەناوخۆیاندا لەسەری ڕێککەوتوون. عادەتەن ئێمە هەموومان دەزانین کە نابێ دزی لە کەسانی تر بکەین و دەستدرێژی بکەینە سەریان و بیانکوژین. هەر ئەمەشە وامان لێ دەکات ببینە مرۆڤ و ڕێز لەوانی تر بگرین و ئەوانی تریش ڕێزمان لێ بگرن.ئەگینا بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئاژاوە بەرپا دەبێت و یاسای دارستان حوکم دەکات، واتە یاسای بەهێزترەکان، ئەوکات نە ئەخلاق لە ئارادا دەمێنێت و نە ڕۆشنبیری و نە مرۆڤایەتی.

- هەر ئەمەشە تیرۆریزم؟
- تیرۆریست بەر لە دەستدرێژیکردنەکەی هەڕەشە دەکات. بۆ ئەوەش هەندێجار پەنا دەباتە بەر پارەکێشانەوە؟
- پارەکێشانەوە چییە؟
- بۆ نموونە، خەڵکانێک وەکو بارمتە دەگرن و پەیامێک ئاڕاستەی حکومەت دەکەن کە: "ئەگەر داواکانمان جێبەجێ نەکەن، ئەوا ئێمە شوێنە قەرەباڵغەکان دەتەقێنینەوە".
- ڕاستە، دەزانم، ئەوەم لە فیلمە سینەماییەکاندا بینیوە.
- بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەڕێی هەڕەشەوە، ڕێ بۆ توندوتیژیی زیاتر و بۆ کوشتن خۆشدەکات. وای لێ دێت ترس باڵ بەسەر هەمواندا دەکێشێت و دەوڵەتیش، چەند بەهێز بێت، لەئاستیدا دەستەوسان دەبێت. چۆن دڵنیایی بۆ خەڵک بگەڕێنینەوە؟ ئەمە قورسە. ڕەنگە دەوڵەت ناچار بێت "باری نائاسایی" لە وڵاتدا ڕابگەیەنێت، وەکچۆن فەرەنسا دوای هێرشەکانی ١٣ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥ ناچار بوو بیکات و ماوەکەشی درێژ بکاتەوە، ئەمەش ڕێ بە پۆلیس دەدات بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە دادوەری تایبەت، بچێت و ماڵەکان بپشکنێت.بەڵام دەبێ زۆر باش ئەوە بزانین کە هیچ شتێک نییە بتوانێ بە تەواوەتی ڕێ لە تیرۆریستێک بگرێت، کاری خۆی ئەنجام نەدات.
- کەواتە پێناسەیەکم بدەرێ بۆ تیرۆریزم.
- تیرۆریزم بەر لە هەر شتێک ئامراز و شێوازێکی کار و کردەوەیە. نە هزرە و نە فەلسەفەیە. پشتبەستنە بە توندوتیژی دژ بە کەسانێک یان ماڵوموڵکێک بە مەبەستی

ناچارکردنی حکومەت بۆ بەجێهێنانی داواکانی ئەو کەسانەی کە نە ڕوخساریان دەناسین و نە شوناسیان. هەندێ جار ئامانجەکانی تیرۆر بە شێوەیەکی ڕوون دیاریکراویش نین، بەڵکو بەوپەڕی سادەییەوە دەیەوێ کەسانێک بکوژێت کە کوێرانە هەڵیاندەژێرێت. بەڵام ئامانج لێی چاندنی ترسە لەناو دەروونەکاندا، تا کارێک بکەن هەموو کەسێک لەدڵی خۆیدا بڵێت:"لەوانە بوو من لەجێی ئەو قوربانییە بوومایە". ئیتر وای لێ دێ کەس لە مەترسی بەدوور نابێت و خەڵکی ناچار دەبن شێوەی ژیانیان بگۆڕن، شەوانە بۆ شەونشینی نەچنە دەرەوە، ڕوو نەکەنە ئەو شوێنە گشتییانەی کە زۆربەی جار دەبنە ئامانجی کردەوەی تیرۆریستی. بەکورتی، ژیانیان دەشێوێت و تێکدەچێت.

- تیرۆریستان لەپێناوی پارەدا ئەمە دەکەن؟

- هەر بۆ پارە نا، لەوانەیە ئامانجێکی سیاسی، یان ئایینییشیان هەبێت، یان هەر بۆ ئەوە هەوڵ دەدەن کە سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتێک تێکبدەن، لەبەر هۆکارگەلێک کە نەزانراون.

- هەر بەم شێوەیەش هاوڕێی نزیکم "لەیلا عەلەوی"[1] لە واغادۆغۆ کوژرا! لە ڕیستۆرانتێکی ئیتاڵیدا، لەگەڵ بیستونۆ کەسی تر بەوپەڕی ئاسوودەییەوە نانی ئێوارەیان دەخوارد و کوشتیانن. بەڕاستی شتێکی سامناکە!

---

[1]. لەیلا عەلەوی (١٩٨٢-٢١٠٦) ژنە وێنەگرێکی فەرەنسی بوو، باوکی مەغریبی بوو. بەکالۆریۆسی لە فۆتۆگرافیدا هەبوو. لە کاتێکدا سەرقاڵی ڕیپۆرتاژێک بوو بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبوردن، لە هێرشەکانی بۆرکینا فاسۆدا گوللەی بەرکەوت و دوای سێ ڕۆژ گیانی لەدەست دا.

- بەڵێ، لەیلا نموونەیەکی زەقی قوربانیی تیرۆرە. لە کاتی هەڵە و شوێنی هەڵەدا بوو، ئەو هەر بە بیریشیدا نەدەهات کە تیرۆریستان پایتەختی بۆرکینا فاسۆ[1] دەکەنە ئامانج.
- ئەمانە جیهادییەکانن؟
- ئەمانە کاریان کوشتن و چاندنی ترسە. بەناوی چییەوە؟ بەوپەڕی سادەیی لەوانەیە بیانەوێ بەم کردەوە تیرۆریستییانەیان ئەوەمان تێبگەیەنن، کە تێڕوانینی ئەوان بۆ جیهان تاقە تێڕوانینی دروستە.
- ئەی ئەوانەی بانگەشە بۆ جیهاد دەکەن؟
- ئەوانەی پەنا بۆ جیهاد دەبەن هەندێ نەریتی کۆن، زیندوو دەکەنەوە. ئێمە پاش کەمێکی تر باسی جیهاد و بووژانەوەی دەکەین.
- باشە، دواتر سەبارەت بە جیهاد پرسیارت لێ دەکەم، با بگەڕێینەوە بۆ ترساندن و تۆقاندن.
- بەکورتی باسی هەندێ ڕووداوی مێژوویی بۆ دەکەم. ئەنجامدانی کردەوەی ترساندن و تۆقاندن ڕەگی لە کۆندا هەیە، بۆ زیاتر دیاریکردنیشی دەتوانین بیگەڕێینەوە بۆ سەروەختی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩دا. قۆناغی نێوان ئەیلوول/ سێپتەمبەری ١٧٩٣ تا تەمموز/ یۆلیۆی ١٧٩٤یان ناو نا قۆناغی"تۆقاندن"، کاتێ حکومەتی هەڵقوڵاوی

---

[1]. بۆرکینا فاسۆ: ١٥ و ١٦ی جەنیوەریی ساڵی ٢٠١٦ کۆمەڵێک چەکدار هێرشیان کردە سەر ریستورانتی کاپۆچینۆ و سپلێندد هۆتێل لە ناوجەرگەی واغادۆغۆی پایتەختی بۆرکینا فاسۆ. لە ئەنجامدا ٢٩ کەس کوژران و ٢٠ کەسیش بریندار بوون.

شۆڕشـــی ئەو کـــاتە دەســـتی بە دژایەتیکردنێکـــی وەحشـــییانە و
دڕنـدانەی ئەوانـی کـرد، کە نـاوی لـێ نان"دوژمنـانی نـاوەکی و
دەرەکـی". ئەمە بـووە هـۆی بەرپـابوونی ڕژێمێکـی دیکتـاتۆری و
زیـادبوونی سـزای ئیعدام، بۆ نمـوونە وەکو ئیعدامکردنی شـاژن
ماری ئەنتوانێت. لەسەر حیسابی یاسا و عەدالەت ترس و تۆقین
بڵاوبووەوە، هەموانی گرتبووەوە، گومانیان لە هەر کەسێک بوایە،
دەسگیریان دەکرد و ئیعدامیان دەکرد. ترس باڵی بەسـەر هەموو
خەڵکدا کێشا، وەکچۆن ئەمجۆرە لە تۆقاندن لە سـەدەی نۆزدە و
بیستیشدا بڵاو بوو، بەتایبەتییش لە هەندێ وڵاتی ئەمەریکای لاتین
و ئەفریقادا. ساڵی ١٨٧٢ کابرایەکی ناسراو لە ڕووسیا کە ناوی"
باکۆنین" بوو،برەوی بە بیروباوەڕێک دا کە بە "ئاشووبگەرایی" یان
ئـاژاوەگێڕی ناسـرا، ئەم ڕێبـازە ڕێـزی لە هـیچ یاسـا و مافێـک
نەدەگـــرت. دروشـــمی ئەو ئەمە بـــوو"نە خـــوا و نە ئاغـــا". بە
سرووشـــوەرگرتنەوە لەم بیروبـاوەڕە، هەنـدێ لە ئاشـــووبگەران
خەڵکانێکیـان کوشـت، بەتـایبەتییش کەسـانێک کە سـەر بە چینـی
باڵادەستی کۆمەڵگە بوون. لەو ڕۆژگارەدا بەناوی خواوە، کوشتن
ئەنجام نەدەدرا، وەکو ئەوەی ئێستا جیهادییەکان دەیکەن.ئەم دوو
جۆرەی تۆقاندن چ لەڕووی مێژووییەوە و چ لەڕووی سیاسییەوە
لە یەک جیـاوازن. مەرج نییـە کەسـی ئاشـووبگەرا بگۆڕێـت بـۆ
کەسێکی تیرۆریست، بەڵام پابەندبوون بە جیهادەوە، واتە چوون
بۆ شەڕ، بۆ کوشتن، یان مردن لەپێناوی ئیسلامدا.

لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نۆزدەیەمـدا فەرەنسـا بە قۆناغێکـدا
تێپەڕی، کە بزاڤی ئاشووبگەرایی تا ڕادەیەکی زۆر چالاک بوو.
لە دیـارترین ئەو کەسـانەی نـوێنەری ئەم بـزاڤەش بـوون،
کـابرایەک بـوو نـاوی ڕافاشـۆل(١٨٥٩–١٨٩٢)، کە حـوکمی

مەرگی بەسەردا درا و بەرامبەر بەو تاوانانەی بەناوی ئەم ڕێبازەوە ئەنجامی دابوون، بە گیۆتین"میقسەڵە" ملی پەڕێنرا.
- بیرۆکەیەکی وردترم سەبارەت بە ئاشووبگەرایی بدەرێ.
- بریتییە لە نەبوونی ڕیزبەندی و ئامادەنەبوونی سەرکردایەتی. ئەوان باوەڕیان نە بە گەورە و نە بە خاوەنکار و نە دەوڵەت و نە حکومەت و نە کۆمپانیا و نە سیستم هەیە. بریتییە لە شۆڕشێکی بەردەوام دژ بە سیستم، ئیتر ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی بێت، یا دینی و یا سیاسی. گومانیان لە هەموو شتێک هەیە و هەرچی هەیە و نییە دەیڕووخێنن.
- باشە، بەڵام ئەو ئاشووبگەرایانە بۆچی پەنایان بۆ کوشتن دەبرد؟
- بۆ ئەوەی ئاژاوە و ترس بڵاوبێتەوە. ئاشووبگەرایان بە شێوەیەکی سەرەکی دەیانەوێ دەوڵەت تێکوپێک بدەن، بەڕای ئەوان، ئەم کارە لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدایە.
- بەڵام نەمانی دەوڵەت دەبێتەهۆی پاشاگەردانی.
- ڕاستە، ئەم پاشاگەردانییەش هەموو شتێک دەخاتە بەر هەڕەشە،ماڵوموڵکی خۆمان و هیی ئەوانی تریش.
- ئاخۆ دەکرێ کۆمەڵگەیەک هەبێت کەس مافی ئەوەی تیا نەبێت موڵکی هەبێت؟
- ئەمە فریوخواردنە.
- یانی چی؟
- ئەمە بیرۆکەیەکی ئایدیالیستانەیە. لەوەتەی مرۆڤ هەیە غەریزەی خاوەنداریێتییش هەبووە. ئاشووبگەرا فەرەنسی و ئیسپانییەکان دژی ئەم ڕاستییە وەستانەوە، بۆیە

هەواڵنامەی کتێب

هەڵیانکوتایە سەر خاوەن موڵکەکان و کوشتیانن. لەو کاتەدا دەوڵەت، کە دابینکەری ئاسایش و پارێزەری ماڵوموڵکی خەڵکە، هەستی کرد لەبەردەمی هەڕەشەدایە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک بەرگریی لە خۆی کرد، بەڵام لە زۆربەی کاتدا بە ڕێزگرتن لە دەوڵەتی یاسا.

- ئاخۆ دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە لەپێناوی پاراستنی خۆیدا بە ترساندن وەڵامی ترساندن بداتەوە؟

- لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە فەرەنسا و دوای زنجیرەیەک هێرش و دەستدرێژی، وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی فەرەنسا ئەم قسەیەی کرد کە دەنگی دایەوە، ئەو وتی:"دەبێ بە تیرۆر وەڵامی تیرۆریستان بدەینەوە"، واتە پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەک دەبەن بۆ لەناوبردنیان. بەڵام نا، دەبێ دەوڵەت یاسا جێبەجێ بکات و ڕێز لە هەموو بنەماکانی دەوڵەتی یاسا بگرێت. تیرۆریستان دەیانەوێ دەوڵەتی یاسا ناچار بکەن دژ بە بنەماکانی خۆی کار بکات، وەک ئەوەی بۆ نموونە پەنا بۆ هەندێ وەسیلەی نایاسایی ببات بۆ بەرگریکردن لە خۆی و ڕێز لە یاساکان و لە مافەکان نەگرێت. من پێشتر پێم وتیت کە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان پێکەوە بەئاشتی بژیین، پێویستمان بە کۆمەڵێک یاسا و پرنسیپ هەیە. خۆ ئەگەر ڕێز لەو یاسا و پرنسیپانە نەگرین و هەرکەسە بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی، ئەوا ژیانی هاوبەش و پێکەوەژیان ئەستەم دەبێت و پرنسیپی هێز و یاسای دارستان باڵادەست دەبێت.

هەولێرنامەی کتێب

- باشه، دەوڵەتی یاسا چییه؟
- دەوڵەتی یاسا یان دەوڵەتی قانوون ئەو دەوڵەتەیە کە بەپێی پرنسیپەکانی دیموکراسی و بەها بابەتییەکانی کار دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە تاکەکەسەکان لەسای ئەو یاسا و پێودانانەی بۆی نییە پێشێلیان بکات، یان بیانگۆڕێت، یان بۆ مەبەستی خۆی دەسکارییان بکات و بەکاریان بێنێت. هەروەها دەوڵەتی یاسا بۆی نییە بە هەمان ئەو توندوتیژییە کوێرانەیەی تیرۆریستەکان پەنای بۆ دەبەن، وەڵامیان بداتەوە،چونکە ناکرێ دوو جۆر عەدالەتمان هەبێت، یەکێکیان بۆ هاووڵاتییانی ئاشتیخواز و ئەوی تر بۆ ئەوانەی چەک هەڵدەگرن تا تاوانی دژ بە بێتاوانان پێ ئەنجام بدەن. ڕێساکە ئەوەیە کە دەبێ عەدالەت یەک عەدالەت بێت و پرنسیپەکان یەک پرنسیپ بن بۆ هەموان. هەر هاووڵاتییەک دەسگیر دەکرێ بە بێتاوان لە قەڵەم دەدرێ تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، یان بەسەریدا ساغ نابێتەوە. دەوڵەتی یاسا چوارچێوەی بنەڕەتیی هەموو سیستمێکی دیموکراتیکە. هەر ئەمەش دەبێتە مایەی پووچەڵکردنەوەی کارکردن بۆ ئیمتیازبەخشین و سیاسەتی چوونە سەروو قانوونەوە و گەندەڵی و چاولێپۆشین و واستە و بنەماڵەگەری.
- مەبەست لە بنەماڵەگەری چییه؟
- مەبەست لێی ئەوەیە کەسێکی فەرمانڕەوا پۆست و پێگە بەرز و هەستیارەکان ببەخشێت بە کەسانی سەر بە بنەماڵەکەی خۆی و ڕێگە نەدات ئەوانی تر دەستیان بەو

پۆست و پێگانە بگات. ئەم سیاسەتەش لە هەموو دنیادا هەیە، بەڵام لە ئەورووپادا ڕۆژنامەکان ئابڕووی ئەو فەرمانڕەوایە و ئەو سیاسەتمەدارە دەبەن کە پەنا بۆ ئەو کارە دەبات.

- ئەی دیموکراسی چۆنچۆنی ڕووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە؟
- کەواتە لەوە تێگەیشتیت کە هێشتا بەتەواوی ئامادە نەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی. تاقە ڕێگەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی قانووندا شکی دەبات، جێبەجێکردنی یاسا و عەدالەتە. دەوڵەت مافی ئەوەی نییە پەنا بۆ هەمان شێوەڕەفتاری تیرۆریستەکان ببات، بەڵکو دەبێ لەسەر چەند ئاستێک بەرامبەریان بجەنگێن، هەوڵگری و چاودێری و وریایی و دەسپێشخەری، ئەمانە ئەو شتانەن کە دەوڵەت دەتوانێ پەنایان بۆ ببات.
- ئەی کەواتە بۆچی فەرەنسا دوای ڕووداوەکانی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠١٥ باری نائاسایی ڕاگەیاند؟
- ئەمە ڕێکارێکی ئاوارتە (استثنائي)یە. دواهەمین جار کە فەرەنسا باری نائاسیی ڕاگەیاند ساڵی ١٩٥٥ بوو لە کاتی شەڕی جەزائیردا، ئەوەش وەکو وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو هێرشانەی ئەو جەنگاوەرانە ئەنجامیان دا، کە خەباتیان لەپێناوی سەربەخۆیی جەزائیردا دەکرد، کە ئەو دەمە لەلایەن فەرەنساوە داگیرکرابوو.
- مەبەستت ئەوەیە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان تیرۆریزم و سیاسەتدا؟
- وەکو پێم وتیت تیرۆریزم شێوازێکە لە کار و کردەوە، نەک هزر. پشتبەستنە بە تۆقاندن لەپێناوی کۆمەڵێک ئامانجی

سیاسی، یان ئایدیۆلۆجی، یان دینیدا. هەندێجاریش ئامانجەکە بریتـی دەبێـت لە پارەکێشـانەوە، یـان سەرانەسـەندن دوای بەبارمتەگرتن، یان بازرگانیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکانەوە، یاخود کۆیلەکردنی سێکسی، با هەندێ نموونەت بۆ بهێنمەوە: لە کـانوونی دووەم/ جەنیـوەریی ٢٠١٥دا، لە کۆگـا گەورەکـانی "کاشـیە" لە فانسـان کردەوەیەکـی تیرۆریسـتیی بەبـارمتەگرتن ئەنجـام درا، کە تێیـدا تیرۆریسـتەکان گوتـارێکی دینـی و ڕەگەزپەرستانەیان ڕاگەیاندبوو. هەڵبژاردنی ئەو شوێنەش هەر بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو تیرۆریستەکان ویستبوویان کۆمەڵێک جـوولەکە بکـوژن، وەکچـۆن پێشـتر مـحەمەد میـراح ئەوەی کردبوو، کە بەوپەڕی دەمارسارددییەوە لە تولوز لە ١٩ی ئادار/ مارسـی ٢٠١٢دا سـێ قوتـابیی جـوولەکەی کوشـت. هەروەهـا مەهـدی نەمـووش کە لە ٢٤ی ئایـار/ مـایۆی ٢٠١٤دا هێرشـی کردە سەر مۆزەخانەیەکی جوولەکە لە بەلجیکا و چوار کەسی کوشت.

پێشـتریش و لە سـاڵی ١٩٨٢دا لە شـەقامی "لی ڕۆزیێ" هێرش کرایە سـەر کۆمەڵێک جوولەکە و بووە هۆی کوشتنی شـەش کەس و برینـداربوونی بیسـتودوو کەسـی تـر. ئەم کـردەوەیە ئەبـوو نیـزاڵ ئەنجـامی دا، کە لە ڕێکخـراوی ئـازادیخوازی فەلەسـتین جیـابووبووەوە. دوای ئەوەش، سـاڵی ١٩٩٥، لەلایەن کۆماندۆسـێکی جەزائیریـی سـەر بە "کـۆمەڵەی چەکـداری ئیسـلامی"یەوە هێـرش کـرایە سـەر وێسـتگەی شـەمەندەفەری سان میشال لە پاریس و بووە هۆی کوشتنی هەشت کەس و برینـدارکردنی سـەد و حەڤدە کەسـی تر. لەو کاتـانەدا شـەڕی نـاوخۆ لەنێـوان ئیسـلامییەکان و سـوپادا هەڵگیرسـابوو. دەسـەڵاتی جەزائیـر سـاڵی ١٩٩١ ئەو هەڵبـژاردنەی ڕەت

کردبـووەوە کە ئیسـلامییەکان تێیـدا سـەرکەوتبوون، وەکـو وەڵامدانەوەیەکیش بۆ ئەم بڕیارەی پێچەوانەی دیموکراسی و یاسـایە، هەنـدێ لە ئیسـلامییەکان شـەڕیان دژ بە دەسـەڵاتی جەزائیـری ڕاگەیانـدبوو. ئەم شـەڕە نـاوخۆیە پـانزدە سـاڵی خایاند و دووسەد هەزار کەسی تیا کوژرا.

- کەواتە لە تیرۆریزمدا ئەگەری ڕوودانی هەموو شتێک هەیە؟
- بەڵێ، هەموو ئەگەرێک لە ئارادایە. پەنابردنەبەر توندوتیژیی کـوێرانەی کوشـندانە دەشـێ لەپێنـاوی سەرخسـتنی مەسـەلەیەکی سیاسـیدا بێت، یان پارەکێشـانەوە، یانیش بۆ بەدەستهێنانی هەندێ دەسکەوتی تر بێت.
- مەبەسـتت ئەوەیە کە ئەو بـارمتەگرانەی داوا لە دەوڵەتێـک دەکەن سیاسەتی خۆی بگۆڕێ، تیرۆریستن؟
- بەڵـێ، بـارمتەگرانیش وەکـو ئەوانـی تـر تیرۆریسـتن، بە جیـاوازییەکی بچـووکەوە کە ئەویـش لافلێـدانیانە بـۆ بەرگریکـردن لە نمـوونەیەکی بـاڵا کە مـۆرکێکی سیاسـی بەخۆیەوە دەگرێت. لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی گوشار دەخەنە سـەر دەوڵەت. خەڵکانی مەدەنی دەتۆقێنن تا بتوانن کاریگەری بخەنە سەر بڕیارەکانی حکومەت.
- هەنـدێجار تیرۆریـزم شـێوەیەکی سیاسـیی ڕووت بەخـۆوە دەگرێت، وانییە؟
- بەڵێ، بەمجۆرە هەندێ کۆمەڵەی بەرهەڵستکار و نەیار بەبێ هـیچ بیـانوویەک، تـاوانی کـوێرانە ئەنجـام دەدەن. هەمـوو ئامانجێکیان بڵاوکردنەوەی ترسە لەناو خەڵکدا، بەجۆرێک کە نەتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەسـەر ببەن. ڕەنگە لە هەر شـوێنێکدا نارنجۆکێـک بتەقێـتەوە، یـان لەوانەیە بکوژێـک

لوولەی ڕەشاشەکەی بکاتە خەڵکانێک، کە نایانناسێت و هیچ دەربەستیان نییە. ئیتر بەوجۆرە ترسەهەموو خەڵک دەگرێتەوە، چونکە دەشێ هەر کەسێک ببێتە ئامانج لای بکوژێک، کە بەئەنقەست و کوێرانە بەناو خەڵکدا دەسڕێژ دەکات و کەسانی بێتاوان دەکوژێ.

- تێگەیشتم، تیرۆریزم مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترسە.
- بەڵێ، نەک هەر ترس دەچێنێت، بەڵکو خۆیشی ترسناکە، چونکە پێشبینی ناکرێ، واتە شاراوەیە، نازانین کەی و لەکوێ پەیدا دەبێت. وەک ئەوەی لە ١٣ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا لە شانۆی باتاکلان و لە قاوەخانە و ڕیستۆرانتەکانی ئەو ناوە لە پاریس ڕووی دا. کەس باوەڕی نەدەکرد ئاهەنگێکی مۆسیقای ڕۆک بگۆڕێت بۆ ئەو کارەساتە، یان قاوەخواردنەوەیەک لەگەڵ هاوڕێیاندا و لە شەوێکی فێنکدا بگۆڕێت بۆ ئەو کوشتارە. لەو ١٣ی مانگەدا، تیرۆریستەکان هێرشیان کردە سەر شێوە و ژیانی خەڵکێکی شارستانی، خەڵکانێکی سەر بە نەتەوە و ڕەگەز و کولتووری جیاواز، کە پێکەوە دەژیان.هەروەها لە کانوونی دووەم/ جەنیوەریی ٢٠١٥دا هێرشیان کردە سەر نووسینگەکانی گۆڤاری شارلی ئیبدو، واتە هێرشیان کردە سەر ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین و بیرکردنەوە و وێنەکێشان، بەکورتی هێرشیان کردە سەر ئازادی.
- کەواتە مادام نازانین چۆن و کەی دەردەکەوێ، واتە ئێمە لەسای ڕەحمەتی ئەوداین. ئەمە هۆکاری ئەو ترسەمە کە بۆم باس کردیت...

- ترسان شتێکی سروشتییه. ئێمه ئادەمیزادین و بە غەریزە حەز بە مانەوە دەکەین. بەڵام دەبێ بەسەر ئەو ترسەماندا زاڵ بین. دەبێ هەریەکێک هەوڵی ئەوە بدات، پێش هەمووش ئەوانەی سیاسەتی وڵاتیان بەدەستەوەیە، چونکە لەم چرکەساتانەدا هەڵچوون سوودی نییە کاتێ کارەکە پێویست بە دانانی ڕێکارێک دەکات.
- ئەی کەواتە چار چییە؟
- دەبێ بە زووترین کات هەندێ ڕێکار بگرینە بەر، حکومەتەکانیش ئەمە دەکەن، بەڵام دەبێ بیر لە پاشەڕۆژ بکەینەوە. لێرەشەوە دەبێ فەرەنسا و هەموو ئەو وڵاتانەی بوونەتە قوربانیی تیرۆر، بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە و چاو بە پەیوەندییەکانیاندا بخشێننەوە، چ لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و چ لەگەڵ ئەوانەی ئاژاوە دەنێنەوە لەناو فەرەنسادا.لەم بارودۆخەی ئێستاشدا، کاتێ فەرەنسا باری نائاسایی ڕاگەیاند و ماوەکەی درێژ کردەوە، بەو کارە بواری بۆ خۆی ڕەخساند بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین لەلایەن پۆلیسەوە هەرکاتێ پێویست بکات. ئەمەش بووە مایەی دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتییان، بەڵام هەروەکو پێشم وتیت، نابێ دەوڵەت سنووری یاسا ببەزێنێت. نابێ پەیڕەوی لە هەمان ئامراز و سیاسەتی تۆقاندنی تیرۆریستەکان خۆیان بکات بەرامبەریان. گرنگ ئەوەیە پێش هێرش و ڕووداوەکان بکەوێ، بەوەی دەزگاکانی هەواڵگری بخاتە گەڕ و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بکات، کە بایەخ بەم کارەساتە دەدەن. دەبێ بەدوای ڕەگوڕیشەکانی ئەو تیرۆرەدا

بگەڕێت و هۆکارەکانی بدۆزێتەوە، تەنانەت گەر بۆ مێژوویەکی دووریش بگەڕێتەوە. دەبێ بزانێ تیرۆر چۆن لەدایکدەبێت و بۆچی خەڵکانێک لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ وڵاتان و دەوڵەتاندا شێوازی تیرۆر هەڵدەبژێرن.

- بەتەنها باری نائاسایی بەس نییە؟

- وەڵامدانەوەیەکی خێرایە بەڵام بەتەنها ئەوە بەس نییە. پاشان دەبێ وریا بین، چونکە وەکو ئاشکرایە لە هزری بەشێک لە فەرەنسییەکاندا هەموو موسڵمانێک و هەموو عەرەبێک قابیلی ئەوەیە ببێت بە کەسێکی جیهادی. هەربۆیە ڕێکخراوی "هیومەن ڕایتس وۆچ" تانەی لە پێشێلکارییەکانی پۆلیس گرت لەکاتی پشکنینەکانیاندا، بەتایبەتییش لە دەوروبەری شار، بۆیە لە ١٣ی شوبات/ فێبروەریی ٢٠١٦دا ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی"فەرەنسا و پێشێلکارییەکان لەسای باری نائاساییدا" بڵاوکردەوە و تیا هاتبوو:"لەبەرئەوەی ئەو بیانوانەی حکومەت دەیانهێنێتەوە بۆ درێژکردنەوەی باری نائاسایی، ئەمە جگە لەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە کەسانی بەئامانجکراو و ڕەنگدانەوەی لەسەریان، ئەنجامی دەدات، کە زۆربەیان موسڵمانن، داوا دەکەین ئەم بارە نائاساییە چیتر درێژ نەکرێتەوە، وەکچۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەبێ مۆڵەتی یاسایی پێویست هەبێت بۆ چاودێریکردنی ڕەفتاری پۆلیسەکان، ئەمەش بەمەبەستی وەدیهێنانی باشترین چاودێریی پێویست".

- بەڵێ، بێگومان، هەموو خەڵکی لەبەردەمی هەڕەشەدان، موسڵمانەکانیش. بەڵام ئاخۆ بەتەنها تیرۆریزمێک هەیە کە

ئەویش تیرۆریزمی ئیسلامییەکانە؟ پاشان، بنەڕەتی ئەم تیرۆریزمە چییە؟

- پێشتر پێم وتیت کە بۆ نموونە ئاشووبگەراکان خەڵکانێکی خاترجەم دەکوژن بۆ ئەوەی گورز لە دەوڵەت و سیستم و پۆلیس و سوپا بوەشێنن. ئەوان، جگە لە فەرەنسا، توانییان ترس لە ئیتاڵیا و ئیسپانیاشدا بچێنن. لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٣دا، لەژێر کاریگەریی هزری ڕێبازی ئاشووبگەراییدا، کە بەسەر هەندێ لە ئەندامانی سەندیکاکاندا زاڵ بوو، ئەوانەی دەیانویست تۆڵە لە سوپا و پۆلیس بکەنەوە، بەرشەلۆنە بووبوو بە گۆڕەپانێک بۆ تیرۆر و ڕۆژ نەبوو سی کەسی مەدەنی نەکوژرێ. بەڵام لەگەڵ ئەو کودەتا سەربازییەدا کە ژەنەراڵ پریمۆ دی ڕیڤێراسەرکردایەتیی کرد، ئەو قۆناغی ترس و وێرانکارییە کۆتایی هات، گەرچی ئەویش لەدوای ١٩٢٣وە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی قایمی بەسەر ئیسپانیادا سەپاند. ئەو دروشمەی کە لە نێوەندی ئاشووبگەراکاندا باو بوو، بریتی بوو لە دروشمی"بژی مەرگ"، ئەمەش خاڵی هاوبەشیانە لەگەڵ جیهادییەکانی ئەمڕۆدا، چونکە ئەوانیش هەمان دروشمیان هەڵگرتووە، مەرگی خۆیان و بەتایبەتییش مەرگی خەڵکانێکی بێتاوان و نەناسراو. پشتبەستن بە تیرۆر، واتە پشتبەستن بە شێوازێکی توندڕەوانە بۆ سەپاندنی بیروباوەڕ (دینی بێت یان سیاسی) و دەرچوون لە یاسا و خۆدزینەوە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەو پەیمانی کۆمەڵایەتییەی کە دەبێ ئەمن و سەلامەتی بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکات. تیرۆریستان ددان بەم پەیمانەدا نانێن، بەڵکو

بێ هیچ قەیدوبەندێک پێشێلی دەکەن وەختێ دەستیان دەچێتە کوشتنی خەڵک، وەکچۆن هەندێ لە جیهادییە فەرەنسییەکان ئەو کارەیان کرد و پاسپۆرتەکانی خۆیان سووتاند و ئەو شریتە ڤیدیۆییەیان بڵاو کردەوە کە تێیدا تەحەدای نیشتمانەکەی خۆیشیان دەکەن.

- ئەی سەبارەت بەو نەرویجییە چی دەڵێیت کە ژمارەیەکی زۆری لە خەڵک کوشت؟ ئاخۆ هاندەری پشت ئەو کارە تیرۆریستییەی ئەویش، هاندەرێکی دینی بوو؟

- مەبەستت لە ئەندرس بیهرینگ بریڤیک-ە. نەخێر، ئەوە کردەوەیەکی تاکەکەسی بوو، کە لە ٢٢ی تەمموز/یۆلیۆی ٢٠١١دا ئەنجامی دا. هاندەرەکانی ئاڵۆز بوون و تا ئێستاش بەتەواوی ڕوون نەبوونەتەوە. هەر خۆی بەتەنیا و بێ ئەوەی هیچ کەسێکی تری لەگەڵدا بێت، پلانی بۆ ئەو کردەوەیەی دانا و توانیی ٧٧ کەس بکوژێت و ١٥١ کەسیش بریندار بکات، حوکمی زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا. ئەم حاڵەتەی ئەو لە حاڵەتی ئەندامانی ئەو ڕێبازە ژاپۆنییە دەچێت کە لە ٢٠ی ئادار/ مارسی ١٩٩٥دا گازی سارینی ژەهراوی و کوشندەیان بەناو تونێلەکانی میترۆی تۆکیۆدا ڕشت و ئەوەش بووە هۆی مردنی ١٢ کەس و بریندار بوونی ٥٥٠٠ کەس. ئەم تۆقاندنەش هیچی لەوەی پێشوو کەمتر نییە. لەبەرئەوەی ئەنجامدەرانی کەسانێکن لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و هەواڵگرییەوە نەناسراون. هەربۆیە پێشوەخت زانینی ئەم هێرشانە کارێکی مەحاڵە. هەمان شت بەسەر ئەو مەغریبییەشدا دەچەسپێ، واتە عادل

عوسـمانی، کە بـۆمبێکی لەخـۆی بەسـت و ٢٨ی نیسـان/ ئەپریلـی ٢٠١١ لە قاوەخـانەیەکی میللـی لە ئەرغانـا، لە مزگەوتـی فەنـا لە مەراکـیش خـۆی تەقانـدەوەو بـووە هـۆی کوشتنی ١٧ کەس و بریندارbوونی ٢٠ کەسی تر.

- باشـە چـی وا دەکـات ئینسـان بگـاتە ئەم ڕادەیە لە شـێتی و بڕیـاری ئەوە بـدات خەڵکانێـک بکوژێـت، کە نایانناسـێت و ناشزانرێ بۆ دەیانکوژێت؟

- هەندێ کەس باس لە "هیچگەرایی- نیهیلیزم یان عەدەمییەت" دەکەن، کە ڕێبازێکە هەموو شتێک بە هیچ لە قەڵەم دەدات و ژیـان ڕەت دەکـاتەوە و لە ڕوانگەیەکـی نەرێنیـیەوە حـوکم بەسەر هەموو شتێکدا دەدات. لەم ئاستەشدا لۆجیک و ئەقڵ و چاکە نامێنێت، بەپێچەوانەوە شتێک باڵادەست دەبێتن کە مـن نـاوی دەنێم"تینـوویێتی بـۆ خـراپە"، خـراپەی ڕەهـای وێرانکەر و بێبیـانوو، ئەگەر نەڵێم تـا ئەوپەڕی ڕادەستبوون بە غەریـزەی مەرگ. بەڵام جیهادییەکـان هـیچگەرا نـین، خەڵکانێـک نـین بێئومێـد بـووبن و نائومێـدی و بێهـوودەیی تێکیشـکاندبن. هەروەهـا شـێتیش نـین. ئەوانە بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجێـک کـار دەکەن و لەپێنـاوی سەرخسـتنی نمـوونە و ئایـدیالی خۆیانـدا تێدەکۆشـن، کە خـۆی لە "دەوڵەتـی ئیسلامی"ی پەتیدا دەبینێتەوە، کە نابێ هیچ دەسەڵاتێکی تیا بێت جگە لە دەسەڵاتی ڕەهای خودا.

- ئاخۆ ئەوە ململانێی نێوان چاکە و خراپەیە؟

- مەسەلەکە کەمێک لەوە ئاڵۆزترە. زۆرجار دەوترێ کە تیرۆر چەکـی دەسـتی لاوازەکـان و چەوسـاوەکان و خەڵکـانێکی

شکستخواردووە، کە بۆ نموونە ناتوانن وڵاتەکەیان لەژێر دەستی دەوڵەتێکی داگیرکەر ڕزگار بکەن. گەلێ لە میللەتان لەپێناوی ڕزگارکردنی وڵاتەکەیاندا پەنایان بۆ تیرۆر بردووە، بەڵام ئەمە لەڕووی ئەخلاقییەوە لەگەڵ تاوانی جیهادییەکاندا بەراورد ناکرێ.

دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان تیرۆری کوێرانەی ناڕوون و ڕەتکراوە و خەبات لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان و هەوڵی هێزەکانی بەرەنگاریی داگیرکردندا.لە بەرەنگاریدا ئابڕوومەندی و جوامێرییەک هەیە، بەڵام لە تیرۆردا ترسنۆکی و نەگریسی هەیە.

- کەواتە بەڕای تۆ شتێک هەیە پێی بوترێ تیرۆری"پاک"؟
- نەخێر، هەرگیز. وریا بە، نابێ بە هیچ جۆرێک تیرۆر و بەرەنگاری تێکەڵ بە یەک بکەین. پیاوان و ژنانێک لە هەندێ دۆخی مێژوویدا ناچار بوون بۆ گەیاندنی دەنگیان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. بێگومان ئەمەش شتێکی ڕەوا نییە، بەڵام مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا ڕەتی کردووەتەوە کۆیلە بێت و ئازادی و کەرامەتی لێ زەوت بکرێ، بۆیە شۆڕشی کردووە و پەنای بۆ ڕادیکاڵترین بژار بردووە. وشەی "بەرەنگاری" لە "بەرەنگاربوونەوە"وە هاتووە، واتە "ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگوچەڵەمە"، بەڵام وشەی"تیرۆر-تۆقاندن" لە "تۆقین"ەوە هاتووە، کە بەمانای ترساندنێکی زۆر دێت، هەر بۆیە نابێ بە یەک چاو سەیری تیرۆر و بەرەنگاری بکەین. دیسانەوە دەمەوێ پێت بڵێم کە تیرۆر شێواز و ڕێکاریکە، نەک هزر و فەلسەفەیەک. زۆرجار بەرەنگاری بەناچاری مل بۆ توندوتیژی دەدات تا هەندێ

بەهـــای وەکـــو کەرامەت و عەدالەت و یاســـا بســـەپێنێت، بەڵام تیرۆریـزم، نەک هەر گـاڵتەی بەو بەهایـانە دێـت، بگـرە پەنـا بـۆ کوشتن و وێرانکردن دەبات، با لە پشتی ئەو کردەوانەشیانەوە ئەو شتە هەبێت، کە بە "ئایدیال"ێکی دەزانن. لەبەرئەوە چەند جۆرێک لە تیرۆریزم هەیە. کاتێک فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە داگیر کرابوو، هێزی بەرەنگاریی فەرەنسی هێرشەکانی خۆی بۆ سەر نازیستەکان چڕ کـردەوە، بـۆ نمـوونە نارنجۆکیـان دەگـرتە کاربەدەستانی داگیرکەران. هێرشیان نەدەکردە سەر خەڵکانی سیڤیل، بەڵکو هێرشیان دەکردە سەر سەربازەکانی دوژمن و ئەوانەی هاوکارییـــان دەکـــردن، واتە هەڵبـــژاردنەکە لەنێـــوان بەرەنگـــاری و ملدانـــدا بـــوو بـــۆ داگیرکـــردن، هەنـــدێکیش هاوکاریکردنیـــان هەڵبـــژارد. ئەڵمانیـــای نازیســـت و نازیســـتە هاوکارەکانیـان، بە حکـومەتە یەک بەدوایەکەکانیشـیانەوە، هێـزە بەرەنگارەکانیان بە تیرۆریست هەژمار دەکرد. بەڵام لە ئێستادا مێژوو بە کەسانێکی بەرەنگاریان لە قەڵەم دەدا، واتە کەسانێک کە لەپێنـاوی کەرامەت و ژیـارەکەی خۆیانـدا خەباتیـان کـردووە. ئەوەشت بیر نەچێت، بەدرێژایی مێژوو ئەو هێزە بەرەنگارانە بە تیرۆریســت هەژمــار کــراون، لەلایەن هێـزی دەســەڵاتدار، یـان داگیرکارەوە.

- تۆ دەبێ وریا بیت، چونکە خەریکیت بیانوو بۆ پەنابردنە بەر تیرۆر دەهێنیتەوە! بەم مانایە دەتەوێ بڵێیت کە "تیرۆریزمی باش" و "تیرۆریزمی خراپ" هەیە؟
- ڕوونکـردنەوە بە مانـای بیانووهێنـانەوە نییـە. بەڵام مێـژوو هەنـدێ دۆخـی زۆر خراپـی بەخـۆیەوە دیـوە، کە تێیـدا

ئۆپۆزسیۆن بەناچاری پەنای بۆ تیرۆر بردووە، لەبەرئەوەی بەرەنگاریی ئاشتیخوازانە و ناتوندوتیژ، گەرچی ڕەهەندێکی زۆر بالآیان تیایە، بەڵام هەمیشە کاریگەر نین. بڕوانە ئەم نموونانە:

بەشێک لە ئێرلەندییەکان بەدرێژایی دەیان ساڵ بە چەک شەڕیان لەگەڵ ئینگلیزدا کرد. هەروەها کاتێ ئینگلیز، فەلەستینیان داگیر کرد، جوولەکەکان پەنایان بۆ توندوتیژی برد.لە ٢٢ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٤٦دا ڕێکخراوی "ئێرگۆن" هێرشیان کردە سەر هۆتێلی شا داوود لە قودس، ٩١ کەسی تیا کوژرا. لە ١٢ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٤٧یشدا هەمان ڕێکخراو لەبەردەمی باب دیمەشقدا لە قودسی کۆن، ئۆتۆمبێلێکی بە بۆمب چێنراویان تەقاندەوە، کە بوو هۆی کوشتنی ٢٠ کەسی سیڤیل. ئەم هێرشانە بەردەوام بوون تا ئینگلیز ئەوێی جێهێشت. لە ١٧ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ١٩٤٨یشدا، تیمی کۆماندۆسی سەر بە ڕێکخراوی "شتێرن"، کۆنت برناردۆتی ناوەندیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی کوشت. هەموو ئەم کردەوانە ڕۆڵیان هەبوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا.ئینجا نۆرەی فەلەستینییەکان هات لە پەنابردندا بۆ هەمان ئەو شێوەکردەوانەی جوولەکە،لەپێناوی ڕزگارکردنی فەلەستیندا، ئەمەش لە ساڵی ١٩٦٧ەوە دەستی پێ کرد.

لە شەڕی جەزائیریشدا حکومەتی پاریس ئەو جەزائیرییانەی بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدا کە لەپێناوی سەربەخۆیی جەزائیردا چەکیان هەڵگرتبوو. "فرانسوا میتران" کە ئەودەم وەزیری ناوخۆ بوو، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە "جەزائیر فەرەنسایە"، تەنانەت ئەو بەڵگەنامەیەش، کە وەزارەتی داد دەریکردبوو و تێیدا داوای ڕای حکومەتیان دەکرد،میتران

ئیمزای کرد بۆ لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕەکان بەو سیفەتەی تیرۆریستن.

- میتران شتی وای کردووە؟

- بەڵێ، فەرمانی دا بە لەسێدارەدانی هەموو ئەو جەزائیرییانەی کە لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا خەباتیان دەکرد. وەکو خانمی مێژوونووس "سیڵفی تینۆ"ش دەڵێت، لەکاتی شەڕی جەزائیردا ۱۹۸ زیندانیی سیاسی لە سێدارە دران، یەکێک لەوانە زیندانییەکی فەرەنسی بوو، کە ناوی فیرنان ئیفتۆن بوو. ئەوکات "پیار منداس فرانس" کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئەو بڕیارەی ئیمزا نەکرد. ئەمەشە جیاوازیی نێوان ئەو دوو سیاسەتمەداریە. لەڕاستیدا دواتر، وەختێ فرانسوا میتران بوو بە سەرۆککۆمار، بە ڕای ڕۆبیر بادنتەری کرد و پرۆژەیاسایەکی بۆ نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی کرد.

- بەڵێ، بەڵام ئەوە لە سەروبەندی شەڕدا بوو، ئێستا فەرەنسا لە شەڕدا نییە.

- نەخێر،ئێستا فەرەنسا لە حاڵەتی شەڕدا نییە! ترسی هەیە، بەڵام شەڕ ناکات! ئێستاش پرسیارێکی گرنگت لێ بکەم؛ ئاخۆ جەنگاوەرە فەلەستینییەکانیش تیرۆریستن؟

- لە ڕوانگەی دەوڵەتێکی وەکو دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، هەموو ئەوانەی بە هێزی چەکدارەوە ڕووبەڕووی داگیرکردن و بەزۆر نیشتەجێکردنی جوولەکەکان بوونەتەوە، لە هەندێ شوێندا، تیرۆریستن، واتە خەڵکانێکن کە تاقە ئامانجیان لەو چوارچێوەیەدا کوشتنی جوولەکەیە. ئەمەش کاردانەوەیەکە

لەگەڵ لۆجیکی دەوڵەتێکدا دەگونجێ کە دوای "جەنگی شەش ڕۆژە" لە حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٦٧دا هەندێ زەویی داگیر کردووە. هەروەها دەمەوێ ئەوەت بیربخەمەوە کە ساڵی ١٩٩١ هەریەک لە سووریا و ئیسرائیل بە "دەوڵەتی تیرۆریست" ناوی یەکیان دەبرد. با بڵێین لەبری قایلبوون بە دانوستان لەپێناوی ئاشتیدا، هەمیشە ئەوەی بەهێزترە ئەو سیاسەتە جێبەجێ دەکات، کە پێی دەڵێن"سیاسەتی ئەمری واقیع" و هەموو ئەوانە بە "تیرۆریست" لە قەڵەم دەدات، کە لەپێناوی ڕزگارکردنەوەی خاکەکەیان خەبات دەکەن.

- بەڵام بۆ؟

- لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ددان بە فەلەستیندا نانێت، وەکچۆن هەندێ لە فەلەستینییەکان لە بەڵگەنامای خۆیاندا دەستەواژەی"لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل"یان بەکارهێناوە، بەڵام بەشێکی تر لە فەلەستینییەکان ئەم دەستەواژەیەیان ڕەت کردووەتەوە و بە دانوستان لەگەڵ ئیسرائیلدا قایل بوون. گەرچی ئەمەش نەبووەتە مایەی بەدەستهێنانی شتێکی کۆنکرێتی بۆ گەلی فەلەستین. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە هەموو ئەو فەلەستینییانەی لەپێناوی گەڕاندنەوەی ئەو خاکانەدا دەجەنگنو کە ئیسرائیل داگیری کردوون، تیرۆریستن. بۆیە ئیسرائیل ددان بە ڕەوایەتیی خەباتی فەلەستینییەکاندا نانێت. شایانی باسە هەندێ لە فەلەستینییەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەنایان بۆ توندوتیژی برد و هەندێ کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام دا، تا ئیسرائیل ناچار بکەن ددان بە مافەکانی گەلی فەلەستیندا

بنێـت. ئەوە بـوو فرۆکەیـان ڕفانـد تـا "مەسـەلەی فەلەسـتین بخەنە بەرچاوان و بە ڕای گشتیی خۆرئاوای بگەیەنن"، وەکو یەکێک لە بەرپرسە فەلەستینییەکان ڕایگەیاند.

- ئادەی بۆم باس بکە.

- لە ٥ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ١٩٧٢دا کۆمەڵێک فەلەستینی لە یارییە ئۆڵۆمپییەکانی هاویندا لە میونیخ، چەند وەرزشکارێکی ئیسرائیلییان بە بارمتە گرت کە لە یارییەکاندا بەشدار بوون. ئەم کـۆمەڵە فەلەسـتینییە سـەر بە ڕێکخـراوی ئەیلـوول/ سـێپتەمبەری ڕەش بـوون، بەنـاوی ئەو کوشـتارەوەی کە لە ئەیلـوول/ سـێپتەمبەری سـاڵی ١٩٧٠دا لە ئـوردون بەسـەر فەلەستینییەکاندا هـات. لەو کردەوەیەدا، یانزدە وەرزشکاری سـەر بە تـیمەکەی ئیسـرائیل و پۆلیسـێکی ئەڵمـانی کـوژران، هەروەهـا پێـنج فەلەسـتینییش. دواتـر فەلەسـتینییەکان دەسـبەرداری ئەمشـێوەیە لە ڕووبەڕووبـوونەوە بـوون، کە زیانی بە مەسەلەکەیان گەیاند، واتە مەسەلەی سەربەخۆییان. بەڵام بەشـێکیان، بەتـایبەتییش ئەوانەی لە غەززە دەژیـن، تـا ئێسـتا پێیـان وایە تـاقە شـێواز بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی نـاوچە داگیرکراوەکانیـان، هێرشـکردنە سـەر هـاووڵاتییە سـیڤیلە ئیسـرائیلییەکانە. بـۆیە هـاوینی سـاڵی ٢٠١٤ بەشـێک لەو فەلەستینییانەی لەژێر گەمارۆدا جێنشینن لە غەززە، ڕاپەڕین و مووشـەکیان گـرتە باشـووری ئیسـرائیل. ئەمـانە سـەر بە بـزووتنەوەی حەماسـی ئیسـرائیلین، کە لە دەسـەڵاتی فەلەسـتینی جیـابوونەتەوە، پشـت بە سیسـتمێکی دینـی نابەسـتێت. ئیسـرائیلیش بەتونـدی وەڵامـی دانەوە، بەوەی

بۆردوومـانێکی چـڕی کـردن و بـوو هـۆی (بەپێـی ئامـاری نەتەوە یەکگرتووەکـــان) کوشـــتنی ٢١٠٤ فەلەســـتینی، کە ٤٩٣یـان کوڕی منـاڵ بوون، هەروەهـا ٧٠ ئیسرائیلییشـی تیـا کوژران، کە شەشیان سیڤیل بوون.

لەم دەوڵەتەدا سیاسـەتمەداران و بەشـێک لە ڕۆژنامەنووسـان وایـدەبینن کە ئەو فەلەسـتینییانە هێـزی بەرهەڵسـتکار (یـان بەرەنگـار) نـین، بەڵکـو تیرۆریسـتن. هەڵـبەتە جیـاوازی لە بیروبۆچوونیشدا هەیە سەبارەت بەم خاڵە. لە تشرینی دووەم/ نـۆڤەمبەری سـاڵی ١٩٧٤دا یاسـر عەرەفـات، کە سـەرۆکی ڕێکخـراوی ئـازادیخوازی فەلەستین بـوو، لە وتارێکیـدا کە لە نەتەوە یەکگرتووەکـــان خوێنـــدیەوە، وتی:"نـــابێ ئەوانە بە تیرۆریسـت لە قەڵەم بـدرێن کە بەرگری لە مەسـەلەیەکی ڕەوا دەکەن و لەپێناوی ئازادیی وڵاتی خۆیاندا دژ بە داگیرکەران و زەوتـکەران خەبـات دەکەن". بەڵام تـا ئێسـتاش دەسـەڵاتی فەلەستینی باوەڕی بە گفتوگۆ هەیە لەگەڵ ئیسرائیل، گەرچـی بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتوون.

- باشـە، ئەوەندەی لەو قسـانەی پێشـووت تێگەیشـتبێتم، مانـای وایە تیرۆر بەتەنها بە ئیسلامەوە بەند نییە.
- ئەوەی ئەمـــڕۆ لە دنیـــادا هەرای نـــاوەتەوە تیرۆریزمـــی ئیسـلامییە، لەبەرئەوەی پەلوپـۆی بـۆ هەمـوو شـوێنێکی دنیـا هاویشتووە. ئەگینا گەر بمانەوێ ورد بین، بۆ نموونە هەندێ کەمایەتیی ئیسلامی هەن، بەتایبەتییش لە بۆرما و هیندستان، کوشـت و کوشـتاریان بەسـەردا هـاتووە. سـاڵی ٢٠٠٢ لە نـاوچەی گوجـارات لە هیندسـتان کوشـتارێکی تەگبیربـۆکراو بەرامـبەر بە موسـڵمانەکانی ئەوێ ئەنجـام درا. لە ئـادار/

مارسی ٢٠١٣یشدا لە بۆرما، هەمان شت ڕووی دا (کە لە سەدا چواری ژمارەی دانیشتوان پێکدەهێنن لە کۆی ٥٥ ملیۆن کەس). لە ٢ی ئادار/ مارسی ٢٠١٤دا هەندێ لە سەربەخۆییخوازانی ئیگۆر هێرشیان کردە سەر وێستگەی شەمەندەفەری "کۆنمینگ" لە چین ٢٩ کەسیان کوشت. بەڵام ئەوەی وتت ڕاستە، هەموو تیرۆریستەکانی مێژوو سەر بە دینی ئیسلام نین.

- ئەی لایەنگرانی بزووتنەوەی حەماس، بەرهەڵستکارن، یان تیرۆریستن؟

- وەکو پێم وتیت، بزووتنەوەی حەماس لە غەززە ئیسلامین. ئەوانە فەلەستینین و بەناوی ئیسلامەوە شەڕ دەکەن، خۆیان بە تیرۆریست نازانن، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە هەموو فەلەستینییەکان ئیسلامی نین، بەڵکو هەندێکیان مەسیحین و هەندێکیان عەلمانین و هەندێکیشیان بێباوەڕن. لەوانەیە ئێمە لەگەڵ ئەو شێوازە خەباتەی ئەواندا نەبین، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێتکە خەڵکی غەززە لەژێر گەمارۆدا دەژین و پێیان قبووڵ ناکرێ لەسای داگیرکەردا بن. ئیسلامیان کردووە بە مەرجەعیەت و بەناوی ئیسلامەوە بەرەنگاری دەکەن.

- باشە بۆچی ئیسرائیل ئەو قۆناغەی بیر ناکەوێتەوە کە جوولەکەکان هێرشیان دەکردە سەر ئینگلیز؟

- هەر ئەوەندەی دەوڵەتی ئیسرائیل نکووڵی لە عەدالەتی مەسەلەی فەلەستینی بکات، ئیتر جەنگاوەرەکانی بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدات، تا هەموو شەرعییەتێکیان لێ دامالێت.

- ئەی لە وڵاتانی تر دۆخەکە چۆنە؟
- لە نایجیریا ڕێکخراوێکی هەمەجییان دامەزراندووە، ناویان ناوە"بۆکۆ حەرام"، کە مانا حەرفییەکەی واتە"کولتووری خۆرئاوا حەرامە". ئەمانەش بەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن. لە ١٤ی نیسان/ ئەپریلی ٢٠١٤دا، ٢٧٦ کچی قوتابیی ئامادەییان لە شیبوک بە بارمتە گرت و هەندێکیان وەکو بەندەواری سێکسی فرۆشت. ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ ژمارەی قوربانییانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستە بە ٤ هەزار قوربانی دەخەمڵێنن.ئەمە جگە لەوەی بۆکۆ حەرام دوو زیاتر لە دوو هەزار ژن و کچی ڕفاندووە و بازرگانیی کۆیلەیی و سێکسیی پێوە کردوون.
- باشە ئیسلام ڕێگە بە تیرۆر دەدات؟
- هیچ دینێک نییە ڕێگە بە کوشتنی خەڵکی بێتاوان بدات، ئەو ئیسلامەی بۆکۆ حەرامیش لافی پێوە لێ دەدات، پەیوەندیی بە دینی پێغەمبەر محەمەدەوە نییە، چونکە لەو دینەدا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ڕێگەدان بە ڕفاندنی ئافرەتان و فرۆشتنیان وەکو کۆیلە. کاتێ خۆی فەرەنسا کۆمەڵێک شەڕی دینیی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتییش لە سەدەی شانزدەدا (نزیکەی ساڵی ١٥٦٣) لەنێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتدا. لەو شەڕانەدا کوشتاری گەورە دەرهەق بە خەڵکی بێتاوان کراوە. دەتوانیت لە هەندێ کتێبی مێژووییدا وێنەی ئەشکەنجەدانی کاسۆلیکەکان ببینیت لەلایەن پرۆتستانتەکانەوە. بەڵام لە سەردەمی دادگاکانی پشکنینیشدا خەڵکانێکی زۆری غەیرە کاسۆلیک سووتێنراون. هیچ دینێک

نییە ڕێ بەمجۆرە قەسابخانانە بدات، بەڵام لە مێژووی ئەم دینە یەکتاپەرستانەدا ئەمانە ڕووی داوە.

با بچینەوە سەر باسی ئەوەی کە لەم ڕۆژگارەدا ڕوودەدات. ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) بەو تاوان و کردەوەدزێوانەی کە لە سوریا و عیراق و هەندێ وڵاتی تر ئەنجامیان دەدات، زۆر بۆکۆ حەرامی تێپەڕاندووە. بگرە بۆکۆ حەرام وەلائی خۆی بۆ داعش ڕاگەیاند و بەیعەی بە ئەبووبەکر بەغدادی دا کە ساڵی ٢٠١٤ خۆی وەکو خەلیفەی موسڵمانان ناساند و بوو بە خەلیفەی"دەوڵەتی ئیسلامی".

- ئەی بۆچی تاوانکارەکانی کانوونی دووەم/ جەنیوەریی ٢٠١٥ و ١٣ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، خۆیان وەکو ئیسلام ڕاگەیاند؟ وەکو بیرم بێت، بکوژانی ڕۆژنامەوانەکانی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ هاواریان دەکرد:"تۆڵەی پێغەمبەرمان کردەوە" لەکاتێکدا بکوژەکانی باتاکلان هاواریان دەکرد"ئەڵلاهو ئەکبەر"...

- دەیانەوێ ئەو مۆرکە بە کردەوەکەیان ببەخشن. ئەوان لافی ئەوە لێدەدەن کە دەیانەوێ دینی ئیسلام لە دنیادا بڵاو بکەنەوە، کە لەڕاستییشدا شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە ئیسلام نازانن، بەڵام هەر ئەوەندەی لێ دەزانن کە ئایەتێکی قورئان بڵێنەوە و پاکانەی کردەوەکانی خۆیانی پێ بکەن و بەیعە بە بەغدادی بدەن. ئەم کابرایەش، واتە بەغدادی، کە پێشتر لە عیراق زیندانی بووە، خەونی ئەوەی هەیە دەوڵەتێک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام دابمەزرێنێت.

- شەریعەت چییە؟

- شەریعەت بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا و سوننەت، کە پێویستە کۆمەڵگەی موسڵمان جێبەجێیان بکات، بە بڕینەوەی دەستی دز و بەردبارانکردنی ئافرەتێکیشەوە، کە بە سۆزانی تاوانبار دەکرێ.
- ئامانجی بەغدادی چییە؟
- ئەو دەیەوێ"ئۆمەتی خوا بژێنێتەوە"، بۆ ئەوەش ئامادەیە سەری ئەو کەسانە ببڕێت کە ئەو بە "کافر"یان لەقەڵەم دەدات و بە کامێراش وێنەیان بگرێت و پیشانیان بدات تا ترس و تۆقین بە دنیادا بڵاو بکاتەوە. ئامانجی باڵاشی بریتییە لە سەپاندنی هەژموونی مەزهەبی سوننی (کە بەشێکن لە ئیسلام) بەسەر هەموو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا.
- ئەی بۆچی خەڵکی بێتاوان دەکوژێت؟
- شەڕکەرەکانی داعش کە بە بەرەکانی شەڕی سوریا و عیراق و هەندێ وڵاتی ئەورووپیدا بڵاوبوونەتەوە، دەیانەوێ ئەوانەی ئەوان پێیان دەڵێن کافر لەناویان ببەن، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە چەند زیاتر ئەو کافرانە بکوژن، زووتر لە دەرگای بەهەشت نزیک دەبنەوە.
- مەبەست لە کافر چییە؟
- واتە کەسێک کە باوەڕی بە خوا و بەو تیۆرییە نەبێت کە دین لەسەری بنیات نراوە، واتە باوەڕی بە ئیمان و بیروباوەڕی ڕەها نەبێت.
- باشە ئەو کەسانە بۆ دەکوژن کە باوەڕدار نین؟
- تا خوا ڕازی بکەن.

- بەڵام خوا ڕێگەی بە کوشتنی خەڵکی بێتاوان نەداوە.
- بەلای جیهادییەکانەوە بێباوەڕان و کافران خەڵکانێکی بێتاوان نین. ڕۆژنامەوانەکانی شارلی ئیبدۆ بە مەرگ سزا دران بەو بەهانەیەی کە کفریان کردووە، واتە بەو بەهانەیەی کە "سووکایەتی"یان بە پێغەمبەر کردووە، وەکچۆن ئەو لاوانەی شانۆی باتاکلانیش لەسەر شێوازی ژیانیان سزا دران، بەو بیانووەی کە ئەو شێوازە ژیانە شێوازێکی سووک و ناشایستەیە. بۆیە ئەوانە بە دوژمنی ئیسلام لە قەڵەم دەدرێن. جا لەبەرئەوەی پێویستە ئیسلام بە هەموو دنیادا بڵاوبێتەوە، بۆیە دەبێ ئەوانە لەناوببرێن کە دەبنە ئاستەنگ لە ڕێی بڵاوبوونەوەیدا.
- باشە بۆ ئەمەندە مەرگدۆستن؟
- ئەوان نەک هەر حەز بەوە دەکەن قوربانی بە خۆیان بدەن، بەڵکوبە جۆشوخرۆشەوە ئەو کارە دەکەن، بەلای ئەوانەوە ژیانی ئەم دنیا ژیانێکی دروست نییە، بەڵکو ژیانی ڕاستەقینە ئەو ژیانەیە کە خوا بەڵێنی پێ داون، واتە ژیانی ئەودنیا، ئەو ژیانەی کە وا لە بەهەشت و پڕە لە خێر و خۆشی. مردنیش تاقە ڕێگەیە بەو بەهەشتەیان بگەیەنێت، واتە ڕێگەیەکی خێرا و کاریگەرە. بۆیە ناترسن و دوودڵ نین. حەز بە مەرگ دەکەن، حەزێکی ڕەها و لەو ڕووەشەوە خۆیان دەدەنە دەست ئیرادەی خوا.
- باشە چۆن دەگەنە ئەو ڕادەیە لە باوەڕ؟
- یەکێک وتوویەتی:"ئەوانەی نەیانتوانیوە مانایەک بۆ ژیانیان بدۆزنەوە، لە مەرگیاندا بەدوای مانایەکدا دەگەڕێن".

هۆکارگەلێک هەن کە پێکەوە وا لە کوڕێکی لاو، یان کچێکی لاو دەکەن تووشی ئەم لادانە بێت. نە لە توانای پۆلیس و نە لە توانای کەسوکاری ئەو لاوانەشدا هەیە پێشبینیی بکەن و پێش ئەو ڕووداونە بکەون. خۆشبەختانە، ئەو لاوانەی کە مانایەک بۆ ژیانیان نابیننەوە هەموو ناچنە ناو ئەو ڕێکخراوە جیهادییانەوە. بەزۆری ئەو لاوانە دەچنە ناو ئەو ڕێکخراوانەوە کە شڵەژانێک لە کەسێتییاندا هەیە، ئیتر دەیانەوێ"ژیانی خۆیان بگۆڕن" و بۆ نموونە لەڕێی نامەکانی ئینتەرنێتەوە شتێک شەیدایان دەکات و دەیانخاتە سەر کەڵکەڵە، وەک ئەوەی بە ئیمانێکی دینی ئاشنا دەبن، یان سەرسام دەبن بەو "پاڵەوان"انەی کە لەپێناوی مەسەلەیەکدا دەجەنگن. هەروەها ژیانی ڕۆژانەی لاوانێک کە سنووردارە و شتێکی سەرنجڕاکێشی وەهای تیا نییە، ئیتر ئەم بێزاری و نائومێدییەیان دەشێ بەرەو شێتییەکی جیهادییانەیان ببات، بەو شێوەیە هەست دەکەن کە توانیویانە خۆیان بدۆزنەوە و قەوارەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەم لاوانە، کە لە ئەورووپا یان لەو وڵاتە عەرەبییانەدا دەژین، کە بە دەست کێشە و قەیرانی ئابوورییەوە دەناڵێنن، وێنەیەکی نموونەیی سەبارەت بە ژیان شک نابەن، بۆیە بەدوای شتێکی تردا وێڵن. ئەمانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەدوای "پەناگە"یەکدا دەگەڕێن کە تیایدا هەست بە بوونی خۆیان و بە "ئارامی و سەلامەتی" بکەن. هەندێ لەم لاوانە وادەزانن بە چوونەڕیزی جیهادەوە توانیویانە ڕێگەیەک بۆ دەستەبەرکردنی "گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی" و گەیشتن بە"دۆخێکی مەشروع"

بدۆزنەوە، بە واتایەکی تر بەدەستهێنانی شوناسێکی ناسراو و بەرهەمهێن. وەکچۆن بە دەروەستبوونیان بە بژارێکی"مەزن و بالا"وە، بۆ نموونە "بلاوکردنەوەی ئیسلام" لەرێی شەرکردنەوە بەناوی خواوە و لەپێناوی خوادا، وادەزانن دەتوانن قەرەبووی شکستی کۆمەلایەتی (لە خوێندندا یان ئیشوکاردا یان کاروباری خێزاندا) بکەنەوە.

- دەتوانیت ئەوەم زیاتر بۆ روون بکەیتەوە؟
- ئەولاوانە زیاتر سەر بە ژینگەیەکی ئیسلامین و هێشتا لە قۆناغی روالی'موراهەقە'دان، واتە لەنێوان پانزدە بۆ بیستوپێنج سالدان.
- چی؟ بیستوپێنج؟
- بەلێ. لای هەندێ کەس قەیرانی قۆناغی روالی تا ئەو تەمەنە درێژ دەبێتەوە. بریارەکەش لە چرکەساتێکی هەستیاردا روودەدات. غەریزە سێکسییەکان لە لایەک و ئارەزووی بەدەستهێنانی ددانپێدانانی دەوروپشت لەلایەکی تر. دەشێ ئایدیالی لاو لەو تافەدا سەرکردەیەک بێت، یان گەورەی خێزانێک کە جێی باوکێکی مردوو، یان لاواز بگرێتەوە.

بەمجۆرە دەبینین هەندێ روال بە پشتیوانیی دایکیان دەکەونە ترساندنی خوشکەکانیان. ئەمەش لەگەل سەرەتای چوونە ناو قۆناغی پیاوەتییەوە دەست پێ دەکات، چونکە ئیتر دەبێ خۆی بە پیاو بزانێ و بەتوانا بێت و ببێتە مایەی سەرسامی لای ئەوانەی لەخۆی بچووکترن. دەشێ ئەم دۆخە ئەو لاوە هان بدات بۆ دەستدانە بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە و بەدەستهێنانی پارە و داهات بە رێگەیەکی ئاسان، یان سەرکردنە سەر چوون بۆ مزگەوت و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو وتارانەوەی کە بانگەشە بۆ

جیهاد دەکەن. هەندێ ئافرەتیش شەیدای ئەمجۆرە تیرۆریستانەن؛ ئەم"قارەمانە شکۆمەندانە"؛ ئەمجۆرە کەسانەی بەرێوەن بەرەو ناوبانگ و درەوشانەوەی ناویان لە میدیاکاندا. جاران ئەوانە لەرێی تاوانەوە سەرنجی خەڵکی تریان ڕادەکێشا و دەبوون بە"سەردەستەی چەتە" و "سەرکێش" و لە زیندان نەدەترسان. بەڵام ئەمڕۆ لەرێی پەنابردنە بەر جیهادەوە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئاستی"قارەمانەکان" و لە باشترین حاڵەتیشدا گەیشتن بە ئاستی "شەهیدان".

- دەتوانیت بە شێوەیەکی فراوانتر ئەمەم بۆ ڕاڤە بکەیت؟
- بەلای هەندێ لە جیهادییەکانەوە مەرگ کۆتاییەک نییە، بەڵکو سەرەتای شتێکی تری جیاوازە کە یارمەتییان دەدات ژیانێکی پاکتر بەدەست بهێنن، کە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا دەگونجێت، لە قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەردا هاتوون. ئیدی ئەوکات لە جیهانێکی ئایدیالی جاویداندا دەژین، کە بەتەنها بۆ چاکە نەزر کراوە. بە مانایەکی تر چیتر تەحەمولی ئەم دنیایە ناکەن کە تیای دەژین، چونکە ئەمە دنیایەکی گەندەڵە بەلای ئەوانەوە و ناتوانێ ژیانێکی ساغڵەم و پاکیان بۆ دابین بکات، بۆیە چاویان لە ژیانێکی ترە کە تێیدا پێگەی شایستەی خۆیان دەبێت و ددانیان پیا دەنرێ، لەبەرئەوە بەلایانەوە گرنگ نییە گەر بە نرخی مەرگیش بووە، ئەو ددانپیانانە بەدەست بهێنن.
- بەڵام خۆ هەموو ڕواڵێک کە بەو قەیرانانەدا تێدەپەڕێت، ناچێتە ڕیزی داعشەوە.
- ڕاستە! بەڵام دەبێ قەوارەی چالاکیی پڕوپاگەندەی تیرۆریستان لە ئینتەرنێتدا بە هەند وەربگرین. بیهێنەرە پێشچاوت، داعش مانگانە زیاتر لە هەزار بەڵگەنامە لە

ئینتەرنێتدا بڵاو دەکاتەوە(ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر لە ٤٦٠٠٠ ئەکاونتیان لە تویتەردا هەیە). زۆرجار شریتی ڤیدیۆیی بڵاو دەکەنەوە کە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەن و تێیاندا منداڵان دەبینین یاری دەکەن و ژنانی حیجابداریش بەختەوەرن. لەپڕێکدا شەڕی دژ بە کافران و گوناهباران و بێباوەڕان دەردەکەوێ. ئەمەش بۆ ئەو لاوانەی نیشتەجێی ئەورووپا دەسەلمێنێت کە ژیانێکی تر هەیە و ئەم ژیانەی ئێرە بۆ خودا تەرخانە. وێنەکانیش زۆر بە وردی دیراسە کراون و لایەنی سەرنجڕاکێش و جوانیان پێ بەخشراوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو ڕیکلامانە دەچێت کە پیاوەکان تێیاندا دەبن بە سوپەرمان و شایانی ئەوە دەبن ببنە خاوەنی ئۆتۆمبێلی کەشخە. لەم ڕیکلامانەدا یاریکردن بە دروشم و وێنەی خراپ هەیە کە لاوازترین غەریزەکانی لاوان دەورووژێنێت و ئەوەندەی پێ ناچێت ئەو لاوانە بەدزییەوە ئەو شتانە جێبەجێ دەکەن.

- ئەی باشە بۆچی حکومەت ئەو ئەکاونتانەی تویتەر داناخات؟
- ڕەنگە ئەمە زەحمەت بێت، چونکە ئێمە لەسایەی سیستمێکی دیموکراتدا دەژیین و ناکرێ حکومەت لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو ئەکاونتانەی تویتەر و بەرنامەکانی تری ئینتەرنێت دابخات.
- باشە، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی بکەن؟
- نەخێر. پێم وتیت کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە پێکەوە کاریگەرییان هەیە، ئەوەی ئەوانە بۆ توندڕەوی هاندەدات ئەو مەینەتی و بەدبەختییەی ژیان و گوزەرانە کە تێیدا دەژین،

ئیتر چ لە ئەورووپا بێت یان مەغریب و یان وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتە ئەو وڵاتانەی بەهاکان تێیاندا ڕوو لە نەمانن، هەروەها ئەو وڵاتانەی هیچ ئومێدێکیان تیا نەماوە و ئاسۆیەکیان تیا بەدی ناکرێ.

- مەبەستت لەو وڵاتانەیە کە هیچ نموونەیەکی باڵا و یادیالێکیان تیا نەماوە؟

- بەڵێ. جاران لەو وڵاتانە خەونێک هەبوو بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و مرۆیی و گەشەسەندوو و یەکسان، وەکو چۆن ئەمە لە گوتاری ئەو حیزبە سیاسییانەشدا ڕەنگی دابووەوە، کە بە چەپ ناسرابوون، بەڵام هەموویان شکستیان هێنا.بۆیە ئەمڕۆ تەنانەت لە ئەورووپاشدا وای لێ هاتووە لاوانێکی زۆر دەبینیتلایەنی گوتاری ڕاستی توندڕەو دەگرن.خەونەکان و یۆتۆپیاکان ڕەوینەوە، هەر بۆیە ئەوانە با ژمارەشیان کەم بێت، بەڵام سەرچاوەی مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی ئامادەی هەموو جۆرە سەرکێشییەکن، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە ئەوانە وایان لێ هاتووە چیتر باوەڕیان بە هەندێ بەهای وەکو هاوکاری و مرۆڤدۆستی و عەدالەت و... نەماوە.

- یۆتۆپیا چییە؟

- یۆتۆپیا ئایدیالێکە (نموونەیەکی باڵایە)، پرۆژەیەکە، کە وەدیهێنانی دژوارە، خەیاڵی و ناواقیعییە. بگرە بەزۆری بریتییە لە سەرابێک و وەهمێک.

- ئەی داعش بەڵێنی بەدیهێنانی ئەو یۆتۆپیایەیان دەداتێ؟

- چاکتر وایە بڵێین داعش بەڵێنی ئەوەیان دەداتێ کە مانایەک بە ژیانیان ببەخشن و لەسای شەریعەت و ڕەندی (فەزیلەت)دا بژین؛ لە جیهانێکی پاکی خاڵی لە هەموو گەندەڵی

و هێزێکدا؛ له جیهانێکی نموونەییدا. هەروەکچۆن پێگەی ژنیش بەگوێرەی کۆمەڵێک پرنسیپ دیاری کراوەو که خودشەیدایی (نەرجسییەت)ی جیهادییەکان لەبەرچاو دەگرێت و تێری دەکات. لەسای ئەو پرنسیپانەی ئەواندا ژن بەهای له بەهای پیاو نزمتره و دەبێ گوێڕایەڵی پیاو بێت و ئارەزووەکانی جێبەجێ بکات. لەسەرێکی تریشەوە، ئەگەر جیهادییەک له شەڕێکدا بکوژرێ، ئەوا به شەهید دەژمێردرێ و له بەهەشتدا خوا پێشوازیی لێ دەکات، بەوپێیەی پیاوێکی ئازا و قارەمانه. ئەم گوتاره زۆر به وردی داڕێژراوە و کاریگەریی خۆیشی هەیه لەسەر لاوان.

- من لەوە تێناگەم چۆن کچانی لاو دەچنه ڕیزی ئەو جیهادییانەوە لەکاتێکدا زۆر باش ئەوە دەزانن که بەگوێرەی شەریعەت بەهای ژیانی ژن له بەهای ژیانی پیاو کەمتره!
- له سەردەمی پێغەمبەردا هیچ ژنێک له شەڕدا بەشدار نەبووە. هەڵبەته له شەڕی بەدردا (که له ساڵی ٦٢٤ز-دا ڕووی داوە و یەکەم شەڕ بوو، تێیدا پێغەمبەر بەسەر هۆزی قورەیشدا سەرکەوت، که ناچاریان کردبوو بۆ یەسریب "مەدینه" کۆچ بکات) هەندێ ژن داوایان کرد که له شەڕەکەدا بەشدار بن، بەڵام پێغەمبەر به هیچ جۆرێک بەوە ڕازی نەبوو. بەڵام لەئێستادا ئەو پەیام و حیکمەتەی پێغەمبەر پشتگوێ خراوە و نەک هەر ژنان له شەڕدا بەشداری پێ دەکەن ، بگره هانیان دەدەن خەڵکانێکی بێتاوانیش بکوژن، ئەمه جگه لەوەی هەندێ له سەرکرده جیهادییەکان بۆ مەرامی سێکسیی خۆیشیان بەکاریان دەهێنن و پێیان دەڵێن

ئیسلام ئەمەیە و ئەوانیش بڕوا دەکەن، هەر ژنێکیش یاخی بێت، بە توندی سزا دەدرێ، تا ئەوەی بە تۆمەتی "خیانەت" دەیکوژن.

- ئەی کەواتە بۆچی ژنانێک هەن دەچنە ڕیزی داعشەوە؟
- ئەمە نهێنییەکی سەیرە. ڕاستییان پێ ناوترێ، بەتایبەتییش نازانن کە دواتر چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.
- ئەی چۆن خۆبەخشە جیهادییەکان دەناسرێنەوە؟ چۆن پێشوەخت بدۆزرێنەوە، بەرلەوەی بچنە ناویانەوە، یان کردەوە تیرۆریستییەکەیان ئەنجام بدەن، وەکو ئەوەی ساڵی ٢٠١٥ لە تیرۆریستەکانی پاریس ڕووی دا؟
- شتێکی جیاکەرەوە لە ڕوخساریاندا نییە. جاران ڕیشیان بەردەدایەوە و شێوەی جلوبەرگیان جیاواز بوو و ڕەفتاریان لەگەڵ ژناندا توند بوو و بەئاشکرا ئیسلامیبوونی خۆی ڕادەگەیاند، بەڵام ئێستا هەموو ئەو شتانە گۆڕاون، بەڕادەیەک، کە تەنانەت کەسوکاری خۆیشیان نازانن خەریکی چ پلانێکە، هەروەها پۆلیسیش.شتەکە یەکسەری و کتوپڕە، ڕۆژێک کچەکە، کە قەرارە لە بەسەربردنی پشووی زستانەی بێت، تەلەفۆنێک بۆ دایکی دەکات و پێی دەڵێت لە سوریایە و دواجار ڕێگەی ژیانی خۆی دۆزییەوە. زۆربەی کات شتەکە بەمجۆرە ڕوودەدات.
- کەواتە هەندێ هاندەری شاراوە هەن کە کەس ناتوانێ بیاندۆزێتەوە؟
- بەپێچەوانەی ئەوەوەی لە ڕۆژنامەکانی خۆرئاوادا دەوترێ، ئەوانەی بۆ شەڕ دەچن نە شێتن و نە هیچگەرا (نیهیلیست)یشن.

- هیچگەرا یانی چی؟
- هیچگەرایی تێڕوانینێکە بۆ دنیا نەرێنی و پڕ لە نائومێدی. بیروباوەڕێکە نکوڵی لە ژیانی ئەخلاقی و لە بەهاکان و لە پلەبەندی"hierarchy" دەکات. هەروەکو ئەلبیر کامۆش لە کتێبەکەیدا"مرۆڤی یاخی"[1] دەڵێت: بریتییە لە "ئارەزوو بۆ شکست و نکوڵیلێکردن".
- کەواتە جیهادییەکان بەتەواوی شکستخواردوو نین؟
- جۆرێک لە کارلێک لە ناخ و هۆشیاریی هەندێ لاودا هەیە. لەودیو هەر تاوانکارییەکیشەوە بەردەوام تێڕوانینێک هەیە. دەبێ ئێمە لەوە تێبگەین کە لە وڵاتانی ئەورووپیدا ڕەهەندی ڕۆحی لە ژیاندا پەراوێز خراوە. تۆ زۆرجار دەبیستیت کە لە وڵاتانی ئەورووپادا لایەنی ماددی بەسەر بەها ڕۆحییەکاندا زاڵە، بۆیە ئەم لاوانە، کە هەندێکیان لەسەر تاوانی بچووک زیندانییش کراون و لە حاڵەتێکی بێهیوایی گەورەدا دەژین، حاڵەتێک لە بێدەنگی و پەراوێزخستن، تووشی دۆخێک دەبن کە گونجاوترین دەرچە بۆیان ئەوەیە ڕوو بکەنە ئەو خوایەی کە لە هەموو شتێک گەورەترە. هەر لەو ڕووەشەوە، دەچنەوە سەر ئەو باوەڕەی کە ژیانی ئەم دنیا چ نییە، جگە لە قۆناغێک بۆ گەیشتن بە قۆناغی ژیانی ئاسمانی. خوا سەرەتای هەموو شتێک و کۆتایی هەموو شتێکە. ئەم لاوانە لەو قەیرانە دەروونییەیاندا دەگەنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ هەموو شتێک ڕادەستی خوا بکەین و دەسەڵاتی ڕەها لای ئەوە و هەر خۆی

---

[1]. مرۆڤی یاخی: لێکۆڵینەوەیەکی درێژ و هەمەلایەنەی نووسەر و بیرمەندی فەرەنسی **ئەلبێر کامۆیە**، کە تێیدا و لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەبارەت بە چەمکەکانی خۆکوشتن و یاخیبوون و توندوتیژی دەدوێت. ئەم کتێبە لە لایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە کراوە بە کوردی و ناوەندی ئەندێشە چاپی کردووە.

چارەنووسمان دیاری دەکات. واشدەزانن کە بە شوێنکەوتنی خەلیفەی "دەوڵەتی ئیسلامی" نموونەی بەرجەستەکراوی گەڕانەوە بۆ لای خوا بەدەست دێنن. دەستەواژەیەک هەیە کە موسڵمانەکان بۆ ئارامکردنەوەی کەسێک بەکاری دەهێنن کە هەڵدەچێت و پێی دەڵێن: "ئەستەغفیروڵڵا بکە". واتە: "هەڵچوونەکەت بێهوودەیە و داوای ڕەحمەتی خوا بکە، چونکە هەر ئەو دەتوانێ کێشەکەت چارەسەر بکات". بەمەش دەیانەوێ بڵێن کە مرۆڤ لەئاستی خوادا زۆر بچووکە و هیچی پێ ناکرێ، خواش لێبوردە و میهرەبانە.

- کەواتە ئەوان دەچنەوە بۆ دواوە؟

- بەتەواوی نا. ناگەڕێنەوە بۆ دواوە، بەڵکو وەکو ڕینێ شار دەڵێت:"پاشەکشە دەکەن وەک پارێزێک بۆ دواتر". بەوەش لە زەمەنی دنیاییەوە بەرەو زەمەنی هەتاهەتایی دەڕۆن. بەلایەنی کەمەوە ئەمە وایان لێ دەکات پێویستیان بە بیرکردنەوە نەبێت، چونکە یەقینی ڕەها لە گومان و دڕدۆنگی ڕزگاریان دەکات. لە کەلامی خواشدا چارەسەر بۆ هەموو شتەکان دەدۆزنەوە. خەڵکانێکیش هەن لە هیچیان کەم نییە و بێ کێشەن، خەریکی کار و کاسبیی خۆیانن، تاوانباریش نین، کەچی دەسبەرداری هەموو ئەوانە دەبن و دەچنە ڕیزی داعشەوە، لەو باوەڕەوەی کە بەو دەسپێشخەرییە کتوپڕە بۆ چواردەوریان، ژیانێکی پیرۆز و ئابڕوومەند بۆ خۆیان دابین دەکەن، چونکە دەبن بە سەربازی خوا. بەمجۆرە، لەو پێناوەدا ئامادەن کردەوەی توندوتیژ ئەنجام بدەن.

- هەندێ فیلمی ڤیدیۆییم بینیوە کە تێیدا مناڵان فێر دەکەن چۆن تەقە لە "دوژمنان" بکەن...

- بەڵێ، هەموومان ئەو دیمەنە ترسناکانەمان بینیوە، لەکاتێکدا پێغەمبەر هەرگیز ڕێی نەداوە منالآن بخرێنە ناو شەڕەوە. بەمەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی بەدردا، هەندێ نەوجەوان سەبارەت بە تەمەنی خۆیان درۆیان کرد، بەلآم پێغەمبەر بەو درۆیەیانی زانی و گەڕاندنیەوە بۆ مالّی خۆیان.
- دەمەوێ پوختی بکەیتەوە بۆم، خەریکە شتەکانم لێ تێکەڵ دەبێت، کەسی تیرۆریست کێیە؟
- کەسێکە لەپێناوی ترساندن و تۆقاندنی خەڵکدا شەڕ دەکات، بەلآم چەند جۆرێک لە توندوتیژیی تیرۆریستانە هەیە. دەبێ ئەمە دیاری بکەین، هەموو کارێکی توندوتیژی، تیرۆر نییە. توندوتیژیی سیاسی هەیە، بۆ خزمەتکردنی هەندێ مەسەلە ئەنجام دەدرێ کە مەرج نییە شەرعییەتیان جێگیر بێت. توندوتیژی هەیە بەناوی دینێکی دیاریکراوەوە دەکرێ. لە هەردوو حالّەتەکەدا بۆ بلآوکردنەوەی ترس، پەنا بۆ تیرۆر دەبرێ، بە تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و کوشتنی خەڵکانێکی بێتاوان، یان کوشتنی کەسێتییەکی دیاریکراوی وەک وەزیرێک، یان چالاکوانێک، یان سەرۆکی دەوڵەتێک، یان بیرمەندێک، یا شوێنێک و شتێکی بەناوبانگ و سیمبولێک. ئامانج لەمانەش بلآوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیە. بەم ڕەفتارەش گورز لەو پەیمانە کۆمەلآیەتییە دەوەشێنرێ کە بەگوێرەی ئەو، کۆمەڵە جیاوازەکانی خەڵک پێکەوە ڕێکدەکەون و دەژین. ئەمەش دەرچوونە لە چوارچێوەی شارستانێتی و یاسا و مافەکان.

تیرۆریستان کەسانێکن ئامانجیان تۆقاندنی دانیشتوانە. ئەوەی واشیان لێ دەکات پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە ببەن، کۆمەڵێک بیروباوەڕی لە سەداسەد دیاریکراوە سەبارەت بە گەوهەری چاکە و گەوهەری خراپە، تا ئەو ڕادەیەی دەگاتە ئەوەی

خەڵکانێـک وێـران بـکەن و بیـانکوژن، کە نە دەیانناسـن و نە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوانەوە ئازارێکیان پێ گەیشتووە.
- ئەی ئەمانە شێتن؟
- نەخێر، شێت کەسێکە بەرپرسیار نییە لەو کارەی دەیکات. بەڵام تیرۆریسـتان کەسـانێکن بە هۆشـیارییەوە ئەو کـارانە دەکەن و لەسـەر دەسـتی کەسـانێکی پسـپۆڕ بـۆ ئەوە ڕاهێنراون، کە یان بکوژن، یان بکوژرێن. ئەمانە باش دەزانن چـی دەکەن. جـاری وایشـە هەمـوو شـتێکیان پـێ نـاوترێ و گرەوەکە لەسەر ئەوە دەبێت کە ملکەچی فەرمانەکان بن.
- ئەی ناترسن؟
- نەخێـر. ئەمەس خـاڵی بەهێـزی ئەوانە. بەگشـتی لە شـەڕدا، سـەربازەکانی هەردوولا بـۆ بەرگریکـردن لە ژیـانی خۆیـان شــەڕ دەکەن. بەڵام ئەمــڕۆ، هێنــدەی پەیوەنــدیی بە جیهادییەکـانەوە هەبێـت، ڕوخسـاری شـەڕیش گـۆڕاوە. جیهادییەکان مەرج نییە بۆ بەرگریکردن لە خاکێک، یان ماڵ و سامانێک شەڕ بکەن، ئەوان ژیانی خۆیانیان بەلاوە گرنگ نییە و بەهایەکی بۆ دانانێن، هەر ئەمەشـە وا دەکات زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەت بێت.
- باشە ئەمانە چۆن قایل دەبن لەگەڵ کوشتنی کەسانێکی تـردا خۆیشیان بمرن؟
- هەموو بوونەوەرێک "غەریزەی ژیان، یان ژیاندۆستی" شک دەبـات، کە پێـی دەوتـرێ "غەریـزەی مـانەوە لە ژیانـدا"، واتە گوزارشتکردن لە مەیلی سروشتی بۆ "خۆڕزگارکردن". باس لە غەریــزەی ململانــێ لەپێنــاوی مانەوەشــدا دەکــرێ، کە غەریزەیەکـی هاوبەشـە لەنێـوان مـرۆڤ و گیـانەوەردا. بەڵام

ئەو تیرۆریستانەی لەناو ئاپۆرەکاندا خۆیان دەتەقێننەوە، "غەریزەی مەرگ، یان مەرگدۆستی"یان خستووەتە جێی"غەریزەی ژیان".

- ئەوە چۆن ڕوودەدات؟

- کەسانێکی پسپۆڕ هەن بە سەربردە و حیکایەتی بیلۆجیک یاری بە ئەقڵیان دەکەن، تا وایان لێ دێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێک، تەواو نەرم دەبن.

- هەندێ نموونەم بدەرێ.

- کۆمەڵێک وشە بەکار دەهێنن کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا بێت ولەگەڵ خۆزگە و خەونەکانیاندا بگونجێت، وەکو وشەی جیهاد و شەهیدبوون و بەهەشت و پاداشتی گەورە و...لێرەوە دەچینە ناو کایەی دینەوە، هەندێجار لەڕێی ئیمانەوە پەڕینەوە بۆ دیوەکەی تری ژیان ئاسان دەبێت، بۆیە ئەم تیرۆریستانە ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیاندا دەچەسپێ، کە ئەوەی دەیکەن جیهادە و شەڕ لەگەڵ کافراندا دەکەن؛ لەگەڵ ئەوانەدا کە باوەڕیان بە خواکەی ئەوان نییە و ئەگەر قوربانی بە ژیانی خۆیان بدەن، ئەوا یەکسەر دەچن بۆ بەهەشت و لەوێ حۆرییەکان چاوەڕێیان دەکەن و ژیانێکیان دەبێت هەزارجار خۆشتر لەم ژیانەی ئێستا، لەم دنیا بەسەری دەبەن. پاشان سەرسامبوونیان بە وێنەی ئەو قارەمانە چەکدارانەی لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکرێنەوە، ئەوانەی بەهێزن و گەورەن و سیمبولی پیاوەتیی ڕاستەقینەن.

- کە سەیرە! ئەی کچە جیهادییەکان؟ پاداشتی ئەوان چی دەبێت؟

- پرسیارەکەت لەجێی خۆیدایە، لەبەرئەوەی وادەزانرێ جیهاد و شەهیدبوون بەتەنها سیحری لەسەر پیاوان هەیە، لەکاتێکدا یەک لەسەر سێی جیهادییەکان بریتین لە کچان، گەرچی وەکو پێشتریش بۆم ڕوون کردیتەوە، نە پێغەمبەر و نە ئەسحابەکان ڕازی نەبوون ژنان و منداڵ و ڕواڵان لە شەڕەکاندا بەشداری بکەن، کەچی دەبینیت داعش منداڵان فێری کوشتنی خەڵک دەکات و چۆنیان بوێت ژنانیش وەها بەکاردێنن.

- باشە کچێک چیی لە بەشداریکردن لە شەڕێکی وەکو خۆیان دەڵێن پیرۆزدا دەست دەکەوێت؟

- ئەوەندەی بزانم هەر ئومێدی چوونەبەهەشتەکەیە. بەڵام ئیسلامیی توندڕەو ڕقی لە ژنە، تەنانەت حەز ناکات باسیشی بکات. کە دەکوژرێ بە شەهید لە قەڵەمی دەدەن، بەڵام ئەوەشیان پێ زۆرە بۆی.

- ئەی شەهیدبوون واتە چی؟

شەهیدبوون واتە مردن لەپێناوی مەسەلەیەکدا، یان ئایدیالێکدا، ئەمەش شایانی پاداشتێکە کە خوا دیاریی دەکات. لە قورئاندا هاتووە: (و لا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون).

- ئەی ئەمە ڕاست نییە؟

- لە ڕوانگەی باوەڕدارەوە، ئیتر ژن بێت یان پیاو، نەک هەر ڕاستە، بەڵکو بەڵگەنەویستێکە کە مشتومڕ هەڵناگرێ، بەڵام شتە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم ژن و پیاوانە بەڕادەیەک باوەڕیان بەم شەهیدبوونە دەبێت، کە لە دنیای واقیع دادەبڕێن و هیچ حسابێک بۆ ئەم دنیایە ناکەن کە تێیدا

دەژین و هەست ناکەن سەر بەم دنیایە بن. لە دیدی ئەوانەوە، ژیانی سەر زەوی، ژیانێکی هیچوپووچە، لەبەرئەوە مردنیان بەلاوە شتێکی زۆر ئاسانە. ئەمەش وایان لێ دەکات مەترسیدار بن، چونکە لەم ڕوانگەیەوە، مەرگ دەبێتە جۆرێک لە بەرکەماڵی.

- بەرکەماڵی چییە؟
- بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجێک بە شێوەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی. ئەوەی لەڕێی جیهادیشەوە بەم حاڵەتە دەگات، هەست بە خۆشنوودییەکی بێسنوور دەکات، خۆشنوودییەکە بەرەو ئەو مەرگەی دەبات کە دەرگای بەهەشتی لێ دەخاتە سەر پشت.
- ئەی چی بکرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ لەمجۆرە کەسانە بەدوور بێت؟
- دەبێ بە منالان و لاوان بوترێ وریا بن، بەلام مەبەست لە وریایی چییە؟ ئەو خەڵکەی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا لە شانۆی باتاکلان بوون بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگێکی مۆسیقیدا، ئەوەی بە بیریاندا نەدەهات ئەوە بوو کە بکوژرێن. بەلای تیرۆریستانەوە توخمی کتوپڕی خاڵی هێزە. دابینکردنی ئاسایش شتێکی لە سەداسەد مسۆگەر نییە. هەڵبەتە پۆلیس دەبێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە، بەلام ئەوەی لەمە گرنگترە ئەو پەروەردە درێژخایەنەیە کە نابێ پشتگوێ بخرێ. بۆ نموونە، پێویستە بابەتی دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی، کە زۆربەی کات دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ توندڕەوی و دەمارگیری، بچێتە ناو

مەنهەجی خوێندنەوە، کە بەداخەوە دەتوانین بڵێین سیستمی پەروەردەیی لەم ئەرکەدا شکستی هێناوە.

- واتە سیستمی فێرکردن بەس نەبووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەشەسەندنی تیرۆر بگرێت؟
- لەوەدەچێت. بەڵام ئاخۆ ڕێگەچارەیەکی ترمان هەیە؟
- ئەوەندەی لێی تێبگەم، هەست دەکەم شەڕێکی دۆڕاوە.
- دەبێ ئەم شەڕە لەسەر چەند ئاستێک بکرێ. پێویستە بنکەکانی ئەم سوپایە بۆردومان بکرێ و ئۆردوگاکانی مەشقکردنیان وێران بکرێ و کۆگا و جبەخانە و سەرچاوەی پشتیوانییان لەناوببرێن. بەڵام ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان نابێت لەسەر شانە نوستووەکانیان لە ئەورووپا و وڵاتانی تر، یان لەسەر هەموو ئەو ئەوانەی کە دەروونی خۆیان فرۆشتووە و بوون بە کۆیلەیان و چاوەڕێی فەرمانەکانی ئەوانن. ئەمانە لەوانی تر مەترسیدارترن. دەبێ هەوڵێکی فرە بدرێ بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە. هەروەکو ژەنەراڵ دیگۆلیش وتوویەتی:"نابێ بە بیروبۆچوونێکی سادەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئاڵۆز بچین". ئێستا ئێمە لە ئەورووپاین، ئەم لاوانە هەست ناکەن لەناو کۆمەڵگەکەیدا تێکەڵ بوون و هەست ناکەن ئەم وڵاتە هیی خۆیانە، واتە هەست بە ئینتیما ناکەن بۆ ئەم وڵاتە.
- بۆ؟
- ئەمە ئەنجامی بایەخپێنەدان و نەبوونی سیاسەتێکی تایبەت و پشتگوێخستنێکی گەورەی دەیان ساڵەیە، کە میللەتانێکی زۆر لە ژنان و پیاوانی کۆچبەر، یان لەدایکبوانی تازەی کۆچبەران

بـــوونەتە قوربـــانیی ئەو پشتگوێخســـتن و ددانپێـــدانەنان و پەراوێزخستنە لە شوێنی ناتەندروست و بێئایندەدا.
- مەبەستت لە شوێنی ناتەندروست چییە؟
- مەبەسـتم لەو شـوێنانەیە کە ژینگەیەکـی ژەهراوییـان هەیە و بەکەڵکی ئەوە نـایەن مـرۆڤ تێیانـدا گەشـە بکـات. ئەم جـۆرە شـوێنانە هەنـدێجار دەچـنە دەرەوەی دەسـەڵاتی یاسـاوە و پۆلیس پێی باش نییە توخنیان بکەوێ.
- بەو پێیە بێت، زۆربەی قەراغ شارەکان ناتەندروستن؟
- بەڵێ، ئەوە ڕاستە. هەندێ لە لاوان دەڵێن: "خۆرئاوا دەیەوێ بوونی ئێمە بسڕێتەوە، ئەو دەیەوێ، یان لەناو کۆمەڵگەکەی ئەواندا بتوێینەوە، یـان قایل بـین بەوەی لەسـەر ڕێگـە فـڕێ بدرێین". لە کەش و فەزایەکی وەهـادا، ئەو گوتـارە ئیسـلامییە سـەریهەڵداکە لافـی "ڕزگارکردنیـان"ی لێدەدا. هەرکەسـێکیش بتوانێ بیانخاتە ڕیزی جیهادەوە، واتە توانیویەتی بە زیرەکیی خۆی ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ ڕێگەی تر هەیە لە ژیانیاندا، ئەو ڕێـگەیەی کە بەرەو پـاکێتیی تەواوەتیمـان دەبـات، ڕێـگەی جیهانێـک، کە کەلامـی خـوا بەڕێـوەی دەبـات. بەمجـۆرە، ئەم گوتارەیـان وەکـو نیعمەتێکـی ڕاسـتەقینە ئاڕاسـتە دەکـات، چونکە هەموو شتەکانیان لا دەکات بە یەقینێکی خودایی. ئیتر ئەو قسـانە دەدەن بە بـای گوێیانـدا کە دڵنیایـان دەکـات و دەرگا داخراوەکان بەڕوویاندا دەکاتەوە لە هەنووکەیەکدا کە لە زۆر ڕووەوە گەیشـتووەتە بنبەسـت، بە شکسـت بێـت لە خوێندنـــدا، یـــان بە ڕەگەزپەرســـتی و خۆخـــۆیی بێـــت لە دامەزرانـدن، هەروەهـا پەراوێزخسـتندا، بەتـایبەتییش بەهـۆی

نەبـــوونی دەرفەتـــی خوێنـــدنەوە یـــان لاوازیـــیەوە، کە خێزانەکانیان نەیانتوانیوە بۆیان دابین بکەن. بەرامبەر بەم تێزە ئیسلامییەش، ڕەوتی عەلمانییەت تووشی جۆرێک لە شـــپرزەیی بـــووە، بـــۆیە هەنـــدێ لەم لاوانە بە بیـــانووی جۆراوجۆرەوە دەچنە ڕیزی جیهادییەکانەوە. لە هەمووشیان مەترســـیدارتر ئەوانەن کە لە بەرەکـــانی شـــەڕی ســـوریا و عیراقەوە دەگەڕێنەوە و بێ ئەوەی ببنە جێی گومان، ئامادە دەبن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی لە ڕۆژی خۆیدا پێیان دەســـپێردرێ. مەترســـییەکە لێـــرەدایە. هەڵـــبەتە لەم ڕووەوە خێزانەکـــانیش بەرپرســـیارن لەوەی کە بەپێـــی پێویســـت بەهاکـــانی مرۆڤدۆســـتی و ئاشـــتیخوازی لە دەروونـــی منداڵەکانیاندا ناچێنن. ئەوانیش بەشێک لەم بەرپرسیارێتییەیان بەردەکەوێ.

- باشە، بۆچی مەترسیی ئەوانەی لە مەیدانەکانی جەنگەوە دەگەڕێنەوە ڕوو لە زیادبوونە؟
- لەبەرئەوەی بەنهێنی و لە هەندێ شوێنی دیاریکراوی وەها کار دەکەن، کە نادۆزرێنەوە. شتێک نییە لەوانی تر جیایان بکاتەوە، لەناو ئاپۆرەکاندا ون دەبن و ناناسرێنەوە. ئەوەشت بیر نەچێت، فەرەنسا وڵاتی قانوونە و پۆلیس ناتوانێ بەبیانووی بوونی مەترسییەوە، بەشێوەیەکی ملهوڕانە لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار بکات، تەنانەت لەکاتی ڕاگەیاندنی باری نائاساییشدا دەبێ ڕێز لە قانوون بگرن.
- نموونەیەکم دەدەیتێ؟
- تۆ هیچت دەربارەی "خەلیفەی سپی" بیستووە؟ کابرایەکی سوری بوو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەترسی سەرکوتکردنی

نەیاران لەلایەن دەسەڵاتەوە، هات بۆ فەرەنسا. ئەم کابرایە کە ناوی خۆی نا "ئۆڵیڤیە"، ئەندامێکی سەر بە ئیخوان موسلمین بوو، کە کۆمەڵەیەکە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر دامەزراوە و ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئیسلامە بە جیهاندا. ڕەگەزنامەی فەرەنسیی وەرگرت و وردەوردە بوو بە ڕابەری ڕۆحیی گەلێ لەوانەی دەیانویست خۆیان بۆ جیهاد تەرخان بکەن، کە تێیاندا بوو تاوانی ترسناکی ئەنجام دابوو؛ وەکو محەمەد میراح. ئەم کابرایە خاوەنی بیروڕای تایبەتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، چونکە ئیخوانی موسلمین باوەڕیان وایە کە ڕۆژێک هەر دێت ئیسلام لە هەموو دنیادا بڵاوبێتەوە. کاتێکیش پۆلیسی فەرەنسی دای بەسەر ماڵەکەیدا، جگە لە تفەنگێکی ڕاوی کۆنی بێمۆڵەت، هیچی تریان لە ماڵەکەیدا نەدۆزییەوە. ئەوە بوو تەنها حەوت مانگ زیندانی کرا. پۆلیس گومانی هەبوو کە ئەو ڕابەری هەندێ لە تیرۆریستەکانە و خۆی بۆ جیهاد لە فەرەنسادا ئامادەیان دەکات، بەڵام تا لە حاڵەتێکی پێچەوانەی قانووندا دەسگیر نەکرێ و چەکی پێ نەبێت، پۆلیسی دادگا ناتوانێ هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی بگرێتە بەر دژی.

- باشە بۆم ڕوون بکەرەوە ئەو کەسە پسپۆڕانەی کە تۆ باسیان دەکەیت، چۆن دەتوانن قەناعەت بە خەڵکانێک بکەن و بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە؟
- کۆمەڵێک بازنە و ڕێگەی بەناویەکداچوو هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت تیرۆریستێک یان کامیکازییەک یان شەهیدێک دروست بکەیت.
- کامیکازی چییە؟
- وشەی"کامیکازی" لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا بەکاردەهێنرا. کامیکازییە ژاپۆنییەکان ئەو سەربازانە بوون

که سەر بە یەکەکانی جەنگ بوون و ملکەچی فەرمانەکان بوون و لەکاتی پێویستدا هێرشیان دەکردە سەر ئامانجە سەربازییەکان. لەکاتی پێویستدا دەبوایە مەرگیان هەڵبژاردایە. ئەم حاڵەتە دانسقەیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگدا، ئەویش کۆتایی هات. واتە ئەوان کەسانێکی مەدەنی نەبوون لەپێناوی مەسەلەیەکی سیاسی، یان دینیدا بەکاربهێنرێن و خەڵکانی مەدەنییش بکەن بە ئامانج. کەواتە جیهادییەکان بە کامیکازی ناژمێردرێن. چەمکی"قوربانیبەخۆدان" لە جیهانیی شارستانیی ئەمڕۆدا، شتێکی باو نییە. بە مانایەکی تر، لە هەموو شوێنێک غەریزەی مانەوە باڵادەستە. ئیسلام خۆیشی، بەتوندی ئیدانەی خۆکوشتن دەکات، تەنانەت گەر لەپێناوی مەسەلەیەکی "باڵا"شدا بێت.

- وەک ئەوەی لە شەهیدبووندا هەیە؟

- ئەمەیان دەچێتە چواچێوەی دینەوە. هەرکەسێ لەپێناوی مەسەلەیەکدا و لەسەر دەستی دوژمن بکوژرێ، بە شەهیدێک لەقەڵەم دەدرێ، کە لەپێناوی خوادا شەڕی کردووە، خواش بەڵێنی داوەتێ کە بیخاتە بەهەشتەوە. دەبێ باوەڕداریش بێت، ئەگینا کارەکە مەیسەر نابێت.

- هەر دەبێ موسڵمان بێت؟

- ئیسلام لە هەندێ حاڵەتی ئاوارتەدا بانگەشە بۆ جیهاد دەکات، وەک ئەوەی کاتێ لەشکرێکی بێگانە هێرش دەکاتە سەر باوەڕداران. لە کاتی شەڕی خاچپەرستەکاندا ئەمە ڕووی دا، وەختێ مەسیحییەکان هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکان. ئەو باوەڕدارەی لەسەر دەستی مەسیحییەکان

دەکوژرا، بە شەهید دەژمێردرا. ئەم خاڵەش لە قورئانندا بەڕوونی باس کراوە، ئەوەی لەپێناوی خوادا بکوژرێ، شەهیدە و لە لایەن خواوە ژیانی هەتاهەتایی لە بەهەشتدا پێ دەدرێ.

- ئەی تیرۆریستەکانی شانۆی باتاکلانویستیان بچن بۆ بەهەشت؟

- دیارە، بەڵام ئەوان تاوانێکیان کردووە کە ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە، ئەمەش بێ هیچ پێچوپەنایەک لە ئایەتێکدا باسی لێ کراوە: (من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا، و من أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا). کەواتە، زۆر بەسادەیی، ئەوانە تاوانکار و بکوژ بوون، نەک شەهید و موسڵمان. هەروەها دەبێ ئاماژە بە حەدیسێکی پێغەمبەریش بدەین کاتێ ئەم ڕێنماییانەی بەو جەنگاوەرانە دا،کە خۆیان بۆ غەزووی موئتە ئامادە کردبوو، کە دەبوایە ڕووبەڕووی دوژمنانی ئیسلام ببنەوە: (اغزوا باسم الله في سبيل الله، قاتلوا من كفر بالله، اغزوا و لا تغلوا، و لا تغدروا، و لا تمثلوا، و لا تقتلوا وليدا، أو إمرأة، و لا كبيرا فانيا، و لا راهبا بصومعة).

- بەڵام من وام بیستووە دەڵێن هەموو ئەو توندوتیژییانە سەرچاوەکەی بۆ ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئەمە ڕاستە؟

- هەموو دینێک بڕێک لە توندوتیژیی تیایە. لەبەرئەوەی ئیمان پشت بە لۆجیک نابەستێ، بۆیە زیاتر سۆز بەسەریدا زاڵە، مێژووش پڕە لەو کەسانەی کە بەناوی خواوە خەڵکیان کوشتووە.هیچ دینێک نییە بەناوی خواوە شەڕی نەکردبێت.

له سـەدەی شـانزدەدا، کاسـۆلیکەکان لە فەرەنسـادا سووکایەتییەکی زۆریان بە پرۆتستانتەکان کرد و کوشتیانن. ئەوەنـدەی پەیوەنـدیی بە ئیسلامیشـەوە هەبێـت، هەمـوو شتەکان بەندن بە چۆنێتیی خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکان و لێکدانەوەیانەوە. لە سـەرەتاکانی ئیسـلامدا، هەنـدێ شـەڕ و کاری توندوتیژی کراون، وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەوانەی پەیـامەکەی پێغەمبەریـان ڕەت کـردووەتەوە. لە ئایەتێکـدا هـاتووە: (فـاقتلوا المشـركين حيـث وجـدتموهم و خـذوهم و احصـروهم). بەڵام ئەمە لە ڕۆژگـار و بـارودۆخێکی تایبەتـدا بـووە. ئەمە لەکاتێکـدا بـووە کە پێغەمـبەر لە دوا ڕۆژەکـانی ژیانیدا بووە لە مەدینە.

- بەڵام لێرەدا جۆرێک لە دژوازی (تناقض) هەیە! لە سـەرێکەوە ئایەتێک دەڵێت خەڵکی بێگوناه مەکوژن و لە سـەرێکی ترەوە ئەم ئـایەتەی کە بە نمـوونە هێنـاتەوە، دەڵێـت موشـریکین بکوژن!
- لە ئـایەتی یەکەمـدا (مـن قتـل نفسـا...) ڕەهەنـدێکی گشـتگیر و ئەبەدیـی هەیە، بەڵام ئـایەتی دووەم، لەکـاتی شـەڕدا هـاتووە، ئەو شەڕەی لە سەرەتای پەیامەکەیدا، بێباوەڕان بەرامبەر بە پێغەمبەر کردوویانە.
- توندوتیژی لەمەوە سەرهەڵدەدات؟
- نەخێر، ڕاستەوخۆ لەوەوە سـەرهەڵنادات، بەڵام جیهادییەکـان کـاتێ لە پـاریس و بەیـرووت و تـونس و سـوریا و عیـراق خەڵکانێکی بێگوناه دەکوژن، بەو باوەڕەی سـەدەی حەوتەمـی زایینیـیەوە ڕەوایەتـی بەو کـارەی خۆیـان دەدەن؛ واتە ئەو

کاتەی پێغەمبەر ناچار کرا کۆچ بکات بۆ مەدینە تا لە دەستی ئەو "موشریکین"ە هەڵێت کە دەیانویست بیکوژن. وایان لێ دەکرێ باوەڕ بەوە بهێنن کە ئێمە تاکو ئێستاش هەر لە سەردەمی سەدەی حەوتەمدا دەژیین، یان وردتر، ئەوەی کە ئێستاش کە هەمان بارودۆخی ئەوسادا دەژین...

- بەڵام ئەوان باش دەزانن کە ئێمە ئێستا لە سەدەی بیستویەکداین!

- ڕاستە، بەڵام ئەوان وەکو ئێمە بیرناکەنەوە. دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەو خەڵکانە بەهایەکی ئەوتۆ بۆ ژیانی سەرزەمینییان دانانێن، ئەوەی گرنگە بە لای ئەوانەوە، ژیانی ئاخیرەتە. باوەڕێکی تەواویشیان بەوە هەیە کە خوا بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدات و خوا هەموو شتێکی لە ناوچەوانی مرۆڤ نووسیوە، بۆیە گەر پێویست بێت بمرن، بەبێ هیچ دوودڵی و ترسێک ئەو مردنە قبووڵ دەکەن، چونکە لەوە دڵنیان کە مرۆڤ بەتەنها ئامرازێکە بە دەستی خواوە.

- جا تۆ لەو بڕوایەدایت کە ئەوانە بەڕاستی باوەڕدار بن؟

- نازانم، بەڵام ئەگەر باوەڕیان بەوە نەبێت، ئەی چۆن ئەوە دەکەن؟ ئەوان فەرمانێک جێبەجێ دەکەن وادەزانن لە ئاسمانەوە بۆیان هاتووە، با هیی خەڵکانێکیش بێت کە یاری بە چارەنووسیان دەکەن. ئەمانە خەڵکانێکی شێتیش نین، بەڵکو خەڵکانێکن لەو باوەڕەدان کە چوونەتە سەر ڕێی ڕاست و ئەو ڕێگەی ڕووناکییەی کە دەمێک بوو چاوەڕێی بوون. ئەگینا چۆن ڕەفتاری ئەو کوڕ و کچە لاوە

ئەورووپییانە لێکبدەینەوە کە زۆر خوێنەوارن و لادەر و موعتاد نین لەسەر مادده هۆشبەرەکان، کەچی دەچن ڕێی جیهاد دەگرنە بەر، بەو کارەشیان، هەم کەسوکاریان و هەم هەموو ئەوانەی دەوروبەریان دووچاری شۆک دەکەن، چونکە ئەوەی چاوەڕێیان نەکردووە ئەوەیە کە بەدزییەوە ئەو قەناعەتەیان لا دروست بێت و بچنە ڕیزی هێزی جیهادییەکانەوە، چ لە سوریا بێت یان عیراق.

- جا باشە ئەوە چ ڕێگەیەکی ڕوونـاکە کە بەرەو مەرگیان دەبات؟

- بە باوەڕیخۆیان ئەوەی دەیکەن خراپە نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی کۆمەڵێک فەرمانی هەڵقولاو لە تێڕوانینێکەوەیە کە جیهادییە پسپۆڕەکان لە مێشکیاندا دەیچێنن. ئەو ئەرکەش بە ئەرکێکی "ڕزگارکەر" دەزانن، واتە ڕۆحیان ڕزگار دەکات.

- کەواتە جیهادی ڕاستەقینە چییە؟

- جیهاد لە کاتی ئاشتیدا بریتییە لەو هەوڵ و تەقەلایەی هەموو مرۆڤێک لەگەڵدەروونی خۆیدا دەیدات تا ببێتە موسڵمانێکی چاکەکار، واتە بانگەشە بۆ چاکە بکات و دژایەتیی ستەم و خراپە بکات. ئەمەش تەقەلایەکە قورئان سەپاندوویەتی. لە کاتی جەنگیشدا، جیهاد واتە وەستانەوە لە ڕووی ئەوانەدا کە هێرش و دەستدرێژی دەکەنە سەر ئیسلام. کوشتنە لەڕێی خوادا و لەپێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامدا. لەم حاڵەتەشدا، موسڵمانی باوەڕدار ئامادەیە ژیانی خۆی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایدیالی خوداییدا لەسەر زەوی بکاتە قوربانی. بەڵام ئەمڕۆ هێرشکردن و دەستدرێژیکردنی

جیددی بۆ سەر ئیسلام نییە، بگرە بەپێچەوانەوە، ئیسلام دەیەوێ بە هەر نرخێک بووە پەلوپۆ بهاوێ و خۆی بە دنیادا بڵاوبکاتەوە.

- باشە چی دەکەن بۆ ئەوەی ئەوە بخەنە مێشکی لاوانەوە کە ئێمە ئێستا لە حاڵەتی جەنگداین؟

- کار بۆ ئەوە دەکەن وا لەو لاوانە بکەن باوەڕ بەوە بهێنن، کە ئێمە هێشتا لە ڕۆژگاری دابەزینی پەیامی ئیسلامیدا دەژیین وەکو دینێک، کە هەموو مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات و هێشتا ئەو سەردەمە لەئارادایە. ئەوەی سەیریشە ئەو کەسانەی یاری بە ئەقڵی ئەو لاوانە دەکەن پشت بەو تەکنۆلۆجیا و دەسکەوتە مۆدێرنانە دەبەستن، کە بەرهەمی زانست و سەدەی بیستن. وەکو دەشزانیت، ئەمانە لەو پێناوەدا ئامێرێکی پڕوپاگەندی زەبەلاح و کاریگەرییان خستووەتە گەڕ، هەر لە فیلمی ڤیدیۆیی و نامەی دەنگی و وێنەی هێدمەبەخش و وتنەوەی بەردەوامی ئایەت و سوورەتەکانی قورئان و پیشاندانی کۆمەڵێک دیمەنی ژیانی ڕۆژانە کە بەڕواڵەت کەشوهەوایەکی برایانە و پڕ لە سۆز و خۆشەویستی دەخەنە ڕوو. هەموو ئەمانەش، سیحری خۆیان لەسەر ئەو بەکاربەرە دەکەن کە خاوەنی هەست و هۆشیارییەکی ڕەخنەیی نییە و بێ هیچ بەرهەڵستییەک ڕادەستی ئەو نامە ئاراستەکراوانە دەبێت. ئامانجەکەش لەناوبردنی هەموو ئازادییەکی بیرکردنەوەیە لای ئەو لاوانە، ئەوانە نابێ هزر و هۆشی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵکو دەبێ ڕادەست بن و بەئەمەک بن و قوربانی بدەن و ئەو ئەرکانە

جێبەجێ بکەن کە لەسەر شانیانە، یان داوایان لێ دەکرێ. هەندێ ڕێبازی تریش هەن کە بە مەبەستی "کۆنترۆڵکردن"ی هەوادارانیان پەنا بۆ هەمان ڕێگەو شێواز دەبەن.

- ئەمە جۆرێک نییە لە بازاڕسازییش؟

- بێگومان. زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی زانستی شتەکان دیراسە دەکرێن بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەقڵ و ژیانی خەڵک. هەر ئەمەیە پێی دەوترێ"ئاڕاستەکردنی بیروباوەڕ"، لەم ڕێیەوە، ئەوەندە کۆمەڵێک چەمک چەندبارە دەکەنەوە، تا باوەڕ بە بەرامبەرەکانیان دەهێنن کە هەقیقەت لای ئەوانە، نە لە شوێنێکی تر. ئەمە پرۆسەیەکی پەروەردەییە.

- باشە، ڕەفتاری ئەو ڕواڵ (مراهق)ەی مارسیلیا چۆن لێکدەدرێتەوە، کە قوتابییەکی باش و بەپەروەردە بووە و سەر بە خێزانێکی کوردی تورکیا بووە، لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/١١دا کاردێکی بەدەستەوە بووە و چووە تا جوولەکە بکوژێت.

- ئەم کوڕە کە تەمەنی لە شانزدە ساڵ تێنەپەڕیوە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە بە "دەوڵەتی ئیسلامی" ئاشنا دەبێت. کەسیش سەرنجی ڕەفتاری توندڕەوی ئەوی نەداوە، نە کەسوکاری و نە مامۆستاکانی. بەڕێکەوت پڕوپاگەندەی جیهادییەکانی بینیوە لە ئینتەرنێتدا. لە بەندیخانەشدا لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان نەبووەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەئاشکرا لایەنگیریی خۆی بۆ "دەوڵەتی ئیسلامی" دەربڕیوە و وتوویەتی داخ بۆ ئەوە دەخوات کە قوربانییەکەی نەمردووە. بێگومان چارەسەرکردنی ئەمجۆرە لادانانە، دژوارە. هەڵبەتە

دیـاره كە پڕوپاگەنـدی جیهادییەكـان پڕیـان كـردووە لە ڕق بەرامبەر بە جوولەكە، بەڵام ئیتر چۆن گەیشتووەتە ئەوەی بچێت و ئەو كردەوە تیرۆریستییە ئەنجام بدات؟ لەناوبردنی ئەمجۆرەی تیرۆر ئاسان نییە...

- ئەی چۆن ڕووبەڕووی ئەم پڕوپاگەندانە ببینەوە؟

- بۆ سەركەوتن لەم كارەدا، دەبێ ئینتەرنێت پاك بكرێتەوە، ئەمەش لەڕووی كردەییەوە ئەستەمە. وەكو پێشتر باسی تویتەریشم بۆ كردیت، لە وڵاتی دیموكراتـدا نـاكرێ خەتـی ئینتەرنێـت ببـڕدرێ لەبەرئەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستییشی تیا بڵاودەكرێتەوە. دەبێ خێزانەكان زۆر وریا بن و چاودێریی مناڵەكانیان بكەن و بزانن لە ئینتەرنێتدا دوای كام سایتانە دەكەون. هەرچەندە ئەمەش كارێكی ئاسـان نییە، بۆیە وا چاكترە خێزانەكـان پەیوەنـدیی تونـدوتۆڵ و بەردەوامیان لەگەڵ مناڵەكانیاندا هەبێت، تا لەو ڕووەوە یارمەتییان بدەن و وریایان بكەنەوە و كاتیان بۆ تەرخان بكەن و باسی ئەو شتانەیان بۆ بكەن و متمانەیان لا دروست بكەن و وایان لێ بكەن هەست بە بەرپرسیارێتی بكەن. ئەمە بەڕاستی گرنگە، بەتایبەتییش لە قۆناغی ڕواڵیدا. لەپاڵ ئەمەشدا، دەزگاكانی پەروەردە و میدیا.

- من لە سـایتێكدا خوێنـدمەوە كە دوژمنـایەتیكردنی جـوولەكە، شـتێكی گەلـێ بـاو بـووە لە نێوەنـدی ئەو تیرۆریسـتانەی بەنـاوی ئیسـلامەوە كـار دەكەن. ڕێـگەی بەگژداچـوونەوەی ئەمجۆرە لە ڕەگەزپەرستی چییە؟

- دوای ئەو هەوڵـی تیـرۆرەی مـانگی ٢ی ٢٠١٦ لە مارسـیلیا ڕووی دا، بەشێك لە حاخامەكانی جوولەكە دوایان كرد "كیپا" (ئەو كـڵاوەی جوولەكەكـان لەسـەری دەكەن-و-) لەسـەر

نەکەن، لە ترسـی ئەوەی نەک بناسـرێنەوە و بـکەونە بەر هەڕەشـەی مەترسـی. بەڵام کێشـەکە زۆر لەوە قـووڵترە، ئەم ڕقەبەرایەتییەی جوولەکە شتێکی تازە نییە. هەر بۆ نموونە، لە فەرەنسـادا دژایەتیکردنـی جـوولەکە مێژوویەکـی درێـژی هەیە،بەڵام دەبـێ جیاکـاری بکەیـن لەنێـوان دژایەتیکردنـی مێژوویـی جـوولەکە لە ئەورووپـادا (ڕەنـگە مەسـەلەکەی "درایفۆس"ت بیستبێت، ئەو ئەفسەرە جوولەکەیەی لە سوپای فەرەنسیدا بوو و تۆمەتی خیانەتی خرایە پاڵ و بووە هۆی ئەوەی فەرەنسـا بکـات بە دوو بەرەوە، بەرەیەکیـان بەتونـد دژایەتیـی جوولەکەیـان دەکـرد و بەرەکەی تـریش دژایەتیـی ڕەگەزپەرستییان دەکرد، کە ئەمیل زۆلا ڕابەرایەتیی دەکردن. بێگومـان قەلاچـۆکردنی جوولەکەکانیشـت لەسـەر دەسـتی نازییەکـان بیستووە"هۆلۆکۆست") لەگەڵ دژایەتیکردنی نوێی جـوولەکە لە لایەن بـزاڤە جیهادییەکـانەوە. لە سـەردەمی پێغەمـبەردا نـاکۆکییەکی گەورە کەوتە نێـوان جـوولەکە و موسـڵمانەوە، کـاتێ موسـڵمانەکان لەنێـوان سـاڵانی ٦٢٢ و ٦٣٢دا جوولەکەکانی مەدینەیان بەوە تاوانبار کرد خیانەتیان لەو پەیمانە کردووە کە لەگەڵ پێغەمبەر بەستیان. ئیتر ئەو شتە لە بیر و هزری جیهادییەکان و ڕابەرەکانیاندا ماوەتەوە، کە جوولەکەکان خیانەتیان لە پێغەمبەر کردووە، ئەمەش ئەو بیـرۆکەیەیە کە تەوژمە ئسـووڵییەکانی ئەمـڕۆ زینـدوویان کردووەتەوە.

- کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنـێ کە ئەو کێشـەیە لە سـەرەتای ئیسلامەوە هەبووە؟

- بەڵـــێ، بەڵام ئەمە نەبـــووە کۆســـپ لەبەردەم جـــوولەکە و موسـڵمانەکانی ئەندەلوسـدا و تـا سـەدەی پـانزدە بەوپەڕی لێکگەیشـتنەوە پێکەوە دەژیـان، واتە تـا سـەرەتای سـەردەمی دادگاکانی پشکنین، پاشـان لەوێوە بەرەو مەغریب و وڵاتـانی تـری ئیسـلام هەڵاتـن و بێ کێشـەیەکی ئەوتـۆ لەوێ ژیانیـان بردە سـەر، تـا کـاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسـرائیل لە سـاڵی ١٩٤٨دا.
- لە فەرەنسا یاسایەک هەیە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی خەڵک بۆ دژایەتیکردنی ڕەگەزی جیاواز هاندەدەن؟
- بەڵـێ. کۆمەڵێـک یاسـا بـۆ قەدەغەکردنـی ڕەگەزپەرسـتی و دژایەتیکردنـــی جـــوولەکە هەن، بەڵام ئەمە نەیتوانیـــوە ڕقـــی خەڵکانێک بەرامبەر بە جـوولەکە لەناوبەرێت. پڕوپاگەنـدەی ئیسلامی زۆر بەتوندی بانگەشە بۆ "ڕقەبەرایەتیی جوولەکە" دەکـات. مەراح و نەمموش و کۆلیبالی هێرشـیان کـردە سـەر کەسـانێکی جوولەکە، لەبەرئەوەی ئەوان بە بەرپرس دەزانـن لە مەینەتیی موسڵمانەکان لە فەلەستین و ئیسرائیل.
- ئەی چی بکرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پڕوپاگەندەیە؟
- لەم ڕووەوەدەبـــێ موســـڵمانەکان و جوولەکەکـــان پـــێکەوە تێبکۆشـن، چـونکە ڕق لە جـوولەکە و ڕق لە موسـڵمان، دوو دیـوی دراوێکـن. دەبـێ بەقـووڵی کـار لەســـەر ئەمە بـکەن، بێگومـان ئەمەش کارێـک ئاسـان نیـیە. بەتەنهـا پەروەردەش ناتوانێ ئەمە بکات، بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوە و بایەخدان بە کولتـــووری یەکـــدی و کـــرانەوە بەڕووی جیهانـــدا هەیە. هەروەها پێویستە حەز بۆ زانین و پەرەدان بە ڕۆحی زانست

و خەیاڵ لە دەروونی منداڵەکانماندا بچێنین و لەگەڵیان بدوێین و لەو هەرایانە دووریان بخەینەوە کە بەها مرۆییەکان ئەفەرۆز دەکات و وریایان بکەینەوە لەو وێنانەی فریودەر و وروژێنەرن و لە حوکمی پێشوەختە لەسەر شتەکان بیانپارێزین. دەبێ بەردەوام لەئاستیاندا وریابین، لەبەرئەوەی پڕوپاگەندەی ڕقەبەرایەتی هەندێجار لە قسەی کەسوکار و خێزان زۆر کاریگەرتر دەبێت لەسەریان.

- بابە، پرسیارێکت لێ دەکەم،ڕەنگە پێشت ناخۆش بێت، چونکە دەزانم خەڵکانێکی زۆر ئەو پرسیارەت لێ دەکەن. پێم بڵێ بۆ دەبێ لە ئیسلام بترسین؟ پاشان بۆچی ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە ئیسلام دەترسن و لە ئەورووپا دەژین، ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە؟
- پێش هەموو شتێک، مەبەستت لە کام ئیسلامە؟
- بۆ لە ئیسلامێک زیاتر هەیە؟
- نەخێر. بەڵام لێکدانەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەو دەقانەی کە کۆڵەکەی دینی ئیسلامن. وەکو دەزانیت، ئیسلام دینێکی یەکتاپەرستە، باوەڕی بە یەک خوا هەیە، کە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و ئەویش"ئەڵڵا"یە. لە هەردوو دینە یەکتاپەرستەکەی تریشەوە کۆمەڵێک شتی وەرگرتووە، واتە دینی جوولەکە و دینی مەسیحی. وەکو هەر دینێکی تریش، ئیسلام بەردەوام لێکدانەوەی جیاواز و بگرە ناکۆکبەیەکیشی بۆ کراوە، کەواتە ئیسلام هەیە و ئەوانەش هەن کە بە لێکدانەوەکانیان ئەو دینە بەلای توندوتیژیدا دەشکێننەوە، لەبەرئەوەی نەچوونەتە قووڵایی و وردەکارییەکانی ئەو

دینەوە. شتی وایان داوەتە پاڵ ئیسلام، کە نەیوتووە. ژمارەی ئەو موسڵمانانەش زۆرن کە بە سەنگینی و میانڕەوی ژیانی خۆیان دەبەنە سەر،بەڵام ئەمانە لە میدیاکاندا دەنگیان نابیستریٚ، ئەمەش وا دەکات میدیاکان زیاتر ببن بە مینبەرێک بۆ ئەهلی توندوتیژی لە ئیسلامدا.

- بەڵام خەڵک جیاکاری ناکەن لەنێوان لێکدانەوە جیاوازەکانی دەقەکاندا. بە بۆچوونی ئەوان ئیسلام ترسناکە، لەبەرئەوەی کەسانێک کە لافی ئیسلامبوون لێدەدەن، بیٚ هیچ دوودڵییەک، دەستاین دەچێتە کوشتنی ئەوانەی بە کافریان دەزانن. ئەمەش دەبێتە مایەی چاندنی ترس لە دڵی ئەوانەدا، وانییە؟
- ئیسلام لەو کردەوە تیرۆریستییانەدا کورت ناکرێتەوە. لەوانەیە پێت سەیر بێت، سی ساڵە قوربانییەکانی ئەم ئیسلامە توندڕەوە موسڵمانەکان خۆیانن.
- ئەی کەواتە بۆ هیچ سەرکردەیەکی موسڵمان بەڕووی ئەمانەدا دەنگ بەرز ناکاتەوە و ڕیسوای ناکات؟
- لەبەرئەوەی لە ئیسلامی سوننیدا ئیمام و مەرجەعییەتێک ئامادە نییە، بەم پێیە کەسی باوەڕدار ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە خوا بەرپرسیارە، کەسیش سەرپشک نییە بەناوی هەموو موسڵمانانەوە قسە بکات. بەڵام شیعە (شوێنکەوتوانی ئیمام عەلی، کە زاوای پێغەمبەر بووە)، ئاییزا گەورەکەی تری ئیسلام، ئەوان هیرارکییەتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، مەلا و ئایەتوڵلا و موفتی و...هتد. پاشان دوای هێرشەکانی ٢٠١٥/١/١٧ و ١١/١٣ی هەمان ساڵ، زۆربەی موسڵمانان ترسی خۆیان لەو ڕووداوانە دەربڕی و وتیان کە نابیٚ

بەناوی ئیسلامەوە کوشت و کوشتار بکرێ، بەڵام مەخابن ئەوەیان ڕێکخراو نین تا بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی گوزارشت لەو ناڕەزاییە بکەن.

لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ناڕازیبوونێکی زۆر هەیە بەرامبەر بەوە و هەرکاتێ بەناوی ئیسلامەوە دەستدرێژییەک ڕوودەدات، موسڵمانەکان زۆریان پێ ناخۆشە، چونکە دەزانن ئەوە بە چ ڕادەیەک دەبێتە مایەی شێواندنی وێنەیان لە دنیادا. گەلێ لە زانایانی ئایینییش هێرشەکانی ٧ و ٩ی کانوونی یەکەم/ جەنیوەرییان ڕیسوا کرد، بە شێخی ئەزهەریشەوە. هەروەها زانا ئایینییەکانی مەغرێبیش فەتوایان دژ بە دەستدرێژییەکانی ١٣ی نۆڤەمبەر دەرکرد، بەڵام وەکو پێم وتیت، دەسەڵاتیان ناگاتە دەسەڵاتی پاپا.

- موسڵمانەکانی فەرەنسا بۆ یەکناگرن؟

- بەهۆی نەبوونی سەرۆکێک، یان سەرکردەیەکەوە لەناو سوننەکاندا (کە زۆرینەن). سیاسەتێکی ڕێکخراویشیان نییە. جگە لەوەی ئیسلامی سوننی بەسەر زیاد لە تەوژم و لقێکدا دابەش بوون، ئەمەش وادەکات ڕێکخستنیان زەحمەت بێت و نەتوانن لەسەر کەسێک ڕێکبکەون کە قسەکەری هەموویان بێت. ناکۆکی و جیاوازی لە بیروبۆچوونیاندا هەیە، وەک دۆخی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر.

- وایدەبینم دوای هێرشەکانی ٧ی جەنیوەریی ٢٠١٥، کە نووسینگەی گۆڤاری"شارلی ئیبدۆ" و مارکێتی هایپەر کاشیەیان کردە ئامانج، دواتریش شانۆی باتاکلان، موسڵمانەکانی فەرەنسا زۆر لەو کردەوانە ناڕازی بوون.

- بێگومان، ئەم کردەوە دڕندانە هەموو خەڵکیان دووچاری شۆک کرد، کاریگەریی لە ژنان و پیاوانێکی زۆری دنیا کرد،

لەبەرئەوەی قوربانییەکــــانی ئەو کــــردەوەیە کۆمەڵێــــک ڕۆژنامەوان ونیگارکێش و شاعیر و کاریکاتێریست بوون، کە نە ڕقیان لە کەس بووە و نە حوکمی پێشەوەختەیان لەسەر کەس داوە. ئەوان کاریکاتێریـان لەسـەر هەمـوو کەسـێک و هەمــوو شــتێک کــردووە. هەڵــبەتە لە ســەرێکی تــرەوە، کەسانێکیش هەبوون ئەو کوشتارەیان پێ خۆش بوو. ئەو کەسانەش هەن، با ژمارەشیان کەم بێت. کاتێکیش فەرەنسا وەکــو ڕێزلێنانێــک لەو قوربانییــانە خولەکێــک بێــدەنگیی ڕاگەیاند، هەندێ خوێندکار لە حەفتا خوێندنگە بەشدارییان لەو ڕێوڕەسمەدا نەکرد. بێگومان ئەم ژمارەیە زۆر کەمە گەر بــزانین لە فەرەنســادا ٦٤٠٠٠ خوێنــدنگە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ ئەوە بە هەند وەربگیردرێ. لەسەرێکی ترەوە دەمارگیریی ڕەگەزپەرستانە دژ بە موسڵمانانیش لە فەرەنسا و ئەورووپــادا بەشــێوەیەکی بەرچــاو زیــادی کــردووە. بەگوێرەی چاودێرگەی نیشتمانیی لەناوبردنی ئیسلامۆفۆبیا، کردەوەی ناحەزانە بەرامبەر بە ئیسلام (وەکو هێرشکردنە ســەر حیجابپۆشــان و پیســکردنی شــوێنە پیرۆزەکــان و پەرستگەکان و جنێو و هەڕەشە) لە وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا بەڕێـژەی پەنجـا لە سـەدا زیـادی کـردووە لەچـاو وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤دا.

- بـا بگەڕێینـەوە بـۆ ڕووداوەکەی ٧ی جەنیـوەری، لەکاتێکـدا هەمــوو فەرەنســا هێشــتا لەژێــر کــاریگەریی شــۆکی ئەو ڕووداوەدا بوو، کەچی هەندێ لاوی ناوچەکانی دەوروبەری شــار دەیــانوت:"من شــارلی نــیم، ئەوانە تاوانیــان دەرهەق

بەخۆشیان کردووە، نەدەبوایە قسە بە پێغەمبەر بڵێن".
لێکدانەوەی تۆ بۆ ئەمە چییە؟

- بەڵێ، ڕۆژنامەکان هەندێ بابەتیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هەندێ موسڵمان "سەرسوورمان و بگرە سەرسامی"ی خۆیان بەرامبەر بە بکوژەکانی ستافی گۆڤاری شارلی دەربڕیبوو. بەرامبەر بە دروشمی "من شارلی" دروشمێکی دژیان بەرز کردبووەوە، کە ئەویش دروشمی"من شارلی نیم، من کواشی و کۆلیبالی"م (کە ناوی بکوژەکانە). تەنانەت ژان ماری لوپانیش، کە سەرۆکی فەخریی بەرەی نیشتمانییە، لە ڕاگەیاندنێکدا وتی: "من شارلی نیم".

هەر لەم سەروبەندەدا، جەمال جەناوی، مامۆستا و قسەکەری فەرمی بەناوی"کۆمەڵەی دیموکراتی شێوەکانی هەمەجۆری" بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکانی ڕۆژنامەی "فیگارۆ" (٢٠١٥/١/١٤) قسەی کردووە و وتوویەتی:"ئەوان هیچ شتێک پێشکەش ناکەن. ڕقێکی ئەستووریان هەیە، دەبێ لەم ژینگەیە دووربخرێنەوە تا ئەو دەمەی دەتوانن ئەوانی ترو هەروەها خۆیان قبووڵ بکەن. ئەوانە بەدبەختن و ئامادەن دوای یەکەم قارەمان، یان وتاربێژ بکەون...". بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان لەسەر پێغەمبەر، دەرفەتی بەمانە دا کە بە ئاشکرا ناڕەزایی دەرببڕن و شوناسی ئیسلامیی خۆیان بخەنە ڕوو. هەربۆیە دەڵێم لەسەر ئاستێکی قووڵ پێویست بە کارکردن دەکات. ئەمانە پەراوێز و پشتگوێ خراون و بایەخیان پێ نەدراوە، بەڕادەیەک کە لەناو کۆمەڵگەیەکی بچووکدا بەڕووی خۆیاندا داخراون، کە یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. کۆمەڵێکناوچە هەن پۆلیس بەسەریان ناکاتەوە، لەبەرئەوەی بە مەترسیداریان دەزانێ.

- ئەو جۆرە کەسانە سەبارەت بە ئیسلامچی دەزانن؟

- شتێکی ئەوتۆ نازانن. ڕەنگە هەندێ ئایەتیان لەبەر بێت، یان هەندێ دروشم بۆ پاکانەکردنی دەروەستییەکەیان، بەڵام لە هاوینی ٢٠١٤دا وەختێ بیستیان سەرۆکی فەرەنسا، فرانسوا هۆلاند و سەرۆکوەزیرانەکەی؛ مانوێل ڤالس، بێ هیچ چەندوچوونێک، پشتی ئیسرائیل دەگرن، لەکاتێکدا سوپاسی ئیسرائیلی بە شێوەیەکی بەردەوام بۆردومانی غەززە دەکات، دیارە ئەوەندی تر ڕقیان هەستاوە. ئەوە بوو دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٥/١/٧، هەندێ خوێندکاری قوتابخانەیەکی ئامادەیی قەراغ شار دەیانوت:"بۆچی ئێمە خولەکێک بێدەنگی ڕابگرین بۆ ڕۆحی جوولەکەکان، لە کاتێکدا ئەوان کەسیان ئەم هاوینە خولەکێک بۆ ڕۆحی فەلەستینییەکان بێدەنگییان ڕانەگرت؟".لەڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە و متمانەی ئەو لاوانەش بە کۆمار ناهێڵێت. هەندێکیشیان هاوخەمی مەسەلەی فەلەستینن، وەکچۆن هەندێ لە جوولەکەکان لایەنگری ئیسرائیلن. بەڵێ، ئەم لاوانە هەستێکی زۆر بە ستەم دەکەن، چونکە دەبینن ئەو هاوخەمییەی بۆ سەربازە ئیسرائیلییەکان هەیە، بۆ قوربانییە فەلەستینییەکان نییە. بانێکە و دوو هەوا. ئەم ململانێیە و ئەم شێوە مامەڵەیەی سیاسییەکان و میدیا پەیڕەویی لێ دەکەن، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دابڕانی نێوان ئەو لاوانە و کۆمەڵگەی فەرەنسی. بەلایەنی کەمەوە، وەختێ لێیان دەپرسیت، وا دەڵێن. بەشێکیشیان تەواو لەژێر کاریگەریی کۆمێدینووس (دیودۆنێ مبالا)دان، کە دژایەتیی ئیسرائیل دەکات. زیاتر لە ملیۆنێک کەس شریتە ڤیدیۆییەکانی ئەویان بینیوە.

- دووبـاره هەمـان پرسـیارت لـێ دەکەمەوە: ئـاخۆ دەبـێ لە ئیسلام بترسین؟
- بەڵێ، لەوانەی کە دینی ئیسلام بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن کە دەسـەڵاتی خۆیـانی پـێ فراوانتـر بـکەن و بیـانەوێ لەو ڕێـیەوە دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر خەڵکـانی تردابسـەپێنن. لەمـــڕووەوە، جیهادییەکـــان خەتەرنـــاکن. ســـەبارەت بە ژمارەشـیان، وەزیـری نـاوخۆی فەرەنسـا لە ٢٠١٦/٢/٣دا ڕایگەیانـد کە: "ژمـارەی ئسـووڵییەکان لە فەرەنسـادا ٨٢٥٠ کەسـە". دەشـێ ئەمە ژمارەی خۆبەخشـەکان بێت بۆ جیهاد. هەڵبەتە ئاماری ئەو کەسانە لەبەردەستدایە، بەڵام فەرەنسا ناتوانێ بەردەوام چاودێرییان بکات. لەمانە پێنجسەد کەسیان لە ســوریاوە گەڕاونەتەوە. جـا ئیتـر بە پەشـیمانییەوە گەڕاونەتەوە، یـان "بـۆمبی تەوقیتکـراو"ن؟ ئەمەیـان سـاغ نەبووەتەوە. هەندێکیان خراونەتە زیندانەوە تا دواتر بدرێن بە دادگـا، بەڵام ئەمە کێشـەکە چارەسـەر ناکـات، بگـرە زیندانیکردنیان توندڕەوتریان دەکات.
- کەواتە هۆکارێکی کردەیی هەیە بۆ ترس...
- تـۆ خـۆت دەزانیـت بەتـایبەتی لە فەرەنسـادا و لای فەرەنسییەکان، ئەو ترسە لە ئیسلام و موسڵمانان پاساوی خـۆی هەیە. بـۆ نمـوونە، بەگـوێرەی ئەو شـەریعەتەی کە هەندێ دەوڵەتی ئیسلامی جێبەجێی دەکەن، ژنان هەمان مافی پیاوانیـان نییە، ڕێگە بە فرەژنـی دەدرێ و تەڵاق لە دەسـتی پیاودایە و تەنانەت تا دەگاتە بەردەبارانی ژنان. لە میراتیشدا، کچـان و ژنـان نیـوەی ئەو بەشـەیان بەردەکەوێ کە بەر

پیاوان دەکەوێ... و هتد. ئەم تێڕوانینە تاریک و ئسوولییە بۆ جیهان، لە بیری بزاوتی ئیخوان موسلمیندا"پاساودراو"ە، ئەو بزاوتەی ساڵی ١٩٢٨ لەسەر دەستی "حەسەن بەننا" دامەزرا. ئەم پیاوە دەڵێت کە "ئیسلام باڵاترین سیستمە"، بۆیە دەبێ کۆمەڵگە بەئیسلامی بکەین و دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بگرین و "دەوڵەتی ئیسلامی" دابمەزرێنین و شەریعەت جێبەجێ بکرێ و "پرنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادیی تاکەکەس و عەلمانییەت و هتد.." نەهێڵرێ.

- دەکرێ بڵێین جیهادییەکانی ئەمڕۆ پشت بە بیروبۆچوونەکانی ئەو کۆمەڵە دەبەستن؟
- سەبارەت بەم خاڵە دەتگەڕێنمەوە بۆ کتێبی (ئیسلام وەک ئەوەی بۆ مناڵەکانمان و باوکانیان ڕاڤە دەکەین) کە تێیدا هەوڵم داوە هەموو ئەو شتانە ڕاڤە بکەم بەبێ ئەوەی لەگەڵیدا بم. کاتێک ئەورووپییەکان دۆخی ژنان دەبینن لە هەندێ وڵاتی دیکە، تووشی شۆک دەبن؛ کاتێ دەزانن بەپێی شەریعەت ئەگەر یەکێک دزی بکات، دەستی دەبڕنەوە، یان تۆمەتی خیانەت بخرێتە پاڵ ژنێک، بەردەبارانی دەکەن، یان کاتێ بۆیان دەردەکەوێ کەسێکی مەحکوم بە لەسێدارەدان، سەری دەقرتێنن، لەبەر ئەوەی هەندێ تاوانی کردووە کە لەگەڵ یاسای گشتیدا یەکناگرێتەوە یان هەڵگەڕاوەیە، بەئاشکرا ئەو جۆرە ئیسلامە ڕەت دەکەنەوە.
- مەبەست لە هەڵگەڕاوە چییە؟
- هەڵگەڕاوە ئەو باوەڕدارەیە کە لە دین هەڵدەگەڕێتەوە و بێباوەڕیی خۆی ڕادەگەیەنێ و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە

که خــوا نیــیه.له خۆرئــاوا، ئەمه دەچێــته چوارچێــوەی ئەو "ئــازادیی بیروبــاوەڕ"ەوەی که دەســتووری هــیچ دەوڵەتێکــی ئیسلامی ددانی پێدا نانێت، جگه له دەستووری نوێی تونس.

- واته سزای هەڵگەڕاوه لەسێدارەدانه؟
- بەڵێ. ئیسلام وەک ئەوەی له هەندێ وڵاتدا پراکتیک کراوه، هەڵگەڕانەوه به تاوان له قەڵەم دەدات. له مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا له ســعوودیه حــوکمی ئیعــدام بەســەر شــاعیری فەلەســتینیی نیشــتەجێی ئەو وڵاته، ئەشــرەف فەییــازدا درا. هەرچەنــد هــاواری کــرد که بێتــاوانه و بێبــاوەڕ نیــیه، بەڵام سوودی نەبوو و له زیندانندا هێشتیانەوه. هیوادارین بەهۆی جووڵەی نێودەوڵەتییەوه هیممەتی بۆ بکرێ و ئەو حوکمەی بەسەردا جێبەجێ نەکرێ. (دواتر سعوودیه لەژێر گوشاردا ئەو حوکمەی گۆڕی بۆ ٨ ساڵ زیندانیکردن– و. کوردی).
- کەواته بــۆیه ئەورووپییەکــان حەز به بڵاوبــوونەوەی ئەم جۆره ئیسلامه ناکەن له وڵاتەکانیاندا. بۆ نموونه "Lega Nord" یەکێتیــی بــاکوور له ئیتاڵیــا، که لایەنگرەکــانی هەســت دەکەن تــرس و نیگەرانیــیەک لەئــارادایه، دەڵــێن که دەبــێ هەمــوو هەوڵێک بۆ ســەرکوتکردنی ئیســلامییەکان بدرێ له ئیتاڵیــادا. تەنــانەت ڕۆژنامەنووســێک له فەرەنســا وتــی پێویســته "دەربکرێن". ڕای تۆ لەم بارەیەوه چییه؟
- یەکێتیی باکوور له ئیتاڵیا، وەکو بەرەی نیشتمانی له فەرەنسا یــان بیگیــدا (نیشــتمانپەروەره ئەورووپییەکــانی دژ به ئیســلامکردنی خۆرئــاوا) و حیزبی نیشــتمانیی دیمــوکراتی له ئەڵمانیا و حیزبی ئازادیی نەمسا و حیزبی فلامز بیلانگ له

بەلجیکا و حیزبی نازییە تازەکان "ئۆب" لە یۆنان و هتد... ئەمانە کۆمەڵێک حیزبی ڕاستی توندڕەون، کە ئامانجی سەرەکییان دژایەتیکردنی کۆچە، بەتایبەتییش کۆچ لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە. ئەمانە بەبێ ئەوەی هۆی کۆچی ئەو کۆچبەرانە ڕوون بکەنەوە، ترس لە دڵ و دەروونی خەڵکدا دەچێنن. بەوەش دەیانەوێ دەنگی دەنگدەران بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، لەبەرئەوە ئەم حیزبانە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی باش بەدەست دەهێنن. دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە چارەکی دەنگەکانی ئەورووپا بەدەست دەهێنن. ئەمەش بەهۆی ئەو"ئیسلامۆفۆبیا"یەوە کە پڕوپاگەندەی ئەم حیزبانە بڵاوی دەکەنەوە.

- ئەورووپا چۆن بەم دۆخە گەیشت؟
- ترس. ترس و حوکمی پێشوەختە و ڕەگەزپەرستی، لە سەروو ئەمانەشەوە، ئەو هێرشە کوێرانانەی خەڵکانێکی مەدەنیی بێگوناه دەکەنە ئامانج. تیرۆر ترس دەچێنێت و بە هەموو شوێنێکدا بڵاوی دەکاتەوە. سیاسەتمەدارەکان دەرکیان بەوە کردووە کە بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا پێویستیان بە یاریی ترساندن هەیە. تەنانەت دانیمارک و سویدیش، کە بەوە ناسراون لە کۆچبەریدا پەیڕەوی لە سیاسەتێکی باش دەکەن، دوای ئەوەی ترسی خۆیان لە خەتەرناکیی ئیسلام پیشان دا، ڕاستە توندڕەوەکان لەو دوو وڵاتە پێشکەوتنێکی باشیان بەخۆوە بینی. (حیزبی دیموکراتی لە سوید ٢٥ لە سەدا و لە دانیمارکیش ٢١ لە سەدا).
- بیانوو بۆ ئەم ترسە هەیە؟

- من له ترسی ئەو میللەتانە تێدەگەم کە لەو ڕووەوە زانیاریی تەواوەتییان، بەتایبەتییش کاتێک ئاسایشیان لەلایەن کاربەدەستانی بەرپرسەوە مسۆگەر ناکرێ. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ترساندن و دروستکردنی نیگەرانی لە بەخشینی دڵنیایی بە خەڵک ئاسانترە. ئەم ترسە دوای ئەو هێرشانە گەورەتر بوو کە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا کرانە سەر سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک، کە بووە مایەی کارەساتێکی مەزن لەسەر ئاستی جیهان (٣٠٠٠) کوژراو. بەڵام لە فەرەنسا، تاقە هێرشێکی ترسناک کە لە ١٩ی مارسی ٢٠١٢دا لەلایەن لاوێکی کۆچبەری خاوەن ڕەگەزنامەی فەرەنسییەوە (محەمەد مەراح) ئەنجام درا، بەس بوو بۆ ئەوەی گومان بچێتە سەر هەموو موسڵمانەکانی فەرەنسا. (مەراح سێ کەسی عەسکەریی لە مۆنتۆبان و چوار جوولەکەشی لە تولوز کوشت، کە سیانیان مناڵ بوون). ئەمڕۆش، دوای ئەو هێرشانەی ساڵی ٢٠١٥، زۆر زەحمەتە وێنەی ئیسلام لە فەرەنساداچاک بکرێتەوە.تەنانەت قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ئەو کردەوانە لە ئەنجامی شێواندنی بنەماکانی ئیسلامەوە هاتوون، کارێکی بێهوودە بوو، خەڵکەکە وایان لێ هات هەموو ئیسلام ڕەت بکەنەوە. ئیتر ئەمە واقیعەکەیە. سەرلەئێوارەی جەژنی کریسمسی ٢٠١٥ بەشێک لە دانیشتوانی ئەژاکسیۆ هێرشیان کردە سەر مزگەوتێک و بە هاوارەوە هەندێ دروشمی ڕەگەزپەرستانەیان دەوتەوە، لە چەشنی:"با عەرەبەکان ئێرە جێبێڵن" وەکو ئەوەی لەو خۆپیشاندانانەشدا ئەمە ڕووی دا،

که دژ به کـۆچکردنی مەغریبییەکـان کـران بـۆ کۆرسـیکا. لیـژنەی نەهێشـتنی "ئیسـلامۆفۆبیا" لە فەرەنسـا، پەردەی لە ڕووی ئەوە هەڵماڵی کە لەنێوان نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥ و کۆتایی هەمان ساڵدا ٢٢٢ کردەوەی ڕەگەزپەرستانە دژ بە موسڵمانەکان ئەنجام دراون.

- ئەو تیرۆرەی کە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێ، بووە هۆی ئەم ترسە لە ئیسلام؟

- بەتەنها ترس نا، کار گەیشتووەتە ڕقلێبوونەوە لە ئیسلام، وەک ئەوەی لای نووسەرێکی وەکو میشێل ویلبک ئەمە دەبینینەوە. هێرشکردنە سەر ئەم دینە و باوەڕداران، بووە بە شتێکی ئاسایی.

- ترس و ڕق و... ئەم دۆخە مایەی نیگەرانییە!

- بەڵێ. لەو ڕۆژەوەی گۆڤاری شارل ئیبدۆ وێنە کاریکاتێرییەکانی سەبارەت بە پێغەمبەر بڵاوکردەوە، ستافی ئەو گۆڤارە ژیانیان کەوتە مەترسییەوە. لە ساڵی ٢٠١٠دا بارەگای ئەو گۆڤارە سووتێنرا، وەکو دەزانیت لە ٧ی جەنیوەریی ٢٠١٥شدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی دەستەی نووسینی گۆڤارەکە کوژران. بکوژەکان هاواریان دەکرد:"تۆڵەی پێغەمبەرمان سەندەوە". بەلای ئەو بکوژانەوە و ئەو سەرکردانەی لەپشت ئەوانەوەن و جڵەویان دەکەن، ئەو وێنانە تاوانێکی گەورە و کفر بوون.

- مەبەستت لەو وێنانەیە کە پێشتر لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکیدا بڵاو بوونەوە؟

- بەڵێ. ئەوە بوو دواتر گۆڤاری شارلی ئیبدۆ دووبارە بڵاوی کردەوە و شتی تریشیان خستە سەری.

- هەر لەبەر ئەمەش بـــوو کە تیرۆریســـتەکان ١٢ کەســـیان کوشت؟
- ئامـانجەکە بەتەنهـا کوشـتنی کـابۆ و ولینسـکی و شـارپ و ئەوانـی دی نەبـوو، بەڵکـو چانـدنی تـرس و دەسـتدرێژیکردنە سەر ئازادیی داهێنان و نووسین و نیگارکێشـان و گـۆرانی و ئازادیی ڕەخنەگرتن و هەجووکردن و... هەموو ئەو خوێنانە ڕژێنـــران، تەنهـــا لەبەر گـــاڵتەیەک. هەڵـــبەتە هـــیچ دینێـــک گاڵتەپێکردنی پێ خۆش نییە، بەڵام کار بگاتە کوشتن...
- کەواتە مـن وەک کچێکـی موسـڵمان بـۆم نییە ڕەخنـە لە دیـن بگرم، یان بە گاڵتەوە شتێکی لەسەر بڵێم؟
- بەڵـــی بـــۆت هەیە، بەڵام لە وڵاتێکـــی ئیســـلامیدا ناتوانیـــت بەئاشـــکرا ئەوە بکەیـــت. لە ئەورووپـــا مـــافی ئەوەت هەیە گوزارشـت لە هەر شـتێک بکەیـت و بە هەر شـێوازێک، چـی دەنووسـیت، وێنەی چـی دەکێشـیت، گـۆرانی دەربـارەی چـی دەڵێیت و هتد... کەس ناتوانێ ڕێی ئەمانەت لێ بگرێت.هەڵبەتە دەشێ هەندێ ڕەگەزپەرست کێشەت بۆ دروست بکەن، بەڵام ئازادیی بیروڕادەربڕین لە فەرەنسادا، ئازادییەکی بنەڕەتییە. ئەمەش هیی ئێستا نییە، لە سەردەمی ڕابلێ و ڤۆڵتێر و زۆلا و غەیـری ئەوانەوە ئەمە هەیە. ئەمە سیاســەتێکە ئەم وڵاتەی پێ دەناسرێتەوە. گۆڤارە کاریکاتێرییەکانیش ئەمڕۆ دروسـت نەبـوون. زۆرن ئەو گۆڤـارانەی کە گاڵتەیـان بە دیـن کـردووە. هەر گۆڤاری شارلی ئیبدۆ خۆی، پێشتر دەیان جار لەسـەر بەرگەکـــانی، وێـــنەی گاڵتەئـــامێزانەی پاپـــا و حاخامەکـــانی کردووە. ئەمە بەشێکە لە ئازادی.

- بەڵام ئـــاخر بــۆچی ویـــنەیەک بـــڵاو دەکەنەوە گـــاڵتە بە پێغەمبەرێک بکات، کە زیاد لە ملیارێک باوەڕدار پەیڕەویی لێ دەکەن؟ ئاخۆ ئەمە شێوازێک نییە بۆ سووکایەتیپێکردنی موسڵمانەکان؟
- ڕەنگـە ئەمە وا لێکبدرێتەوە و بۆ باوەڕداران خۆش نەبێت، هەڵبەتە منیش لە هەستی ئەو باوەڕدارانە تێدەگەم کە ئەوە بە سووکایەتی وەردەگرن، بەڵام ئێمە لە وڵاتێکدا دەژیین کە زۆرجـــار ئەم شـــتانە تیـــا ڕووی داوە. فەرەنســـا دوای کۆششێکی زۆر بوو بە وڵاتێکی عەلمانی و دینی لە ژیانی گشتی و پەروەردە و سیاسەت دوورخستەوە. بۆیە ئەوەی دێت بۆ ئەم وڵاتە، دەبێ ملکەچی یاسا و ڕێسا و پرنسیپ و بەهاکانی بێت.
- تۆ دەڵێیت فەرەنسا وڵاتێکی عەلمانییە. ئەمە یانی چی؟
- لە ساڵی ١٩٠٥ەوە، واتە لەو کاتەوەی یاسا کەنیسەی لە دەوڵەت جیا کردەوە، فەرەنسا بوو بە وڵاتێکی عەلمانی. کەنیسەی مەسیحی لافی ئەوەی لێدەدا کە "فەرەنسا کوڕە نۆبەرەکەی کەنیسـەیە". لە ساڵی ١٩٠٥دا ئەو دابڕانە ڕووی دا، بەڵام دەوڵەت عەلمانییە نەک کۆمەڵگە، واتە خەڵـــک ئەوپەڕی ئـــازادن لە هەڵبژاردنـــی دینـــی خۆیـــان و بەجێهێنانی ڕێوشوێنە ئایینییەکانی خۆیان؛ بەو مەرجەی دین هەقی بەســـەر بەرنامەکـــانی خوێنـــدنەوە نەبێـــت. هەڵـــبەتە عەلمـــانییەتیش بەمانای دژایەتیکردنی دین نایەت، بەڵکو پرنسیپێکە بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و گشتی لە تایبەتی.

بەڵام بێگومـان خەڵکانی توندڕەو عەلمـانییەت بە شـێوەیەک لە شـــێوەکانی بێبـــاوەڕی لە قەڵەم دەدەن. بەلای ئەوانیشـــەوە ئەوەی بێباوەڕ بێت کافرە، واتە دەبێ لە کۆمەڵگەی ئیسلامی

دوور بخرێتەوە و خوێنیشی حەڵاڵ دەکرێ. ئەمە ئەو قسانەیە کە ئایەتوڵڵا خومەینی لەساڵی ١٩٨٨دا کردنی، کاتێ فەتوای دژ بە نووسەری ئینگلیزی موسڵمانی بە ڕەچەڵەک هندی؛ سەلمان ڕوشدی کرد، کە خاوەنی ڕۆمانی"ئایەتە شەیتانییەکان"ە.تاکو ئێستاش ئەو فەتوایە هەر بەکارە و سەلمان ڕوشدی ژیانی لە مەترسیدایە. بەڕاستی ئەمەش شتێکی ترسناکە، مرۆڤ لەبەرئەوەی ڕۆمانێکی نووسیوە، ژیانی بخرێتە مەترسییەوە.

- کەواتە لەم بارەدا، ئێمە بەرامبەر بە ئیسلامێکی توندوتیژین؟
- ئەمە ڕوویەکە لە ڕووەکانی ئەم دینە، ئەگینا بەگوێرەی قورئان، خوا خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە گومڕایان. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەیبینین ئەوەیە کە ئەوەی دەیەوێ سزای ڕوشدی بدات، خوا نییە! ڕوشدی ڕۆمانێکی نووسیوە، نەک لێکۆڵینەوەیەک دژ بە ئیسلام. کەچی ئەم فەتوایە خەڵک هان دەدات بۆ کوشتن، هەربۆیە، یەکێک لە وەرگێڕەکانی ئەم ڕۆمانەش درایە بەر چەقۆ، وەکچۆن فەتوای تر دژ بە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری تری خاوەن بیری ئازاد دەرکراون.
- بەدیاریکراوی فەتوا چییە؟
- لەڕووی پرنسیپەوە، بۆ هیچ کەسێک نییە لە ئیسلامی سوننەدا "فەرمانێکی دینی" دژ بەم، یان بەو کەس دەربکات، بەڵام لەڕاستیدا هەندێ زانای ئایینی هەن ڕێگە بە خۆیان دەدەن حوکم بەسەر ئەم و ئەودا بدەن، کە گوایە "لە ئیسلام دەرچووە". لای شیعەکانیش هەندێ هەن لەو ڕووەوە سەرپشکن، وەکو فەتواکەی خومەینی، کە حوکمی مەرگی بەسەر ڕوشدیدا دەرکرد. دوو جار فەتوا"فەرمانێکی دینی"یە؛

که نه یاسـاییه و نه شـەرعییه، له دەوڵەتـی قانوونیشـدا هـیچ بەهایەکی نییه.

- شتێکی ترسناکه. بەڵام با بگەڕێینەوه بۆ لای شەریف کواشـی و سـەعید کواشـی (که بـرا بـوون) تیرۆریسـتەکانی ١٣ی نۆڤەمبەر. ئەمانه فەرەنسی بوون و له فەرەنسا له خێزانێکی کۆچبەر لەدایک بووبوون. بۆ بەو وەحشییەتەوه ڕەفتاریـان کرد؟ بۆت باس کردم چۆن بەلاڕێدا دەبرێن، بەڵام...

- بەڵـێ، فەرەنسـی بـوون. بەڵام ئـاخۆ بەڕاسـتی هەسـتیان به ئینتیمـا بـۆ فەرەنسـا دەکـرد؟ ئەوان کەسـانێک بـوون له تەمەنێکی کەمدا پشتگوێ خرابوون، نه پەروەردەیەکی باش و نه خوێندنێکی باشیان هەبوو، بگره لەسەر لادان زیندانی کرابـوون و به مێشـکێکی بەتـاڵ و سەراسـیمەوه هـاتبوونه دەرێ، بۆیه بوون به نێچیرێکی نموونەیی بۆ جیهادییەکان. سەرەتا پەیوەندییان به کەسێکەوه کردبوو، ناوی فەرید بن یـاتو بـوو، که بانگەشـەدەر و کەسـێکی کاریزماتیـک بـوو، هەڵبەته دیاره زانیویەتی چۆن بەلای خۆیاندا ڕایاندەکێشێت. هەروەهـا گومـان لەوەدا نیـیه ئەم پیـاوه زانیـویەتی چـۆن دەیانخاته ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی خۆیەوه و چۆن وشـه و دەستەواژەی گونجاو بەکار دەهێنێت بۆ کـارکردنه سـەریان بەجۆرێـک که وایـان لـێ بکـات ملکەچـی ئەو بیروباوەڕەیـان بکـات. لەوانەشـه دواتـر ڕادەسـتی کەسـانێک کـرابن، که خەریکی"شـۆردنی مێشـک"یان بـووبن و مێشـکیان پـڕ کـردبن له دروشـمی دینـی و ئیسـلامیی تونـدڕەوانه. ئەم کـابرایه، واته بـن یـاتو، به تـۆمەتی "کـۆکردنەوەی کۆمەڵێـک

تێکدەر بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەکی تیرۆریست" شەش ساڵ لە زیندان قایم کرا. ساڵی ٢٠٠٨ دادگای پاریس بە ڕابەری تۆڕێکی لە قەڵەم دا کە پێی دەوترا "بوت شۆمۆن" (Buttes-Chaumont) و ئەرکی ئەوە بوو لاوان ئامادە بکەن و ڕایانبهێنن بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەی لەناو عیراقدا ڕوودەدات. هەر ئەویش بوو کە ئەو دوو برایەی ڕاهێنا، پاشان ڕادەستی کەسانی تری کردن و ئەوانیش بۆ هێرشەکانی فەرەنسا تەیاریان کردن.دەرکەوتووە کە ڕێکخراوی قاعیدە لە یەمەن ئەو تاوانانەی ڕێکخستووە، ڕێکخراوی داعشیش بەرپرسیارێتیی خۆی لەئاست هێرشەکانی ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا ڕاگەیاند.

- ئەو دوو برایە و هەروەها کۆلیبالی، ئەو کەسەی لە مارکێتی هیبەر کاشیە پۆلیسێکی ژن و چوار جوولەکەی کوشت، موسڵمان بوون، وانییە؟
- بەلای زۆربەی موسڵمانانەوە، ئەمانە جاهیل و تاوانبار بوون و ئیسلامیان کردووە بە بیانوویەک بۆ ئەو تاوانە چەپەڵەیان، بەڵام ئەمە چ سوودێکی هەیە، بەلای هەموو ئەوانی ترەوە بە موسڵمان بوون و تەواو.
- بەڵێ، هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت ئەوان هاتوون تا ئەو کەسانە بکوژن کە جەسارەتیان کردووە و وێنەی کاریکاتێریی پێغەمبەریان کێشاوە. بەلای ئەوانەوە بێڕێزی بەرامبەر بە پێغەمبەر کراوە و دەبێ تۆڵەی بکەنەوە.
- دەبوایە ئەو وێنانە بەو شێوەیە بە جیددی وەرنەگیرانایە. بە لای منەوە، بەلای هەموو موسڵمانێکی ڕاستگۆشەوە، ناکرێ وێنەی

کاریکاتێریی پێغەمبەر بکێشرێ، چونکە ئەو ڕۆحە، ڕۆحێکی باڵایە، بە وێنە بەرجەستە ناکرێ. بەڵام دەبێ ئەوەمان پێ قبووڵ بێت کە خەڵکانێکی تریش هەن وەکو ئێمە بیر ناکەنەوە و هەقی خۆیانە بە تیزەوە باس لە شتگەلێک بکەن، کە لای خەڵکانێکی تر پیرۆزن. ئەمە بەشێکە لە ڕۆحی دیموکراسی و ئازادی. دەبوایە ئەو وێنانە بێباکانە سەیر بکرانایە و بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدرایە. بەڕاستی پێم بڵێ:تۆ خۆت کاتێ سەیری ئەو وێنانە دەکەیت، پەیامبەرت بیر دەخەنەوە؟ پێشتر هەمان گۆڤار چەندان جار گاڵتەیان بە مەسیح و بە پاپاکان و حاخامەکان کردووە، بەڵام هیچ مەسیحییەک و هیچ جوولەکەیەک نەچوون لەسەر ئەو کارە سزای ئەو نووسەر و وێنەکێشانە بدەن، چ جای ئەوەی بیانکوژن. پاشان من پێم وتیت کە فەرەنسا وڵاتێکە ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین و نووسین پیرۆز ڕادەگرێت. لە فەرەنسادا سانسۆر نییە. ئەوەی بێتە فەرەنسا یان ڕەگەزنامەی فەرەنسیی هەبێت، دەبێ ڕێز لە یاساکانی ئەم وڵاتە بگرێت. ئەمەیە مانای هاووڵاتێتی، بەڵام برایانی کواشی و کۆلیبالیی هاوکاریان، بوون بە ئامرازێک بەدەست ئیسلامیکەوە کە دروستکراوی سەنتەری تیرۆریزمی جیهانییە، ئیتر قاعیدە بێت، یان داعش.

- دەزانیت ئەوەی من وەکو فەرەنسییەکی بە ڕەچەڵەک ئیسلام، لە هەموو شتێک زیاتر لێی دەترسم ئەگەری کوشتنی خەڵکە لە فەرەنسادا بە بیانووی ئەوەی کفر دەکات. ئێمە لە وڵاتێکی دیموکرات و عەلمانیداین، هەموو کەسێک بۆی هەیە ڕەخنە لە دین بگرێت.
- بەڵێ وایە. فەرەنسا دەیان ساڵ خەباتی کردووە تا توانیویەتی دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە. هەروەها وەکو

پێشـتریش پـێم وتیـت، عەلمـانییەت بـریتییە لە ئـازادیی بیروبـاوەڕ. هەموو هاووڵاتییەک مافی ئەوەی هەیە باوەڕی بە خوا هەبێت، یان نەبێت. ئەمەیە ئـازادیی بیـروڕا. تەنـانەت بـۆی هەیە ڕەخـنە لە دیـن بگرێت، با بە تیزیشەوە بێت، بەبێ ئەوەی بخرێتە زیندانەوە. چونکە بەفەرمی، عەلمانییەت بریتییە لە"جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگـەی دینـی، بەجۆرێـک کە دەوڵەت هـیچ دەسـەڵاتێکی دینـی پراکتیک ناکات و کەنیسەکانیش هیچ دەسـەڵاتێکی سیاسـی پراکتیـک ناکەن".

- کەواتە عەلمانییەت واتە ئازادی.
- بەڵـێ. سـاڵی ١٩٠٥ و بەمەبەسـتی جیـاکردنەوەی دیـن لە دەوڵەت، بەتـایبەتییش بێلایەنکردنـی دیـن لە بەرنامەکـانی خوێندنی ڕەسمیدا، بەشێکی زۆری گەلی فەرەنسا خەباتیـان کـرد. بەڵام لە هەنـدێ وڵاتـی تـری ئەورووپیـدا، بـۆ نمـوونە ئیسپانیا و ئیتاڵیا، ئەم دابڕانە ڕووی نەدا.
- لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا؟
- وڵاتە عەرەبییەکـان ددان بە تاکەکەسـدا نـانێن، مەبەسـتم ئەوەیە لای ئەوان هۆز و خێڵ و خێزان بەپلەی یەکەم دێت. کە یەکێکیش لەدایک دەبێت، بە موسڵمانی لەدایک دەبێت و دەبێت بە بەشێک لە "دارولئیسلام" و مـافی ئەوەی نییە لێـی بچێـتە دەرێ. خـۆ ئەگەر ویسـتی لێـی بچێـتە دەرێ، ئەوا بە کـافر و هەڵـگەڕاوە لە قەڵەمـی دەدەن، واتە بە کەسـێک کە نکـووڵیی لە ئینتیمـا و ڕەگوڕیشـەی خـۆی کـردووە و دەبـێ سـزا بـدرێ. پێشـتریش پـێم وتیـت کە لای ئیسـلام، کـافر بە خائین دەزانرێ و سزاکەشی کوشتنە.

- چـی لە هەمـوو شـتێک زیـاتر دەبێـتە مـایەی تـرس لای ئیسلامییەکان و دەمارگیرەکان؟

- ئـازادیی ڕادەربـڕین، گومـانکردن، ئـازادیی بیروبـاوەڕ، هەڵبـژاردن لەنێـوان بـاوەڕ و بێباوەڕیـدا. ئەم ئـازادییەش پیـرۆزە. بەڵام بەشـێک لە موسـڵمانەکانی فەرەنسـا ڕەتـی دەکەنەوە. گەر بگەڕێیـنەوە بـۆ مەسـەلەی "وێـنە کاریکاتێرییەکان"، ڕۆژنامەی "لو فیگارۆ" لە ١٦ی جەنیوەریی ٢٠١٥دا، لێدوانەکانی ئەشرەف عەدلیی بڵاوکردەوە سەبارەت بە هێرشـەکەی کـرایە سـەر شـارلی ئیبـدۆ، ئەو خـۆی مامۆسـتای فـیقهە لە زانکـۆی ئەزهەر لە قـاهیرە، وتبووی:"لەڕاستیدا ئەمانە دەیانەوێ کێشە بنێنەوە. من ئەو هێرشـەم پێ ناخۆشـە کە کـراوەتە سـەریان، بەڵام پێغەمبەر لای ئێمە پیرۆزە و نابێ گاڵتەی پێ بکرێ. ئەگەر جارێکی تر وایان کردەوە و سەرلەنوێ تەقەیان لێ کرایەوە، با گلەیی و بـۆڵە نەکەن". هەروەهـا هاوڕێیەکیشـی وتبـووی:"ئەو وێـنە کاریکاتێرییـانە چەنـد زیـاتر بـن، کـاردانەوەی تونـد زیـاتر دەبێت". لە قودسیش گەورەی موفتییەکان، محەمەد حسەین، ئەو "سـووکایەتی"یەی ڕیسـوا کـرد و وتـی کە بـووەتە هـۆی برینداركردنی نزیکەی دوو ملیار کەس.

- تێگەیشـتم. بەڵام دیسـانەوە دەمەوێ جەخـت لەسـەر ئەو پرسیارە بکەمەوە: هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی یان ئیسلامی نییە عەلمانی بێت. وانییە؟

- بە ڕەسـمی هەر تورکیـا عەلمـانییە، ئەوەش دوای ئەوەی مستەفا کەمـال ئەتـاتورک سـاڵی ١٩٢٤ چـووە سـەر حـوکم.

بەڵام تورکیای ئێستا، بە سەرۆکایەتیی ئەردۆگان، ڕۆژبەڕۆژ بەرەوە ڕەوتی ئیسلامی هەنگاو دەنێت. جگە لە تورکیا، لە هیچ وڵاتێکی جیهانی ئیسلامیدا، لە مەغریبەوە بیگرە تا ئەفەریقا و ئاسیا و خۆرهەڵاتی دوور، دەوڵەتی عەلمانی بوونی نییە. تەنانەت باس و لێکۆڵینەوەش لەسەر عەلمانییەت، دژوارە. ناوبەناو هەندێ ڕۆشنبیر لە میسر و مەغریب و تونس ئەم باسە دەورووژێنن، بەڵام کەمینەن. هەڵبەتە ڕەتکردنەوەی عەلمانییەتیش، واتە ڕەتکردنەوەی ڕۆحی ڕەخنەگرتن و گومانکردن و نارەزاییدەربڕین. لەبەرئەوەی ئیسلام موقەدەسە و نابێ دەستی بۆ ببرێ.

- چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پێت وتم کە تونس پرکێشییان کردووە و بڕیاریان لەسەر دەستوورێکی ئاوارتە داوە؟
- بەڵێ. دوای شۆڕشی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و سەرباری بوونی نوێنەرانی حیزبی ڕابوونی ئیسلامی، پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەستوورێکی بەمانای وشە شۆڕشگێڕانە دا، بڕیارێکی بێهاوتا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، لەبەرئەوەی دەستوورەکە ئازادیی بیروباوەڕ و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو مسۆگەر دەکات. بەڵێ، ئەمە دەستوورێکی بێهاوتایە. دەبێ ددان بەوەشدا بنێین کە سەرۆکی پێشوو ئەلحەبیب بورقێبە (١٩٠٣-٢٠٠٠) ڕێگەی بۆ ئەمە خۆش کرد بە سەپاندنی"یاسای خێزان"، کە یەکسانی لە مافەکاندا بە ژن و پیاو دەدات. هەڵبەتە دواتر ئسوولییەکان ویستیان یاسای خێزان بگۆڕن، بەڵام لەو کارەیاندا سەرکەوتوو نەبوون. گەرچی کەسانێکیشیان کوشت کە لەگەڵیاندا هاوڕا نەبوون.

پاشان تونس کەوتە بەر هەڕەشە و مەترسی، لەوانە ئەو هێرشەی لە مارسی ساڵی٢٠١٥دا کرایە سەر مۆزەخانەی باردۆ و بووە هۆی کوشتنی ٢٢ کەس. دوای ئەوەش، لاوێک هێرشی کردە سەر کۆمەڵێک گەشتیار لە کەناری سووسە و ٣٩ قوربانیی لێ کەوتەوە، کە زۆربەیان بەریتانی بوون. پاشان ئەو هێرشەی کە پاسێکی سەر بە پاسەوانی کۆماری لە ناوەڕاستی شاردا کردە ئامانجلە نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا. هەروەها مارسی ٢٠١٦، هێرشێکی فراوان کرایە سەر سوپا و پۆلیس لە بنقەردان و بووە هۆی کوشتنی ٤٥ کەس، کە ٢٨یان لە هێرشبەرەکان بوون. وەکو ئەنجام، هەندێ تیرۆریستی سەر بە ڕێکخراوی داعش کۆمەڵێک خەڵکیان کوشت و گورزێکی توندیان لە ئابووریی تونس دا.

- ئەی باشە بۆچی وڵاتە عەرەبی و موسڵمانەکانی تریش چاویان لە تونس نەکرد؟
- لەبەرئەوەی لە میللەتەکانیان دەترسن. چونکە چاندنی مۆدێرنیزم لە هۆش و ڕەفتاری ئەو خەڵکانەدا هەروا ئاسان نییە. ئاشکرایە کە مۆدێرنیزم پێش هەموو شتێک لە پێگەی ژنەوە دەست پێ دەکات لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا، وەکچۆن مۆدێرنیزم ددانننانە بە تاکەکەسیشدا، بەڵام وەکو پێشتر وتم، لە کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا، هۆز و خێڵ و خێزان لەپێش هەموو شتێکەوە دێن، نەک تاکەکەس. لێرەوە، هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی ئیفلیج بووە و ئیسلام کراوە بە مەرجەعیەتی هاوبەش لەنێوان هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا، دوای ئەوەی کراوە بە ئایدیالێکی مۆراڵی و بە کولتوور و بە پەناگەیەک بۆ دەروونەکان.

- ئەی مەغریب؟
- ساڵی ٢٠١١ مەغریب خەریکبوو لە دەستووری تازەدا بەندی ئازادیی بیروباوەڕ جێگیر بکات، بەڵام حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان(ی ئیسلامی) شەڕێکی گەورەیان نایەوە و بەرامبەر بەوە ناڕەزاییان دەربڕی. ئیتر لەو ڕۆژەوەی ئەم حیزبە جڵەوی حوکمی گرتووەتە دەست، هەوڵ دەدات سنوور بۆ هەندێ لە ئازادییەکان دابنێت و سانسۆر بخاتە سەر ڕۆژنامەکان، بەتایبەتی ڕۆژنامە بیانییەکان و فیلمە سینەماییەکانیش.
- لە کاتی ڕوودانی کوشتارەکانی ٧ و ٩ی جەنیوەری و ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥وە، ئاخۆ موسڵمانە نەرمەکان، واتە ئەوانە نا کە دەمارگیر و توندڕەون، خۆپیشاندانیان کردووە بۆ لایەنگیری لە ئازادی؟
- بەڵێ. لە ١١ی جەنیوەریی ٢٠١٥دا، کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەژین، بانگەوازێکیان ڕاگەیاند، تێیدا هاتبوو:

"دەبێ لە وڵاتانی ئیسلامیدا کۆمەڵێک چاکسازی بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕە (شەڕی جیهادییەکان). هاووڵاتیێتی و یەکسانی و ئازادیی بیروباوەڕ و دەوڵەتی قانوون و مافەکانی مرۆڤ ئەو پێداویستییانەن کە دەبێ هەبن.(...) هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی ئەم شەڕە پێویستە ددان بە لایەنی مێژوویی هەندێ دەقدا بنرێ کە سوننە پشتی پێ دەبەستێ و جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە پراکتیککردنیان مەحاڵە. (...) ئەم شەڕکەرانە هەندێ دەقی ئیسلامییان کردووە بە سەرچاوەی خۆیان، کە بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکەن،

وەکچۆن لە دینەکانی تریشدا هەن و دەچنە چوارچێوەی جیاوازەوە و هیی سەردەمێکی زۆر کۆنن. پێویستە هەموو ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندیدارن و هەموو پیاوانی دین و دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە، بەئاشکرا ڕایبگەیەنن کە ئەو دەقانە بۆ ئێستا ناگونجێن و کۆن بوون و قابیلی جێبەجێکردن نین. دەبێ ئەم هەڵوێستە ببێتە سەرەتای پرۆسەیەکی چاکسازی لە بواری دیندا لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، بگرە بۆ دانانی یاسای تری گونجاو. (...) هەروەها دەبێ هەموو ئەو گوتار و پرۆژانە تاوانبار بکرێن کە دەیانەوێ شێوەکانی توندوتیژی و ڕق و کینە و ڕەگەزپەرستی بڵاوبکەنەوە. هەروەها دەبێ بەرنامەکانی خوێندن و بەرنامەکانی میدیای فەرمی و وتاری مزگەوتەکان لەگەڵ ئایدیالی جیهانیی ئازادیی بیروباوەڕ و مافەکانی تاکەکەسدا بگونجێن. هیچ دینێک لە دینێکی دی باڵاتر نییە و مرۆڤایەتی یەک "یەکە"یەو بەشبەش ناکرێ".

ئەمە دەقی بەیاننامەکە بوو. لەوانەیە بڵێیت جا خۆ ئەوە هەر ٦٧ کەس ئیمزایان کردووە. بەڵام ئەو بزانە کە بەیاننامەکە هەیە و خەڵکێکی زۆر ئیمزای دەکەن. هەروەها دوای ڕووداوەکانی ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥، کۆمەڵێک زانای ئاییینی مەغریبی ڕاگەیەنراوێکیان بڵاو کردەوە کە بەتوندی ئەو تیرۆرە ڕیسوا دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەر بە ئیسلام نییە و بگرە ئاییینی ئیسلام پیس دەکات. لە سەرێکی ترەوە، شا محەمەدی شەشەم وتارێکی دا کە تێیدا ئیدانەی توندڕەوی و ئسوولییەتی کرد، هەروەها داوای کرد لە کتێبەکانی خوێندنداهەموو ئەو شتانە لابرێن کە منداڵ و خوێندکار بۆ دەمارگیری و قبووڵنەکردنی ئەوی تر هان دەدەن.

- لەبەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی بۆت باس کردم، ئاخۆ لەسایەی سیستمێکی دیموکراتیی عەلمانیی وەکو ئەمەی فەرەنسادا، دەکرێ بنەماکانی ئیسلام پیادە بکرێن؟

- ئیسلام بیروباوەڕە، لەبەرئەوە زەحمەتە چاکسازیی تیا بکرێ. بەڵام بەرامبەر بەمە موسڵمانان دەتوانن خۆیان و دینەکەشیان لەگەڵ دۆخە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا بگونجێنن. لەبەرئەوە، ئەگەر بە شێوازێکی زیرەکانە لە ئیسلام تێبگەین، بەڵێ دەکرێ لەگەڵ سیستمی دیموکراسیدا بگونجێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێ موسڵمانان بەر لەوە ڕێز لە یاساکانی کۆماری فەرەنسا بگرن. لەمڕووەوە هەندێ هەوڵیشدرا، بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە بگەین بە ئیسلامێکی هێمن و دڵنیاکەرەوە، کە لە بازنەی تایبەت بەخۆیدا پراکتیک بکرێ و ڕێز لە یاساکانی وڵاتەکەس بگرێت. بۆ نموونە، پیاوێک لەوانە، کە لەگەڵ ژنەکەیدا دەچێت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پێی قبووڵ نییە ئەو پزیشکەی پشکنین بۆ ژنەکەی دەکات، پیاو بێت. وەکچۆن ئەمە لای ئەو خێزانە ئیسلامییانەش دەبینین کە ڕێگە بە کچەکانیان نادەن لە قوتابخانە وەرزش بکەن بەو بیانووەی پۆشینی جلی وەرزش، دەبێتە هۆی ئەوەی لەشیان بەڕووتی، یان بەزەقی دەربکەوێ. بەڵام ئەمە شتێکە قبووڵ ناکرێ، وەکچۆن ئەوەش مایەی قبووڵکردن نییە کە لەناوجەرگەی شەقامدا نوێژ دەکەن، چونکە ئەوە کاریگەریی بۆ سەر سیستمی گشتی دەبێت، یان داوا دەکەن مەلەوانگەی تایبەتیان بۆ دروست بکرێ، کە ژن و پیاو تێیدا تێکەڵ نەبن. ئەم شتانە لە فەرەنسادا مایەی قبووڵکردن نین.

- بەڵێ. بەڵام ئاخۆ چاکسازی لە ئیسلامدا شتێکی مومکینە وەکو ئەو ٦٧ کەسە داوایان کردووە؟

- هەموو دینەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەتەوە،بەڵام ئیسلام بەرهەڵستی دەکات. گەرچی ئێمە ئەگەر خوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئەو دەقانە بکەین کە لە سەردەمی پێغەمبەردا نووسراون، یان دەقەکانی سەردەمینێوان هەردوو سەدەی نۆیەم و دوانزدەیەم، دەبینین شتێک نییە ڕێ لەوە بگرێت کە سەرلەنوێ ئیسلام ئەو هزر و ڕوونییە و ئەو چاخە ئاڵتوونییەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکان بێوچان هەوڵ دەدەن ڕێ لە هەموو جۆرە گفتوگۆیەک بگرن سەبارەت بە مەسەلە جەوهەرییەکان. بۆ نموونە؛ لە میسر تەوژمێکی چاکسازی سەریهەڵدا، کە ئەوانەی نوێنەرایەتییان دەکرد بریتی بوون لە محەمەد عەبدە (١٨٤٩-١٩٠٥) و جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧). ئەمانە ویستیان دەقە دینییەکان لە کۆتوپێوەندە کۆن و سواو و توندەکان ڕزگار بکەن. هەردووکیان ئەقڵانی بوون و باوەڕیان بەوە بوو کە "ئەگەر پێکدادان لەنێوان لۆجیک و سوننەتدا ڕووی دا، ئەوا دەبێ لۆجیک بە لەپێشتر دابنێین". ئەمانە ئازادیی مرۆڤ و بەرپرسیارێتی دەخەنە سەروو هەموو شتێکی ترەوە. بە دەربڕینێکی دی، دینیان بە چوارچێوەیەک دانا کە مرۆڤ تێیدا هەوڵبدات بەشێوەیەکی ئەقڵانی و پڕ لە بەرپرسیارێتی و بە گونجاندنەوە لەگەڵ ئەو سەردەمە مێژووییەی تێیدا دەژی، تەفسیری دەقەکان بکات. بەڕای ئەوان، فەیلەسووفی گەورە ئیبن ڕوشد، کە لە سەدەی

دوانـــزدەدا ژیـــاوە، ئەم کـــارەی کـــرد، هەر ئەویشـــە وتـــوویەتی:"ئەقڵی مرۆیـــی توانـــای ئەوەی هەیە لەڕێـــی لۆجیکەوە بە هەقیقەتی دین بگات". هزری ئەو دوانە لەسەر سـێ بنەمـا دامەزرابـوو: ١-پڕکێشـی لە بیرکـردنەوەدا. ٢-هەڵسـەنگاندنی شـتەکان وەکو ئەوەی کە هەن.٣-هێنـانەدیی ئازادیی هزر بە شەڕکردن لەگەڵ بیروبۆچوونە کۆنەکاندا و تەسلیمنەبوون بە هیچ شتێک، جگە لە هەقیقەت.

ڕیفۆرمخوازێکی تریش کە خەڵکی سوریا بوو و ناوی ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥-١٩٣٥) بـوو، کەوتە ژێـر کـاریگەریی ئەو دوو بیرمەندەوە، بەڵام بە چوونی بۆ سعوودیە و سەقامگیربوونی لەوێ، کەوتە ژێـر تێـز و بۆچوونەکـانی مـحەمەد بـن عەبـدولوەهابەوە، کە داوای جێبەجێکردنێکـی دەقـاودەقی شەریعەتی دەکرد. تاوەکو ئەمڕۆش، لە عەرەبستانی سعوودی و زۆربەی وڵاتـانی کەنـداو، ڕێبـازی وەهـابییەت باڵادەسـتە. بزووتنەوەی تاڵیبانیش هەر لەسەر ئەم ئایدیۆلۆجییەتە دەڕۆن کە لەوانەشە لە ئەفغانستان حوکم بگرنەوە دەست.

لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، نووسەرێکی میسری کە ناوی نەسر حامد ئەبو زەید (١٩٤٣-٢٠١٠)ە، کتێبێکی نووسی و تێیدا پێشنیازی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ قورئان کرد. بەڵام ئەنجامەکە بەوە شکایەوە کە لە زانکۆ دەریـان کـرد و زانایانی ئەزهەر بە "کافر"یان لەقەڵەم دا، بگرە دژایەتیکردن و کوشتنیشـی حەڵاڵ کـرا. بەزۆر لە ژنەکەی جیایـان کـردەوە و ناچاریان کرد تەڵاقی خۆی لێ وەربگرێت (چونکە کافر بۆی نییە ژنـی موسـڵمانی هەبێـت). خـۆ ئەگەر وای نەکـردایە، ئەویشـیان بە کـافر دەژمـارد، بەڵام دواجـار هەردووکیـان

توانییان لە میسر هەڵێن و وەکو پەنابەر بچن بۆ هۆڵەندا، تا بە دەرد و ئازارەوە سەری نایەوە.

- باشە، ئەم دەمارگیرییە دیاردەیەکی تازەیە؟

- زۆر تازە نییە، بەڵام لەو کاتەوەی ئیسلام ئاقاری سیاسەتی گرتە بەر، بەتایبەتییش لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا، مەزهەبگەرایی و دەمارگیری زۆر بەتوندی هاتەوە ئاراوە. ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەر کە جڵەوی حوکمی گرتە دەست، ڕایگەیاند: "ئیسلام یان دەبێ سیاسی بێت، یاخود ئیسلام نییە". کاتێ مێژووی ئیسلام دەخوێنینەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەدەی سیانزدەیەم. لەو سەدەیەدا، لەلایەن زانای ئایینی ئیبن تەیمیەوە (١٢٦٣-١٣٢٨)خوێندنەوەی دەقاودەق بۆ قورئان کراوە. ئیبن تەیمیە لە تورکیا هات دنیاوە و لەسەردەمی هێرشەکانی مەغۆلدا ژیاوە و لەگەڵ خێزانەکەیدا ناچار بوون بچن بۆ سوریا. با نموونەیەکت لەسەر دەمارگیری و توندڕەوییەو بۆ بهێنمەوە کە ڕووداوەکانی ئەمڕۆت بیر دەخاتەوە: ساڵی ١٢٩٣ ئیبن تەیمیە داوای کرد مەسیحییەک لەسێدارە بدرێ، لەبەرئەوەی قسەی بە پەیامبەر وتووە، بەڵام داوەرەکان داواکەی ئەویان جێبەجێ نەکرد. وەک دەبینیت، جیهاد مێژوویەکی کۆنی هەیە و کەس وا نەزانێ داعش دایهێناوە.

- باسی داعشت کرد، لەناو داعشدا سەرکردەیەک، یان ڕابەرێک هەیە بڕیار لەسەر هەموو شتێک بدات؟

- وەکو ئاشکرایە، لەوکاتەوەی ئەبوو بەکری بەغدادی لافی خیلافەتی لێ داوە و ڕایگەیاندووە کە بەنیازن دەوڵەتی

ئیسلامی بە هەموو دنیادا بڵاوبکەنەوە، ڕێکخراوێکی زۆر پەرەسەندوو دروست بوو، کە هەڵوێستەکانی خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتدا بڵاودەکاتەوە. زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی شەڕیشی بۆ دەکەن و لەژێر فەرمانی ئەودان، لەو ئەفسەرە کۆنانەی سوپاکەی سەدام حسەینن کە ساڵی ۲۰۰۳ ئەمەریکییەکان، وەختێ ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرەیان ڕووخاند، لە سوپا دەریانکردن. ئەمانە ناویان لە خۆیان نا "دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام"،کە "داعش"ە و لەلایەن هەندێ دەوڵەت و کۆمەڵێک کەسێتییەوە پشتیوانیی ماددی کران. کاتێکیش چەکدارەکانی داعش چوونە عیراقەوە و دەستاین بەسەر پارەی بانکەکاندا گرت و لە بازاڕی ڕەشدا دەستیان بە فرۆشتنی نەوت کرد، پارەدار و دەوڵەمەند بوون و بوون بە خاوەنی چەکێکی زۆر.کەواتە ئەمانە بێئەزموون نین.

- ئەمانە بەدیاریکراوی چییان دەوێت؟
- تیۆریستەکەیان لەسەر ئاستی بیروباوەڕ کابرایەکە ناوی ئەبوو موسعەبی سورییە. ئەو نەک هەر بیرۆکەی "دەوڵەتی ئیسلامی"ی چەسپاند، بگرە ئەو ستراتیجییانەشی دانا کە پێویستن بۆ ڕاهێنانی لاوە ئەورووپییەکانیش، بە موسڵمان و غەیرەموسڵمانەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۱۵دا ژمارەی موجاهیدە ئەورووپی و غەیرەئەورووپییەکان گەیشتە ۱۵۰۰۰ کەس لە سوریا و عیراق. ئەمانە مەشق و ڕاهێنان دەبینن، پاشان بۆ مەیدانی جەنگ دەنێردرێن. تیاشیاندا هەیە دەنێردرێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، یان لەبەرئەوەی بەکەڵکی

شەڕ نایەت، یاخود لەبەرئەوەی ئەفسەرێکی نایابە و بەو مەبەستە دەنێردرێتەوە تا لەوێ"شانەی نوستوو" دروست بکات و کەی فەرمانیان پێ درا، دەست بە کردەوە تیرۆریستییەکانیان بکەن. کەواتە ئەمانە لەوە دەردەچن تەنها بۆ پارە ئەو کارە بکەن، بەڵکو دەبن بە سەربازی ونی ڕێی مەسەلەیەک، کە بەرەو بەهەشت دەیانبات. هەروەها ئەمانە وەکو "گورگی تەنیا"ش ناژین، بەڵکو بەزۆری لەگەڵ خێزانەکانی خۆیاندا ژیانێکی سروشتی دەژین. یەکێک لەوانەی بانگەشەیان بۆ بۆ داعش کردووە، وتوویەتی:"بۆ ئەوەی مرۆڤ شایانی ئەوە بێت نازناوی شەهیدی بدرێتێ، دەبێ شتێکی هەبێت لەدەستی بدات، کوڕی یان ژنی یان دایکی..."، واتە بەتەنها قوربانیدان بەخۆ بەس نییە، چونکە ئەوە دەبێتە جۆرێک لە خۆکوشتنی "سوننەتی".

- ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر خەتەرناکە! بابە، هەموو ئەم شەڕانە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێن، ئیتر چۆن خەڵکانێک نەترسن؟
- هەموومان دەترسین، لەبەرئەوەی ئەوانە شەڕکەرێکن دەمارگیر و توندڕەو، بەلایانەوە سەربڕینی بەرخێک بۆ جەژنی قوربان و سەربڕینی ئینسانێک، وەکو یەک وایە. بێگومان ئەمە مایەی ترسێکی زۆرە. بەڵام چۆن لەو خەڵکانەی بگەیەنین کە ئیسلام وا ناڵێت؟
- منیش دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئیسلام وا ناڵێت، بەڵام هەست دەکەم کەس بڕوام پێ ناکات.
- لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە ساڵی ١٩٧٩ و داگیرکردنی ئەفغانستان لە هەمان ساڵدا لەلایەن سۆڤێتەوە، بەتایبەتییش

له هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە لە نیویۆرک، ئیسلام بوو بە دوژمنە تازەکەی خۆرئاوا. جاران و لەکاتی شەڕی سارددا، ئەمەریکا دوژمنێکی هەبوو، کە ئەویش یەکێتیی سۆڤێت و ڕژێمی کۆمۆنیستی بوو. بەڵام پاش ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩دا هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت بەدوایدا، واپێدەچێ ئەمەریکا بەدوای دوژمنێکی تازەدا گەڕابێت تا بیکاتە نیشانی خۆی. تا ئێستاش و لە ئەنجامی کارە شۆکبەخشەکانی هەردوو ڕێکخراوی قاعیدە و داعشەوە، توانیی ئیسلام وەکو ژیار و وەکو دینبکاتە بەرپرسی بنەڕەتی لەوەی پێی دەڵێن"بەیەکدادانی ژیارەکان". ئیسلام لای ئەوان بووە بە هاوتای مەترسی و دواکەوتوویی و دڕندایەتی، بەجۆرێک وای لێ هاتووە زۆر بەقورسی ئیسلام لەو کوشت و کوشتارانە و لەو فیلمە ڤیدیۆییانە پاک دەکرێتەوە کە تێیاندا کۆمەڵێک دڕندە دەبینین چۆن بێبەزەییانە سەری بارمتەیەک دەبڕن، یان بە زیندوویی فڕۆکەوانێکی ئوردونیی بەسزمان دەسووتێنن. هەموو ئەم کردەوانە ئیسلام و بەها ئیسلامییەکانیان لەوتاندووە. هەرچی زووە لەسەر دەوڵەتە ئیسلامییەکان پێویستە ئیدانەی ئەم کردەوە وەحشییانە بکەن. ڕاشد غەننووشی، ڕابەری حیزبی"ڕابوون"ی ئیسلامیی تونسی، جەسارەتی گەیشتە ڕادەیەک کە لە ٢٠ی مایۆی ٢٠١٦دا وتی: "دەبێ چالاکیی دینی لە چالاکیی سیاسی جیابکەینەوە".هەروەها وتی:"دەبێ ئیسلام چیتر بە سیاسەتەوە نەبەسترێتەوە". ئەمەش ڕێک دژ بە لێدوانەکانی خومەینییە لە ساڵی ١٩٧٩دا.

- به بڕوای من، بەتەنها ئیدانەکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێ بە کردەوە کاری جیددیی بۆ بکرێ.
- بەڵام دەوڵەتە خۆرئاواییەکانیش فریودەرن. ئەوان دەزانن کە توندڕەویی ئیسلامی لە هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا باوە و هەر ئەمەشە کە "دەوڵەتی ئیسلامی" دەیەوێ لەسەر خاکەکەیان بیسەپێنێت، کەچی ئەورووپییەکان لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان، چاو لەو دیاردانە دەنووقێنن.
- وڵاتە ئەورووپییەکان دەیان ساڵە ملیۆنان کۆچبەریان لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە بە پەنابەر وەرگرتووە. ئەی کەواتە ئێستا چی دەکەن تا بتوانن پێکەوە بژین؟
- کێشەکە ئەوانە نین کە ساڵانێکی زۆرە نیشتەجێی ئەورووپان. ئەوانە کاری خۆیان دەکەن و باجی خۆیان دەدەن و سەنگینی دەپارێزن، گەرچی ئەمە ڕێ ناگرێ لەوەی تووشی شۆک بن وەختێ ڕۆژنامەیەک هەندێ وێنەی کاریکاتێری لەسەر پەیامبەر بڵاو دەکاتەوە. چونکە پەیامبەر بە لای ئەوانەوە کەسێتییەکی موقەدەسە و وێنەکردنیشی بە شێوەیەکی کاریکاتێری، شتێکە باوەڕداران پێیان قبووڵ ناکرێ، ئەوە بە دەستدرێژی دەزانن بۆ سەر ئایدیالی باڵایان. شتێکە ناتوانن بەرگەی بگرن و ئێمەش ناتوانین داوای ئەوەیان لێ بکەین کە دەبێ بەو گاڵتەپێکردنە قایل بن بە کەسێک، کە ئەوان بەو ڕادەیە بەرز ڕایدەگرن و قورئانیش بە "باشترین مەخلووق"ی ناو دەبات.
- ئەی کەواتە کێشەکە لە کوێوە هات؟
- کێشەکە لەوانەوە هات کە پێیان دەوترێ"نەوەی دووەم" و تەنانەت "نەوەی سێیەم"یش. واتە منداڵ و نەوەکانیان. ئەمانە

له ئەورووپا لەدایک بوون و ناسنامەی ئەورووپییان هەڵگرتووە، بەڵام لەناو بۆشاییەکی کولتووریدا نەشونمایان کردووە. لە زۆربەی کاتدا خێزان و کەسوکاریان نەیانتوانیوە هاوشانیان بڕۆن و ئەوپەڕی ئازادییان داوە بە منداڵەکانیان. هەروەها گوزەرانی خراپیش لە گەڕەکە ناتەندروستەکانی دەوروبەری شاردا کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەریان. جاری وا بووە لەو ناوچانەدا ڕێژەی بێکاری گەیشتووەتە ٤٥%، لەکاتێکدا ڕێژەی ئاسایی ١٠%یە. ئەمەش دۆخێکی پڕ لە نائومێدییە. کاتێکیش یەکێکیان هەست بە هیچ ئینتیمایەک ناکات بۆ فەرەنسا، ڕوودەکاتە ئیسلام و دەبێتە داڵدە و پەناگەی و شوناسی خۆی تیا دەبینێتەوە. عادەتەن هەموو شتەکان بە تاوانێکی بچکۆلە دەست پێ دەکات و پاشانیش زیندانیکردن. ئینجا لێرەوە "پێوتەرەوانی بیروباوەڕ" دێنە سەر خەت و دەبنە یەکەمین لە بەڵێنپێدانیان بە دوارۆژێکی ڕووناک و دژایەتیکردنی ئەم خۆرئاوایەی کە سووکایەتییان پێ دەکات و پشتگوێیان دەخات، ئەم خۆرئاوایەی تێیدا"ژن حەیا و حورمەتی لەدەست داوە و پیاو لەگەڵ پیاودا هاوسەرگیری دەکات". ئیتر هەندێ لەم لاوانە، هەر دوای دەرچوونیان لە زیندان، ئامادە دەبن بۆ شەڕکردن لەگەڵ"کافران"دا. هەڵبەتە ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام بەشی ئەوە دەکەن تۆڕە بەناوبانگەکانی تیرۆر لە سوریا و عیراقدا پڕبکەنەوە.

- بابە، پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە؛ ئایا ئیسلام، مەبەستم لە لقوپۆپە وێرانکەرەکانی نییە، مەبەستم لە ئیسلامی

توندڕەو و ئسوولێیش نییە، بەڵکو ئیسلامی ساغ و دروست، ئایا لەگەڵ دیموکراسی و عەلمانییەتدا هەڵدەکات؟

- بەڵێ. ئەوەتانێ ژمارەیەکی زۆر موسڵمان هەیە لە فەرەنسادا کە بە لێکگەیشتنێکی تەواوەوە لەگەڵ هەموو کۆمەڵە خەڵکەکانی تردا دەژین...

- تاویک!تۆ وای دەبینیت کە هەموو شتێک باشە لەنێوان موسڵمانەکان و کۆمەڵە خەڵکەکانی تردا؟

- جیهادییەکان کەمینەیەکی کەمن. ئەوانە نوێنەری ئیسلام نین لە فەرەنسادا، بگرە خۆیشیان یەکەیەکی لەناویەکدا گونجاو نین، بەڵام چالاکییەکانیان وا پیشان دەدا کە نوێنەری موسڵمانانن، بە موسڵمانە بێوەیەکانیشەوە. لە ڕاپرسییەکدا کە دەزگای ئیفۆپ"IFOP" لە ئەپریلی ٢٠١٦دا ئەنجامی دا، دەرکەوت کە ٤٣%ی ئەڵمانەکان و ٤٧%ی فەرەنسییەکان وایدەبینن کە موسڵمانەکان سەرچاوەی هەڕەشەن. لە هەموو وڵاتانی ئەورووپادا وێنەی ئیسلام ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ناشیرینی دەچێت.

- ئەی کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟

- هەندێ لە لاوە موسڵمانەکان تووڕەن، سەرکردەکانی داعشیش، ئەوانەی هەوڵ بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتی ئیسلامی" دەدەن لە جیهاندا، دەیانەوێ ئەم حاڵەتە بقۆزنەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک تەقەلا دەدەن کێشە لەنێوان ئەم لاوانە و کۆمەڵگەی فەرەنسیدا قووڵ بکەنەوە. ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیاندا دەچەسپێنن، کە خۆرئاوا لە گوناهدا نوقم بووە و کەسێکی تیا نییە بەرگری لە بەها ڕۆحی و دینییەکان بکات.

وایان تێدەگەیەنن کە ژیانی ڕاستەقینە لە شوێنێکی ترە، وا لە "برایەتیی ئیسلامی" و "دارولئیسلام" و "چاکەکردن و خۆبەختکردن لەپێناوی بەهەشت"دا. زۆربەی کات بەمشێوەیە لەوەدا سەرکوتوو دەبن، کە ئەو لاوانە لە خۆرئاوا دامالن و وایان لێ بکەن ببنە دوژمنی.

- بەڵام زیاتر لە ٢٥٠٠ مەغریبی لە ڕیزەکانی داعشدان، لە کاتێکدا مەغریب خۆی وڵاتێکی موسڵمانە! کەواتە کێشەکە هەر ئەورووپا نییە. ئەی ئەو لاوە مەغریبییانە بۆچی دەچنە ڕیزی داعشەوە؟

- لە مەغریب، هەروەها لە کۆمەڵێک وڵاتی موسڵمانی تردا؛ وەکو جەزائیر و تونس و میسر، هەندێ باوەڕیان وایە کە دەبێ "دەوڵەتی ئیسلامی" لە هەموو جیهاندا، لەسەر بنەماکانی وەهابییەت دامەزرێ، واتە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای توند.لەو بڕوایەشدان کە داعش دەتوانێ ئەو ئامانجە بهێنێتە دی. لەو دەوڵەتانەدا، حیزبە سیاسییە پێشکەوتووەکان، نەیانزانیوە چۆن لەگەڵ ئەمانەدا ڕەفتار بکەن.

- بەڵام بابە، من زۆرجار بیستوومە کە ئیسلام و دیموکراسی پێکەوە ناگونجێن. ئەمە تا ڕادەیەک ڕاست نییە؟

- ئەگەر ئێمە توانیمان بە شێوەیەکی کۆنکرێتییانە ئەوە بسەلمێنین کە مرۆڤ دەتوانێ موسڵمانیش بێت و بە لێکگەیشتنەوە لەگەڵ ئەوانی تردا دین و ڕێوشوێنە ئایینییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا ئەوکات دەتوانین بڵێین کە ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت. موسڵمان بەئاسانی پرنسیپی عەلمانییەتی پێ قبووڵ ناکرێ،

لەبەرئەوەی بەلای ئەوەوە ئیسلام دین و ئەخلاق و جیهانبینی و کۆمەڵێک سرووتی ڕۆژانەیە... بەلای ئەوە ئاسان نییە ولاتێکی موسڵمان مزگەوت لە دەوڵەت جیابکاتەوە. من پێم وتیت کە جگە لە تورکیا، هیچ دەوڵەتێکی موسڵمان پڕکێشیی ئەوەی نەکردووە پەیڕەوی لە عەلمانییەت بکات. کێ دەزانێ، لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان تونسیش ئەو کارە بکات.

- کەواتە تۆش ددان بەوەدا دەنێیت کە ئەوە شتێکی ئاسان نییە؟

- بە لای منەوە، تا ئسوولییەکان لە ناوچە موسڵماننشینەکاندا، لەو چالاکییانەیاندا و لە چاندنی تۆوی ئاژاوەگێڕیدا بەردەوام بن، لە ولاتە ئەوروپییەکاندا ئیسلام لە تەنگژەدا دەژی.

- بابە، هەندێ لە فەرەنسا دەپرسن ئاخۆ ئەو هەلانە چین کە خۆرئاوا بەرامبەر بە موسڵمانان کردوونی؟ تۆ دەڵێیت چی؟

- بەبڕوای من ئەو هەلانە هیی کۆنن، هیی قۆناغی کۆلۆنیالیزم. تا ئێستاش یاد و یادەوەریی جەزائیری و فەرەنسی بریندارن. هێشتا ئەو برینانە سارێژ نەبوون. ئەو قۆناغە گەلێ توندوتیژی و ڕق و زەلیلکردنی بەخۆوە بینی و هێشتا ئەو پەیوەندییانە بەتەواوی چاک نەبوونەتەوە. دوای سەربەخۆیی، شەپۆلی گەورەی کۆچ دەستی پێ کرد و فەرەنساش دنەی دەدا، پاش ئەوەش هەندێ شەپۆلی کۆچی تر هەبوون، کە بە مایەی پەسەندکردن نەبوون. ناتوانین بڵێین ئەو کۆچبەرە موسڵمانانەی مەغریب و ئەفریقا، لە فەرەنسا بەهەشتیان دەستکەوت، ئاشکرایە ئەو کۆچبەرانەی

کـاتی خۆیشـی لە وڵاتە کۆلۆنییەکـانەوە هـاتن، دووچـاری چ ئازار و بەدحاڵیبوونێک بوون.
بەر لە ســـەرهەڵدانی ئســـوولییەتی دینـــی، لە کۆتاییەکـــانی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، کۆمەڵێک ئەکادیمیست هەبوون کە لە ئیسـلام و جیهـانی عەرەبیـدا پسـپۆڕ بـوون، ئەوانەی پێیان دەوترا خۆرهەڵاتناسەکان، ئەمانە توانیویانە شارەزایانە و بەچـاوی هاوسـۆزییەوە لەو دیـنە و لەو گەلانە بکـۆڵنەوە. بەناوبانگترینیشـیان: ژاک بێـرک، مەکسـیم ڕۆدنسـۆن، لـویس ماسـینیۆن (پسـپۆڕێکی گەورەیە لە لێکۆڵینەوەســەبارەت بە شاعیری سۆفی حەللاج)، ئەندریێ مایکل(وەرگێڕی هەزار و یەکشـەوە)، ڕێـژی بلاشـێر، شـاعیر ژان گرۆگـان (وەرگێـڕی قورئـان) و هێنـری کۆربـان (پسـپۆڕ لە ئـایینزای شـیعەدا) و هتد... ئەمانە بێ هیچ حوکمێکی پێشوەخت دەستیان دایە ئەو کارانەیان. ئەمڕۆشـژیل کێپڵ و هێنری لۆران و ئۆلێڤییە ڕوا و هەنـدێکی تـر درێـژە بە ڕەوتەکەی ئەوان دەدەن.ئەمـانیش باکگراوەنـــدێکی باشـــیان هەیە و شـــارەزایانە قســـە لە مەســـەلەکان دەکەن. کۆمەڵێـک ڕۆژنامەنووسـیش هەن کە خۆیان وەکو پسپۆڕ لە بوارەکەدا پیشـان دەدەن، بەڵام بەبێ ئەوەی شـارەزاییان هەبێت. هەندێ لەمـانە چاودێری باشـن، بەڵام ئەو مەعریفە قووڵەی خۆرهەڵاتناسـەکانیان نییە.
- دەڵێیت کە فەرەنسا باش پێشوازیی لە کۆچبەرەکان نەکرد؟
- لەو کـاتەوەی لە فەرەنسـا و لە سـاڵی ١٩٧٣دا قەیـرانینەوت دروست بوو، ئیتر کۆچکردن بۆ ئەوێ کەوتە بەر ڕەخنە و هەڕەشە، بەتایبەتییش کۆچی مەغریبییەکان و بەوە تۆمەتبار کـرا کە هۆکـاری بەرزبـوونەوەی نەوتە. لەو مـاوەیەدا دروشمێکی پڕوپووچ هـاتە ئاراوە کە دەیوت:"نەوتمان نییە،

بەڵام هزرمـان هەیە". ئیتـر کۆمەڵێـک کـردەوەی تونـدوتیژ و هێرشـی تیرۆریسـتی و تـاوانی ڕەگەزپەرسـتییانە ڕوویـان دا، بەتایبەتییش لە مارسیلیا و لە ناوچەکەدا.

- ئەی کۆچبەرەکـان وەکـو کـاردانەوە هـیچ هێرشـێکیان نەکـردە سەر فەرەنسییەکان؟
- ڕاسـتییەکەی نەخێـر، بەڵام بەچاوپۆشـین لەوەش، فەرەنسـا، نە لە سـەردەمی حـوکمڕانیی ڕاسـتەکاندا و نە لە سـەردەمی حـوکمڕانیی سۆشیالیستەکاندا، کارێکی نەکرد بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانی کۆچبەرەکان و ئەو منداڵانەیان کە لە فەرەنسا لەدایک بوون. لەکاتێکدا کۆمەڵەکـانی پشـتیوانی لە کـۆچبەران بەردەوام زەنگـی ئـاژێری بـۆ دەسـەڵات و لێپرسـراوان لێـداوە، کە پێویسـتە بـایەخ بە کـۆچبەران بدەن.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە لەسـاڵی ١٩٧٩دا، هەندێ لە زانا ئاینییەکـان کاریـان لەسـەر ڕاکێشـانی لاوەکـان کـرد بەلای خۆیانـدا. داوایان لە ژنان کرد حیجاب بکەن و بەوردی ڕێز لە ڕێوشوێنەکانی ئیسلام بگرن. هەر لەو ساڵانەدا، بەشێک لە زیندانییە مەغریبییەکان، لە ژەمەکـانی نانخواردنیانـدا، داوای خـۆراکی "حەڵاڵ"یـان دەکـرد و ئەوە بـوو لە سـاڵانی هەشـتاکاندا، لە زیندانەکانـدا هەمـوو داوای خـۆراکی "حەڵاڵ"یان کرد. ئەم شتانە بوونە هۆی بەهێزکردنی تەوژمی ئیسلامی و دواجـاریش بە تیـرۆر شکایەوە.سـەرەتا تیـرۆر دەوروبەری فەرەنسای گرتەوە، هەروەها هەندێ ناوچەی بەلجیکا، وەکو گەڕەکی مولانبـاک لە برۆکسـل، کە ئەمـڕۆ بە مـۆڵگەی سـەرەکیی تیرۆریسـتە مەغریبییەکان دەژمێردرێ.

- بڵاوبـوونەوەی تەوژمـی ئیسـلامی بەو گەڕەکـانەدا و وا بە ئاسانی، چۆن لێکبدەینەوە؟

- زۆر ئاسانە. کۆمەڵێک لاوی زۆر هەن هیچ ئاسۆیەک بۆ پاشەڕۆژ شک نابەن. بەردەوام لەنیگەرانییەکی کولتووری و کۆمەلایەتی و سیاسیدا دەژین، شتێک نییە خۆیانی پیا هەڵواسن، شتێک نییە لەو تەنگژەیە ڕزگاریان بکات، ئیتر لەو کاتانەدا، ئیسلام بەو شێوەیەی کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، دێت و کۆمەڵێک وەڵامی حازربەدەستی بۆ پرسیارەکانی ژیانیان پێیە، هەروەها وەکو باسمان کرد، تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەلایەتی ئاسانکارییەکی باش دەکەن لەمڕووەوە و دەزانن چۆن ئەو لاوانە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. ئیتر ئەو گەنجانە، کە لەو ناوچە ئەفەرۆزکراوانەدا لە هەموو شتێک دابڕاون و لە هەموو شتێک بێهیوا بوون، چۆن ناکەونە ژێر کاریگەریی فیلمێکی ڤیدیۆییەوە، کە کۆمەڵێک جیهادی پیشان دەدات باس لەوە دەکەن دواجار مانایەکیان بۆ ژیانی خۆیان دۆزیوەتەوە؟

- باشە، بەڵام مەترسیی ئەمە لەوەدا نییە کە هەموو بەرپرسیارێتییەکە دەخرێتە ئەستۆی ئەورووپییەکان و ئەمەریکییەکان؟ ئەی نابێ موسڵمانەکان سەرەتا خۆیان ددان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن؟

- هاوڕاتم. گەرچی سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕووداوە مێژووییانەت بەبیر بهێنمەوە، کە ڕوونکەرەوەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆن. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە خەتاکە بخرێتە ئەستۆی ئەوانی تر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەبێ لە هەموو ڕووەکانەوە سەیری مەسەلەکە بکەین. بۆیە بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوانە، شتەکانمان زیاتر لا ڕوون

دەبێتەوە، وەکو: هێرشی خاچپەرستەکان(نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەنێوان بانگەوازەکەی پاپا ئۆربانۆسی دووەمدا لەساڵی ١٠٩٥ و ئەو جەنگەدا کە شازادە ئێدواردی یەکەم؛ شای ئینگلتەرە کردییە سەر موسڵمانەکان لە ساڵی ١٢٧٢دا، نۆ هێرشی گەورە ئەنجام دراوە) و جەنگە دینییەکانی فەرەنسا (کاسۆلیک دژ بە پرۆتستانت) و کوشتارەکەی سان بارتێلێمی (لە ٢٤ی ئۆگەستی ١٥٧٢دا) بەتایبەتی، بەڵام نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە ئەورووپا خۆیشییەناوی مەسیحییەتەوە، کردەوەی توندوتیژیی سامناکی ئەنجام داوە.

- باشە. بەڵام هێشتا من لەوە تێناگەم کە بۆچی فەرەنسا بەرپرسیارە لەوەی ڕوو دەدات؟

- وێڕای نەبوونی سیاسەتێک بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانی کۆچبەران لە شوێنەکانی دەوروبەری شارەکاندا، بەلای زۆربەی موسڵمانانەوە، هەڵەی بنەڕەتیی خۆرئاوا، سیاسەتی "بانێکە و دوو هەوا"کەیەتی لە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا. ئیتر ڕاست بن یان هەڵە بن، کۆچبەران، بەتایبەتییش منداڵەکانیان (ئەوانەی ڕەگەزنامەی فەرەنسییان هەیە) لەوە تووڕەن کە دەبینن وڵاتانی ئەورووپی بەرگری لە ئیسرائیل دەکەن، کەچی لەئاست ئەو ستەمەدا کە لە فەلەستینییەکان دەکرێ، چاو دەنووقێنن. ئەو لێدوانەت بیر دەخەمەوە کە فرانسوا هۆلاند لە یەکەم ڕۆژی جەنگ دژ بە غەززە دای، لە یۆلیۆی ٢٠١٤دا، وەختێ وتی "ئیسرائیل هەقی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات". بەدوایدا، لێدوانەکەی سەرۆکوەزیرانیش هات، مانویل ڤاڵس، کە بیری چووبووەوە

پێشتر و لە ساڵی ٢٠٠٦دا وەختێ هێشتا سەرۆکی شارەوانیی ئیڤری بوو و بە ئامادەبوونی لەیلا شەهید (باڵیۆزی دەسەڵاتی فەلەستینی لە فەرەنسا) لایەنی گەلی فەلەستینی گرتبوو،کەچی ئەو ڕۆژە "پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ ئیسرائیل" پیشان دا و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕەخنەگرتن لە زایۆنیزم "دوژمنایەتیکردنێکی دەمامکدارانەیە بۆ جوولەکە". هیچ وتارێک بۆ هاوسۆزی لەگەڵ فەلەستینییەکاندا پێشکەش نەکرا، هیچ ئاماژەیەک بۆ قوربانییە سیڤیلە فەلەستینییەکان نەکرا. ئەم لێدوانە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەوە. تا ئەوە بوو سەرۆکایەتیی کۆمار دواتر بەیانێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هەوڵی دا هاوسەنگتر بێت، بەڵام ئەو لێدوانە تازە یادەوەرییەکی خراپی لە یادی موسڵمانەکاندا جێهێشتبوو. ئەوەندە بەسە لە یوتیوبدا سەیری کۆمەڵێک فیلم بکەیت تا بزانیت ئەو موسڵمانانە چەند بە توندوتیژی نارەزایی و کاردانەوەی خۆیان دەخەنە ڕوو.

- لەو کاتەوە فەرەنسییەکان سیاسەتی خۆیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەگۆڕیوە؟
- لە جەنیوەریی ٢٠١٦دا و لە یادی هێرشەکانی ساڵی ٢٠١٥دا، مانوێل ڤاڵس دوژمنایەتیکردنی جوولەکەی خستە بەر ڕەخنە و بەرگریی لە دەوڵەتی ئیسرائیل کردەوە. هەروەها وتی کە "ڕقی دوژمنانەی بۆ ئیسرائیل" پێ قبووڵ ناکرێ، بە یەک وشەش چییە باسی لەو کردەوە دوژمنانانە نەکرد کە لە فەرەنسا دەکرێنە سەر موسڵمانەکان، یان بەردەوامبوون لە

دروسـتکردنی ئۆردووگـای زۆرەملـێ لە فەلەسـتین. لە ٧ی مارسی ٢٠١٦یشدا، لە ئێوارەخوانێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەزگاکـانی جـوولەکەدا لە فەرەنسـا (CRIF)، سـەرلەنوێ ئەم هەڵوێستەی خۆی دووپات کردەوە و وتی:"دوژمـانەیتیکردنی زایۆنزیم، واتە دوژمنایەتیکردنی جوولەکە و ئیسرائیل".

- ئەی فرانسوا هۆلاند؟
- لە هەمـان ڕۆژدا، سـەرۆککۆمار سـەردانی مزگەوتـی گەورەی پاریسی کرد و لەوێ لەگەڵ موسڵمانەکاندا چای خواردەوە. ئەو سەردانە دەسپێشخەرییەکی ڕەمزیی گرنگ بوو، بەڵام بە لای موسڵمانەکانەوە، بەتەنها ئەوە بەس نەبوو.
- ئاخۆ ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەبنە هۆکار بۆ تیرۆر؟
- نەخێر، هەرگیز ئەم هەڵوێساتەن نابێ ببنە بیانوو بۆ کەسانی وەکو مەراح و کواشی و کۆلیبالی تا بچن بەناوی ئیسلامەوە، یـان بەنـاوی فەلەسـتینەوە، هونەرمەنـدی وێنەکـێش و منـاڵی جوولەکە بکوژن. فەلەستینییەکان خۆیان چ لە ڕامـوڵڵا و چ لە غەززە، بەو تـاوانە ناشـیرینانە زۆر شـۆک بـوون و نایانەوێ کەسـانێکی وەکـو ئەوانە بەو شـێوەیە لە خەبـاتی ئەوانـدا بەشدار بن.
- باشـە دەتـوانین بڵێـین موسـڵمانەکانیش ڕەگەزپەرسـتن، یـان هەر قوربانییەکی دەست ڕەگەزپەرستین؟
- بۆ دەبێ موسڵمانەکانیش لە ئافاتی ڕەگەزپەرستی دوور بن، ئەو ئافـاتەی هەمـوو دنیـای گرتـووەتەوە؟ بێگومـان هەنـدێ لەوانـیش ڕەگەزپەرسـتن. ئەوانـیش حەز نـاکەن تـێکەڵ بە خەڵکانێـک بـن کە سـەر بە کولتـوورەکەی خۆیـان نـین، یـان

سـەر بە دیـنەکەی ئەوان نـین، یـاخود هەر بێـدینن، ئیتـر "نـازنمگەرا- لاادري" بـن، یـان بێبـاوەڕ. ئەو سـڵکردنەوەیە حاڵەتێکی گشتییە. مرۆڤ کە خۆی قوربانیی ڕەگەزپەرستی بـوو، ئەمە بە زەروورەت مانـای ئەوە نیـیە کە خۆیشـی ڕەگەزپەرست نییە.

- بەچـاوکردن لەوەی ژمـارەی موسـڵمانان لە جیهانـدا زیـادی کـردووە (وەکـو بـاس دەکـرێ ملیارێـک و سێسـەد ملیـۆن موسـڵمان هەن) ئـاخۆ تـۆ لەو بڕوایەدایـت کە پاشـەڕۆژ بـۆ ئەوان دەبێت؟

- مـن دەزانـم کە دیـن لەمـڕۆی دنیـاداڕۆڵێکی زۆر کـاریگەر دەبینـێ، دەشـزانم ئەمـڕۆ ئەو مەسـەلانەی پەیوەنـدییان بە ئیسـلامەوە هەیە، لە جیهانـدا جێی مشـتومڕن و کاسـۆلیک لە پاشەکشەدایە، بەڵام سـەرباری ئەمەش، باوەڕم بەوە نییە کە پاشـەڕۆژ دەبێـتە مـوڵکی ئەم یـان ئەو دیـانەتە. دەبـێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە ئێستا داعش بەناوی ئیسـلامەوە شەڕ لەگەڵ هەموو دنیادا دەکات.

- باشە، کەی دیاردەی "ئیسلامۆفۆبیا" لەناودەچێت؟

- تـرس لە ئیسـلام شـتێکە لەئـارادایە. جـاری وایە بەبـێ هـیچ شتێکی دیاریکراو. پێشتر لەو بارەیەوە قسەمان کرد. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕق لای هەندێ کەس بەرامبەر بە کـۆچبەران. هەڵـبەتە بەشـێک لە کـۆچبەران شـێوازێکی توندڕەوانەی ژیـان بەسـەر هاوسـەرەکەیدا، یـان کچەکەیـدا دەسـەپێنێت، بۆ نموونە حیجابی تەواوەتی و بگرە نیقابیش (پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هەندێ لە ژنان

پـێش هـاتنی ئیسـلامیش نیقابیـان کـردووه، بـۆ نمـوونه لە یەمەن)، هەروەهـا ڕوونەکـردنە ئەو شـوێنانەی کە خەڵکـی کولتـوورە جۆربەجۆرەکانی لێیە، یـان نەچوونی ژن بۆ لای پزیشـکی پیـاو. بەڵام هەمـوو ئەم ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتانە ئەوەنـدەی گوزارشـت لە دواکەوتـوویی و هیچـی دەکەن، ئەوەندە گوزارشت لە ئیسلام ناکەن، گەرچی ئەورووپییەکان بـڕوا بەمە نـاکەن و لە شـەو و ڕۆژێکیشـدا ئەو بڕوایەیـان ناگۆڕێت.

- کەواتە هەموو شتەکان بەدەوری ژندا دەسووڕێنەوە؟
- بەڵـێ. دەکـرێ بەشـێکی زۆری ئەو ناکۆکییـانەی ئەمـڕۆ جیهـانی ئیسـلامی پێوەی گینگڵ دەدات بەو ژیانەوە ببەستینەوە، کە بەسـەر ژناندا سەپێنراوە. تۆ ناهەقت نییە گەر دۆخەکە وا ببینیت کە: هەموو شـتەکان بەدەوری جەسـتەی ژنـدا دەخـولێنەوە. لە ڕاسـتیدا ئەمە کێشـەیەکە تـا ئێسـتا چارەسـەر نەکراوە. ئیسـلامییە توندڕەوەکان ترسـی زۆریـان لە جەسـتەی ژن هەیە، لەبەرئەوە دەڵـێن دەبـێ داپۆشـرێ و بەدەرەوە نەبێت، نابێ بەئـازادییەوە بجووڵێنەوە. بەڵام سـەرەڕای ئەم ڕەفتارە دواکەوتووانەی کە دەبنە مایەی شۆک بۆ خۆرئاواییەکـان و موسـڵمانە کراوەکـان، ئەو دوانەی بەتەواوی لە دیاردەی "ئیسلامۆفۆبیا" بەرپرسن، بن لادن و لایەنگرانی، هەروەهـا داعـش و داروەدەسـتەکانین. پرۆفیسـۆر هێنـری لۆرەنسـیش؛ کە مامۆسـتای مێژووی هـاوچەرخی عەرەبی و ئیسـلامییە لە زانکۆی کـۆلیج دو فـرانس، لە ڕۆژنـامەی لـو فیگـارۆ دا؛ لە ١٥جەنیـوەریی ٢٠١٥دا جەختی لەسەر ئەمە کردەوە، کاتێ وتی:

"بەبـڕاوی مـن هۆکـاری ئیسـلامۆفۆبیا دەگەڕێـتەوە بـۆ هەنـدێ لەو موسڵمانانەی کە ڕق و کینە دەچێنن و خەڵکی بۆ هـان دەدەن، ئەمەش جیـــاوازە لە دوژمنـــایەتیکردنی ســـوننەتییانەی جـــوولەکە،کە لە

کاردانەوەوە یان ڕەفتار، یان کردەوەیەکەوە دروست نەبووە. من وای بە باش دەزانم دەستەواژەی "ڕەگەزپەرستی" بەکار نەبەین، کە بایۆلۆجیمان بیر دێنێتەوە، لە کاتێکدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ڕەگەزی جیاواز بوونی نییە. باشترین دەستەواژە بۆ ئەمە "تاوانی ڕق" Hate Crimeی ئەنگلۆساکسۆنییە.

- ئەی چۆن دژایەتیی ئەم "تاوانی ڕق"ە بکرێ؟

- بەر لە هەموو شتێک پێویستە موسڵمانان ستایلی ژیانی خۆیان لە خۆرئاوادا بگۆڕن. لەڕێی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە دەکرێ ئەم وێنە ترسناکەی ئیسلام لە خۆرئاوادا کاڵ بکرێتەوە. ئێمە کاتێ بە وردی و بە تێڕامانەوە قورئان دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دەقێکە لە ئاستێکی بەرزی ئێستاتیکا و شاعیرییەت و مرۆڤدۆستیدایە، بەڵام ئەگەر هەوڵی ئەوە بدرێ دەقاودەق و بەشێوەیەکی حەرفی پیادە بکرێ و دەقەکانی لێک بدرێتەوە، ئەوا دەکرێ بەگوێرەی داوا زۆر شتی بدرێتە پاڵ.

هەروەها لە سەرێکی تریشەوە، پێویستە خۆرئاوا بەڕووی ئیسلامدا بکرێتەوە و زیاتر بە ئیسلام و کولتووری ئیسلامی و ژیاری ئیسلامی ئاشنا بێت و بەو کردەوە تیرۆریستییانە نەوەستێت کە ئاگری شەڕی نێوان دوو جیهانبینیی جیاواز خۆشدەکەن.

بۆیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارایانە دژایەتیی "ئیسلامۆفۆبیا" بکەین، پێویستە لای هەردوو لایەنەکە، دژایەتیی حاڵەتەکانی جەهل و نەزانین بکەین.

## بۆ ڕۆژی دواتر

- بابە، ئەو کتێبە چییە دەیخوێنیتەوە؟
- قورئانە.
- بەڵام تۆ پێشتر چەند جارێک خوێندووتەتەوە!
- بەڵێ. بەڵام کتێبێکی زۆر دەوڵەمەندە و پێویستە چەند جارێک بخوێنرێتەوە.
- ئەی تۆ بەمناڵی هەموویت لەبەر نەکردووە؟
- بەڵێ کچم. وەکو هاوڕێکانی تری هاوسەردەمم، منیشیان نارد بۆ حوجرەیەکی مزگەوتەکەی گەڕەکەکەمان، لەوێ پیرەمێردێک یەک بە یەک ئایەتەکانی بۆ دەخوێندینەوە.
- هێشتا لەبیرتە؟
- بەڵێ، یادم باشە. بەڵام ئەوسا کۆمەڵێک سوورەتم لەبەر بوو بەبێ ئەوەی لە هیچیان تێبگەم. ئەو مامۆستایە هیچی بۆ ڕاڤە نەدەکردین، هەر پێی لەبەر دەکردین.
- ئەی بەڕاستی لەبەرت دەکردن؟
- لەترساندا. ترس وای لێ دەکردین هیچ چارێکی ترمان نەبوو.

- ئەگینا چی دەبوو؟
- ئەگینا فەلاقەیان دەکردین. واتە بە دار لە بنی پێمانیان دەدا.
- پێکەنینم دێ کە دەتهێنمە پێشچاوی خۆم بە هەڵواسراوی...
- هەموویم لەیاد ماو.
- ئەی کەواتە بۆ دیسانەوە دەیخوێنیتەوە؟
- لەبەر ئەوەی زیاتر لە ڕێگەیەک هەیە بۆ خوێندنەوەی. منیش دەمەوێ ڕێگەیەکی نوێ تاقی بکەمەوە.
- چۆن؟
- کچم، قورئان کتێبی پیرۆزی موسڵمانانە، وەکو چۆن ئینجیل لای مەسیحییەکان و تەوراتیش لای جوولەکە پیرۆزە. هەموو دینێک کتێبی پیرۆزی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە بزانە کە لەنێوان ئەم سێ کتێبەدا کۆمەڵێک شتی هاوبەش هەیە. گرنگ زانینی چۆنێتیی خوێندنەوەی ئەم دەقانەیە، واتە چۆن زیرەکانە دەیخوێنیتەوە.
- ئادەی ئەو ڕێگەیەی خۆتم پێ بڵێ بۆ خوێندنەوەی.
- بۆ ئەوەی بە ڕوونی تێبگەیت، وانەیەکی سادەی مێژوویيت پێ دەڵێمەوە. تۆ دەزانیت کە قورئان لە کۆمەڵێک نامە پێکدێ، کە محەمەدی پەیامبەری خوا لەڕێی جوبرائیلەوە وەریگرتوون. خوا ئەوی هەڵبژارد تا پەیامبەری بێت بۆ ئەو خێڵە عەرەبانەی ئەوسا بتیان دەپەرست، واتە ساڵی ٦٢٢ز.
- باشە. بەڵام بۆ دەڵێیت چەند ڕێگەیەکی جیاواز هەیە بۆ خوێندنەوەی؟
- لەبەرئەوەی هەر لەو سەردەمەشداکەسانێک هەبوون کە بە شێوازێکی ڕەمزی و خوازەیی دەقەکانی قورئانیان دەخوێندەوە...

- ببووره قسەکەشت پێ دەبڕم، بەڵام "خوازەیی" واتە چی؟
- خوازە وێنەیەکە یارمەتیت دەدات لە مانای شاراوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو تێبگەیت.
- نموونەیەکم بدەرێ.
- سەیری ئەم مەتەڵە بکە: ئەو گیانلەبەرە چییە کە بەیانی لەسەر چوار پەل دەڕوات، نیوەڕۆ لەسەر دوو و شەویش لەسەر سێ؟
- نازانم!
- مرۆڤە. ئەگەر وادابنێین تەمەنی مرۆڤ یەک ڕۆژی تەواوە، ئەوا بەیانییەکەی سەرەتای تەمەنە، واتە منداڵی کە لەسەر چوارپەل گاگۆڵکی دەکات، نیوەڕۆ لاوێتییە، کە لەسەر دوو پێ دەڕوات، شەوەکەش، قۆناغی پیرییە، کە گۆچانێک بەدەستیەوە دەگرێت و دەڕوات. ئەمە وێنەیەکی خوازەییە، جۆرێکە لە لێکچواندن (شوبهاندن) و لەڕێی وێنەوە شتەکان ڕووندەکاتەوە تا ماناکە باشتر بگات.
- تێگەیشتم.
- دەگەڕێمەوە بۆ چۆنێتیی خوێندنەوەی قورئان. دەبێ خوێندنەوەیەکی زیرەکانە بێت، واتە نابێ ئایەتەکان حەرفییانە بخوێنینەوە، بەڵکو دەبێ لەپشتی ڕووکەشی دەقەکەوە بەدوای شتە"ڕۆحی"یەکاندا بگەڕێین.
- کەواتە دەبێ مرۆڤ لەتوانایدا بێت وێنەی خوازەیی ڕاڤە بکات.
- نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبێ لەوە تێبگەین کە خوا لەڕێی ڕەمز و وێنەوە دەدوێت، ئەم ڕەمز و وێنانەش واقیعی نین...

- واقیعی یانی چی؟
- واقیعی به شتێک دەڵێن کە لە واقیعەوە گواسترابێتەوە، واتە هەقیقەتمان وا پیشان دەدات کە دەیبینین. جا ئێمە کاتێ دەڵێین ئەو پیاوە مێشک لەسەریدا نییە، مانای ئەوە نییە کە بەڕاستی مێشک لە کەللەسەریدا نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە نەزان و گێلە. ئەمەش وێنەیەکی خوازەییە،بۆ نموونە کاتێ خوا باس لەو خەڵکانە دەکات کە باوەڕیان پێی نییە، دەڵێت "إنهم تائهون"، واتە گومڕان و ڕێیان لێ ون بووە. تێدەگەیت؟ کاتێکیش باسی دەستی خوا دەکات، مەبەستی دەستێک نییە لە گۆشت و خوێن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وێنەیەکە ئاماژە بۆ ڕۆحێکی ناماددی دەکات.
- بەڵێ، تێگەیشتم.
- دوێنێ باسی ئەوەم بۆ کردیت کە لە مێژوودا ململانێی زۆر ڕووی داوە لەنێوان ئەوانەدا کە قورئانیان حەرفییانە خوێندووەتەوە و ئەوانەدا کە داوایان کردووە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕەهەندی ڕۆحیی دەقەکان و بە پشتبەستن بە لۆجیک بخوێنرێتەوە. بە مانایەکی دی، لەنێوان ئەوانەدا کە ڕەتیان دەکردەوە قسەکانی خوا تەفسیر بکرێ و ئەوانەش کە متمانەیان بە ئەقڵی مرۆیی و بە ئازادیی مرۆڤ هەبووە. لەمڕۆشدا ئەم دوو ئاقارە دەبینینەوە. لەسەرێکەوە ئەو دەمارگیرانە هەن کە گفتوگۆ ڕەت دەکەنەوە و هیچ ڕایەکی جیاوازیان پێ قبووڵ نییە، لەسەرێکی تریشەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئازادیی ئینسان و زیرەکیی هەیە و بە پێویستی دەزانن گفتوگۆ لەسەر ئەو بیروبڕوایانە بکەن. وەک

ئەنجـامیش، ئەو دەسـتەی تـر ئەمـان بە کـافر دەزانـن و دەیانچەوسێننەوە.
- دەزانم. پێشتر باسی دەمارگیری و ئسوووڵییەت و ئەوانەت بـۆ کـردم کە بە شـێوازێکی توندڕەوانە قسـەکانی خـوا لێکدەدەنەوە. بەڵام باشـە ئەمـانە بۆ شتگەلێک دەخەنە پـاڵ قورئان کە قورئان نایانڵێت؟
- کـاتێ پەیـامبەری خـوا لە سـاڵی ٦٣٢دا کـۆچی دوایـی کـرد، سەبارەت بەو ئایەتانەی لەڕێی جوبرائیلەوە بە سرووش پێی درا، هـیچ ڕێنمـاییەکی جێنەهێشـت. ئەسـحابەکانیش لەبەریـان کردبوون، هەندێکیشیان نووسیبوویانەوە، بەڵام قورئان خۆی وەکو کتێبێکی تەواو، لە ئارادا نەبوو. بیست ساڵ دوای ئەوە، کـاتێ سـێیەم خەلـیفەی موسـڵمانان؛ واتە عوسـمان هـات، لیژنەیەکی شەش کەسیی کارامەی لە ئەسحابەکانی پەیامبەر پێکهێنا و ڕایسپاردن کۆیبکەنەوە و یەک دەقی بێ جیاوازیی لێ دەربهێنن.
- کەواتە ئەو بیست ساڵە قورئان لەئارادا نەبوو؟
- وەکو پێم وتیت، بەشێوەی کتێب نەبوو، ئەگینا ئەزبەرکرابوو. پێت دەڵێم چۆن ئەوە ڕووی دا.

سـەرەتا سـوورەتەکان بەبێ ژێروبۆر کۆکرانەوە، ئینجا داوی دوو سـەدە نوسـخەیەکی "ژێروبۆربـۆکراو" دروسـت کـرا. لەو کاتەوە دوو ئاقاری ناکۆک بەیەک دروست بوون لە ڕوانینیاندا بۆ جیهـان لەڕێـی قورئـانەوە: لەوانەی سـەر بە ئاقـاری یەکەم بوون، کۆمەڵێک زانای ئایینیی سەر بە موعتەزیلە بوون، ئەمانە ئەقڵانـین و بەشـێوەیەکی ڕەمـزی و خـوازەیی قورئـان دەخـوێننەوە و هەمـوو شـتەکانیش لەبەر ڕۆشـنایی لۆجیـک

دەخوێننەوە.بەلای ئەوانەوە"ئیرادەی خودایی ئەقڵانی و عادیلە، مرۆڤیش دەتوانێ ئەو ئاڕاستەیە بدۆزێتەوە و لە کردەوەکانیدا پەڕەویی لێ بکات". بە واتایەکی دی، بەلای ئەوانەوە قورئان خولقێنراوە. هەر بە هەمان ئاقاردا، هەندێ فەیلەسووفی وەکو کیندی و فارابی و دواتریش ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد، دەستیان دایە دیراسەکردنی سروشت وەکو خۆی، نەک وەکو ئەوەی گەواهی لەسەر بوونی خودا دەدات. ئەم قوتابخانە فیقهییانە، کە ئەمڕۆ بە نوێ ناویان دەبرێ، بەر قوتابخانە سوننەتییەکان کەوتن، ئەوانەی نەک هەر قورئانیان بە خولقێنراو نەدەزانی، بەڵکو ڕایانسپارد کە دەبێ قورئان بەشێوەیەکی حەرفی و بەبێ هیچ وردبوونەوە و لێکدانەوەیەک بخوێنرێتەوە. دامەزرینەری ئەم قوتابخانەیەش "ئیبن حەنبەڵ"ە، کە ددانی بە ئازادیی ئادەمیزاددا نەنا لە حوکمدان بەسەر شتەکاندا و وای دەبینی، ئەقڵی مرۆڤ توانای ئەوەی نییە پەی بە مەزنیی خودایی ببات.

ئاقار دووەم زاڵ بوو، هەر ئەمەش دوای چەند سەدەیەک ڕێی بۆ ئسووڵییەت خۆش کرد، کە "ئیبن تەیمیە" بانگەشەی بۆ دەکرد (لە سەدەی چواردەیەمدا) و دوای ئەویش "محەمەد بن عەبدولوەهاب"ی سعوودی لە سەدەی هەژدەیەمدا.

- بەڵێ، پێشتریش ئەوەت پێت وتم. ئەی پاشان...
- دەزانم، بەڵام مەبەستم لەو دووبارەکردنەوەیە ئەوەیە کە شتە گرنگەکان لە مێشکتدا بچەسپێن.

ئەگەر ئایەتەکانی قورئان وابەستە نەبن بە کات و شوێنەوە، ئەمە ڕەتکردنەوەیەکە بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە، واتە دۆڕانی ئەقڵ بەرامبەر بە باوەڕێک کە دەڵێت کەلامی خوا لە سروشتی خودی خواوەیە، بەڵام کاتێ قورئان دەخوێنینەوە،

دەردەکەوێ کە زۆر ئـایەت هەن بەنـدن بە چوارچێـوەیەکی دیـاریکراوەوە، سـەبارەت بە هەنـدێ حـاڵەت و دۆخـن، کە لە کاتێکی دیاریکراوی مێژوودا ڕوویـان داوە. بەرامبەر بەمەش، هەندێ ئایەتی تر هەنرەهەندێکی وایان تیایە، کە چوارچێوە زەمەنییەکەی خۆیان تێدەپەڕێنن.

هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەم ڕایە دەبێتە مایەی ناڕەحەتی بۆ تاریکخواز و تونـدڕەوەکان، ئەوانەی کە ڕێـگە بە شـتی وا نـادەن، چـونکە خوێنـدنەوەی قورئـان بەم شـێوەیە، ڕەنـگە ببێـتە مـایەی گورزوەشـاندن لەو پـرۆژە بازرگانییانەیـان کە پشـت بەگەوجانـدنی خەڵـک دەبەسـتن. بەڵام ئیتـر گـرەوەکە لەسـەر ئەوەیە چـۆن ئەو ئاقـارە مرۆڤدۆسـتانەیە بـدۆزینەوە، کە لە قورئاندا هەیە. ئەمەش کارێکی جیددی و گرنگە.

بێگومان شتێکی بەڵگەنەویستە کە زۆربەی کات جەهل بەسـەر زانیندا باڵادەست بووە، بەڵام ئەمە نابێ وامان لێ بکات تەسلیم بین. مەحمـوود حسـەین لە کتێبی (تێڕوانین لە قورئـان)دا ئەم کێشەیە بەمجۆرە پوخت دەکاتەوە:

"کـاتێ هـزری چاکسـازی ئەوە دەسـەلمێنێ کە ئیسـلام لە هەمانکاتدا پەیامێکی ئاسمانی و مێژوویەکی مرۆییە، کاتێکیش لەبەر ڕۆشنایی ڕەهەندی زەمەن چاو بە شتەکاندا دەگێڕێتەوە، هەروەها کاتێ لەڕێی هەندێ تەفسیرەوە بەشێوەیەکی تەواو هەقیقەتـی زینـدوویی "سـرووش" ڕوونـدەبێتەوە، ئەودەم ئەو هـزری چاکسـازییە دەبێـتە قوتابخـانەیەک لە ئـازادی و بەرپرسیارێتیدا و دەرفەتی سازان لەنێوان باوەڕهێنان بە خودا و دەرککردنی جیهاندا بە هەموو باوەڕدارێک دەبەخشێت".

- پرسـیارێکی ئاسـانت لـێ دەکەم، بەڵام بە لای مـنەوە پرسیارێکی بنەڕەتییە. بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام چین؟

- بۆ وەڵامەکەی، پێویست بە گەڕانەوە بۆ دەقەکان ناکات. تۆ لەناخەوە دەتەوێ بزانیت چی وا لە ئیسلام دەکات، وەکو دوا دینی ئاسمانی، ببێتە دینی ئاشتی و لێکبوردن، بەو پێیەی وشەی "ئیسلام" خۆیشی لە ڕووی ڕەگی وشەکەوە لە "سلام"ەوە نزیکە کە بە مانای ئاشتی دێت.

بنەمای یەکەم: باوەڕهێنان بە خودایەکی تاک و تەنها کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە. بوون بە ئیسلام پێویستی بە شایەتمان هێنانە کە ئەویش(أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله)یە.

بنەمای دووەم: ڕێزگرتنی تەواوەتی لە "پێنج کۆڵەکەکەی ئیسلام"، واتە: پێنج فەرزەی نوێژ لە ڕۆژێکدا و ڕووکردنە قیبلە لەکاتی نوێژدا. ڕۆژووگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا، نەخواردنەوەی خۆراک و خواردنەوە و سێکسنەکردن لەکاتی خۆرهەڵاتنەوە تا کاتی ئاوابوونی. پێدانی زەکات بەڕێژەی ١٠%ی داهاتی ئەو کەسە. حەجکردن بۆ مەککە، ئەگەر ئەو کەسەلەتوانایدا بوو و تەندروستییشی باش بوو.

ئەم پێنج کۆڵەکەیە بنەما جەوهەرییەکانی ئیسلامن. ئەمانە لەپاڵ ڕەفتاری ئەخلاقیی گونجاو لەگەڵ بەها مرۆییەکانی وەکو: دزینەکردن، درۆنەکردن، ناپاکینەکردن، نەکوشتن، خۆنەکوشتن (لەبەر ئەوەی تەحەدداکردنی ئیرادەی خوایە)، ئازارنەدانی خەڵک... هەموو دینەکانیش ئەم شتانەیان وتووە، هەروەها هاوکاری و برایەتی و تەقوا و ڕێزگرتن لە ڕۆحانییەت.

قورئان خۆی بەتوندی ئیدانەی کەسێک دەکات کە دەستدرێژی بکاتە سەر ژیانی کەسێکی بێتاوان: (من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا، و من أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا). (سورة المائدة، الآية ٣٢).

## دوای دوو ڕۆژ

- بابە، لە کۆتاییدا دەمەوێ بەکورتی پێمان بڵێیت ئەمڕۆ چی بکەین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئیسلامییە توندڕەو و تیرۆریستەکان ببینەوە. دەمەوێ وەک چۆن بنەماکانی ئیسلامت بە خاڵ بۆ کورت کردمەوە، ئەمەشیانم بۆ وا لێ بکەیت. چونکە ئەوە زۆر ڕوون بوو و هەرگیز لەیادم ناچێت.

- باشە. بەڵام ئەمە کاری درێژخایەنی دەوێت و شتێک نییە پێی بوترێ ڕەچەتەی سیحری. بە بڕوای من دەبێ ئەم کارانە بکەین:

١ - دەبێ گرنگیی تەواو بە بواری پەروەردە بدەین، واتە چاو بە کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەدا بخشێنینەوە و مێژووی سێ ئایینە یەکتاکە بەشێوەیەکی بابەتییانە بخرێتە بەر خوێندن. لەسەرێکی ترەوە، دەبێ فێرکردن بەگشتی جەختی سەرەکی و بەردەوام لەسەر ئەوە بکاتەوە کە مناڵەکان فێری لێکبوردن و ڕەتکردنەوەی دەمارگیری ببن و میکانیزمەکانی ڕەگەزپەرستییشیان بۆ ڕوون بکاتەوە. بەکورتی پێویست بە دانانی سیاسەتێکی پەروەردەیی بەرزخواز دەکات بۆ

نەهێشتنی ئەو لادانانەی کە منداڵ و گەنج بەرەو تیرۆر دەبات. ئەم پەروەردە مەدەنییە دەبێ هەموو بابەتەکانی خوێندن بگرێتەوە. ئەم کارەش کە پێویستە لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستپێبکات و تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی بەردەوام بێت، دواتر و کە ئەو نەوەیە گەورە بوو، ئەنجامەکانی دەردەکەون.

٢ - چاوخشانەوە بە هەموو ئەو شتانەی لە زیندانەکاندا ڕوودەدەن، هەروەها ئامادەکردنی ڕابەری باش و فەراهەمکردنی پێداویستییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوە زیندانییەکان لەپێناوی ئامادەکردنەوەیان و ڕاهێنانەوەیان بۆ ناو ژیانی کۆمەڵگە، هەروەها چاودێریکردنی ئەوانەی لایەنە توندڕەوەکان بەکاریان دەهێنن بۆ ئازاردانی خەڵک و پووچەڵکردنەوەی توانایان.

٣ - چاوخشاندنەوە بە مزگەوتەکاندا و هەموو ئەو شتانەی لە مزگەوتەکاندا ڕوودەدەن. نابێ ڕێ بەوە بدرێ مامۆستا ئایینییەکان لە لایەن هێزی دەرەکییەوە یارمەتی بدرێن و پشتیوانی بکرێن. هەموو کەسێکیش شایستەی ئەوە نییە ببێتە مامۆستای ئایینی، بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای ئایینی، دەبێ ڕاهێنانی تایبەتی ببینێ و لەسەر ئەوە ڕابهێنرێ کە کار لەسەر هێورکردنەوەی لاوان و گەنجان بکات، نەک بۆ توندڕەوی هانیان بدات.

٤ - بایەخدان بە ژینگەی لاوان و چواردەوریان، بە هاوکاریی خێزانەکان و گرنگیدان بە دامەزراندنی ئەو لاوانەی سەر بە نێوەندە هەژارەکانن.

٥ - پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی پرنسیپی عەلمانییەت. بەوەی هیچ ئایینێک دەست لە کاروباری گشتییەوە وەرنەدات. بۆ ئەمەش پێویست بە ڕاڤە و شرۆڤەیەکی ڕوونی عەلمانییەت هەیە. ئەمەش ئەرکێکە لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و میدیاکاندایە.

## سەرەنجام

- پرسیارێکی تر: باشە، من لەسەرمە چی بکەم؟ منێک کە بە پەروەردە و کچێکی موسڵمانم، بەڵام لە هەمانکاتدا عەلمانی و فەرەنسی و مەغریبییشم؟ چی بکەم تا منیش وەکو تۆ لە پێگەی خۆمەوە کار بۆ نەهێشتنی ڕەگوڕیشەی تیرۆریزم بکەم؟
- لەسەر ڕێگەی زانین و گومانکردن بەردەوام بە. هەروەها لە خوێندندا بەردەوام بە و هەمیشە وریا بە و نموونەیەک بە بەهای ڕێز و لێکبوردنت لا هەبێت. حەز بە ناسینی ئەوانی تر بکە. بەتەنها ڕۆشنبیری دەتوانێ لە ڕەوتی درێژی خۆیدا بەسەر بیروباوەڕە تیرۆریستییە قێزەونەکاندا زاڵ بێت لە هەر کوێیەکەوە بێن. بخوێنەرەوە و گوێ لە مۆزیک بگرە و بچۆ بۆ شانۆ و سەفەر بکە و بەردەوام لەڕێی ڕۆشنبیرییەوە بەسەر بیروبۆچوونە پێشوەختەکانتدا زاڵ بە. لە جیهانێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان مافیان تێیدا خوراوە، پێویستە وەکو کچێکبەرگری لە مافەکانی خۆت بکەیت. بەخت

یاوەرتە کە سەر بە دوو وڵات و دوو ژیاریت، ئەمە بکە بە سەروەت و دەرفەت بۆ خۆت. ڕۆژێک هەر دێ تیرۆریزم لەناوببرێ، ئیتر لەڕێی خەباتی سیاسییەوە بێت، یان تەنانەت بەناچاری لەڕێی چەکەوە بێت، بەڵام وریابە ئەوەت بیر نەچێت کە دەوڵەتی قانوون نابێ دەسبەرداری بەهاکانی خۆی بێت. دەبێ بە قانوون و دادپەروەری کار بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم بکرێ، نەک بە هەمان ئەو شێواز و چەکانەی ئەوان بەکاری دەهێنن. گەرچی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئاسان نییە بەرامبەر بەو وەحشەتگەراییە و ئەمەش قسەکەی ڤۆڵتێرم بیردێنێتەوە کە لە کتێبی "باسێک دەربارەی لێکبوردن"دا وتوویەتی: "بە چی وەڵامی کەسێک بدەمەوە کە دەیەوێ بە سەربڕینی من بەهەشت بەدەست بهێنێت؟" بەڵام ئەمڕۆ وەڵامی ئێمە هەر دەبێ بە هێزی هەق و قانوون و دادگا بێت.

- بەڵێ، تێگەیشتم. هەر ئەمە ڕێگە سروشتییەکەیە. بەڵام ئەی سەبارەت ئەوانە چی دەڵێیت کە پەروەردەیان باش بووە، کەچی مەیلیان بۆ تیرۆر لا دروست بووە؟
- پێشتر باسی ئەوانەشمان کرد. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بەم حاڵەتانەوە هەبێت، من زیاتر دەیبەستمەوە بە هۆکاری سایکۆلۆجییەوە، وەک لە هۆکاری سیاسییەوە. لەم حاڵەتانەدا شتێکی شاراوە و پەنهان هەیە، شتێک لە بابەتی تابوو کراو و نەستی (لاشعوری). ئینسان بوونەوەرێک نییە بتوانیت هەمیشە لێی تێبگەیت. ڕواڵەت دەمانخەڵەتێنێ و تەفسیرە سوننەتییەکانیش چیتر سوودیان نەماوە. چی وا لە مرۆڤێک

دەکات لەپڕێکدا بڕیارێک بدات کە چارەنووسی دەگۆڕێت؟ لەوانەیە بڵێن هۆکارەکەی خەمۆکیی ژیانی ڕۆژانەیە، یان جۆرێکە لە نائومێدیی ئاشکرانەکراو، یان ڕوانینێکی بەدبەختانە بۆ ژیان، دەشێ ئەم شتانە لەناکاوێکدا لای کەسێک کەڵەکە بن و وای لێ بکەن ئەو وەرچەرخانەی لا ڕووبدات. ڕەنگە لەدڵی خۆیدا بڵێت"مادام ناتوانم دنیا بگۆڕم، دۆخی خۆم دەگۆڕم و دەیکەم بە مەسەلەیەک". سەیری دەوروبەری خۆی دەکات و شتێک نابینێتەوە دڵنیایی پێ بەخشێت، بۆیە دوور دەڕوانێ، زۆر دوور، چ لەڕووی جەستەیی و چ لەڕووی هزرییەوە.

فاکتەرەکانی گۆڕانی خێرا و لەناکاو و زۆرن، من هەوڵم دا هەندێکیان لەناو نێوەندەکانی لاوانی کۆچبەری ئەورووپیدا دەستنیشان بکەم. بەزۆری ئەوەی دەیبینین شێوەیەکی ئاڵۆزی چەپاندن (کبت)ە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ناتوانێ خودی خۆی و قەوارەی خۆی وەدیبهێنێت، واتە ناتوانێ لەناو کۆمەڵگەکەیدا پێگەیەک بۆ خۆی دروست بکات. ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان شەیدای ئەوەن "پێگە"یەکی دیاریان هەبێت و ناسراو بن و خەڵکی پەنجەیان بۆ ڕابکێشێت. ئێمە لە دنیایەکدا دەژیین تێیدا گرنگی بە تاک و سەرکەوتن و کەمالیات دەدات. ڕیکلامەکانی سەر دیوار و شاشەکان (تەلەڤزیۆن و مۆبایل و ئای پاد) بەلێشاون. بۆیە دەبنە مایەی ورووژاندنی ئەو کەسانەی لەتوانایاندا نییە لەم کەرنەڤاڵەدا جێ و پێگەیەک بۆ خۆیان ببیننەوە تا هەست بە هێز و سەرکەوتن و پیاوەتیی خۆیان بکەن. چەمکی تاکەکەس، بەو پێیەی قەوارەیەکی دانسقەیە، لە خۆرئاوادا زاڵە.

- بەڵێ. لە خۆرئاوادا ددان بە تاکەکەسدا نراوە، بەپێچەوانەی زێدی کەسوکاری ئەو لاوانە.
- بەڵێ. هەندێکیش هەن هەست بە گرنگیی ژیانی تاکەکەسی ناکەن، بەتایبەتییش لەبەرئەوەی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە هیچ ئاسۆیەک بۆ پاشەڕۆژ لە ژیانیاندا نییە. ئەمەش سەرەتا لە شکستی خوێندن لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات، هەروەها نەبوونی چوارچێوەیەکی خێزانیی دڵنیاکەر و خۆشبەخت، کە تێیدا ئەندامانی خێزان پێکەوە کۆببنەوە و باسوخواس بکەن. کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە، سەر شەقامەکان و هاوڕێیەتیکردنی کەسانی بەتەمەنتر و تیاشیاندایە بەڕێگەی ئاسان توانیویەتی پارەی زۆر بەدەست بهێنێت و هیچ پێودانێکی لا نەماوە.
- ئەوکات چی دەکەن؟
- پەیوەندییەکانی ناو خێزان گرنگن. کاتێکیش لاو نەیتوانی لەناو چوارچێوەی خێزانەکەیدا پەیوەندیی سروشتیی هەبێت، هەوڵ دەدات لەناو خێزانی گەورەدا(عەشیرەت)دا ئەو پەیوەندییە دروست بکات.بۆیە هەندێجار براکان پێکەوە دەست بە سەرچڵی دەکەن. بۆیە دەبینین ئەم دەستدرێژییانەی دوایی کە لە فەرەنسا و بەلجیکا ڕوویان دا، لەسەر دەستی چەند برایەک ئەنجام دران. برایان کواشی و برایان کۆلیبالی و برایان عەبدولسەلام، هەروەها لە شیشان، برایان تسارناییف، کە بە نارنجۆک هێرشیان کردە سەر بەشداربوانی ماراسۆنی بۆستن لە ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٣دا و سێ کەسیان کوشت و ٢٦٤ کەسیش بریندار بوون. هەروەها

پێویستە ئاماژە بەو ڕۆڵەش بدەین کەعەبدولقادر مەراح بینیی؛ واتە برا گەورەکەی محەمەد مەراح، کە لە فەرەنسا کۆمەڵێک کەسی کوشت. ئەو عەبدولقادرە سەرانی ئۆلیڤییە کۆریلی دەکرد؛ ئەو سورییەی لە فەرەنسا پەنابەرە و بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لە ئەرتیگا لە ناوچەی ئەریاج دەژی.

- بەڵام وەک ئەنجام، سوودی ئەم شتانە چییە؟
- پەیوەندیی خوێن پرۆسەی گواستنەوە بۆ پراکتیک خێرا دەکات، برا خیانەت ناکات و پشتگیریی مسۆگەرە. گوێڕایەڵیی بۆ براگەورەش هەیە. عادەتەن لەو جۆرە خێزانانەشدا نێرینەیەک دەسەڵات بەسەر خوشک و باراکانی تریدا دەسەپێنێت. تا ئێستاش خێزانی باوکسالار سێبەری بەسەر خێزانە کۆچبەرەکانەوە ماوە لە ئەورووپا. دەزانیت لەناو تیرۆریستەکانی ١١ی سێپتەمبەردا شەش کەسیان تیا بوو برا بوون؟
- ئەمە واتە کاری پێکەوەی ئەو برایانە، ڕەتکردنەوەیە بۆ چەمکی تاکەکەسی وەک ئەوەی لە ئەورووپدا هەیە؟
- یاخیبوونێکی تیایە دژ بەو ئازادییەی کە تاکەکەسەکان لە ئەورووپادا لێی بەرخوردارن، بەتایبەتییش ئازادیی ژنان. کێشەکە لێرەدایە: ژن، وێنەی ژن، جەستەی ژن، مافەکانی و سەربەخۆیی. مەغریبییەک کە لەسەر خۆپۆشین و ڕیاکاری و دەسەڵاتی نێرینە پەروەردە بوو، بەرگەی ئەمانە ناگرێت. دەترسێ لەوەی خوشکەکەی یا ژنەکەی تووشی ئەو پەتای ئازادییە بێت و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نەمێنن.
- ئەمە هەڵەی خێزانە؟

- یەکێک لە براکانی محەمەد مەراح وتی کە لە خێزانەکەی جیابووەتەوە و هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەماوە. هەرچۆن وتی کە پێویستە پیاو پەروەردەی ناو خێزانی خۆی ڕاست بکاتەوە. بەگشتی، دایکانیش ئەمجۆرە بیروبۆچوونانە لە مێشکی مناڵەکانیاندا دەچێنن. ئەو دایکەش لەوەدا قوربانیی دەست کولتوورەکەی خۆیەتی و بەبێ ئەوەی بەو زیانانە بزانێ کە تووشی مناڵەکەی دەبن، لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەو بیروبۆچوونانەی بۆ قبووڵ ناکرێ. هەر ئەم جیاوازییەش دەبێتە مایەی دابڕان لەگەڵ ژینگە تازەکەدا.
- ئەی دەربارەی ئەو مەغریبییانە چی دەڵێیت کە هەر لە مەغریب نیشتەجێن و کەچی بەمەبەستی بەشداریکردن لە جیهاددا، دەچن بۆ سوریا؟
- وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی لە ئێستادا خەریکن وردەوردە ڕوو لە شێوەژیانی ئەورووپی دەکەن، بۆیە وای لێ هاتووە ئێستا ئەوەی بووە بە کەڵکەڵەی سەریان و گینگڵیان پێ دەدات، کچی مەغریبییە کە خۆی ئازاد دەکات و کچی تونسییە کە داوای مافەکانی دەکات و کچی جەزائیرییە کە نایەوێ ملکەچی برا نۆبەرەکەی بێت و هتد... لە مەغریبییش ئیسلامییەکان لە زۆربەی کایەکانی کۆمەڵگەدا هەن. شەڕ ناکەن، بەڵام بەردەوامن لە ئیدانەکردنی نەبوونی"قورسگیریی ئەخلاقی" و بڵاوبوونەوەی"ڕەزیلەت" و گەندەڵی و ڕێزنەگرتن لە بنەماکانی ئیسلام. ئەمانە لەگەڵ خۆرئاوا شەڕ ناکەن، بەڵکو کاریگەرییەکانی خۆرئاوا لەسەر وڵاتەکەیان، کە نەیانتوانیوە تێیدا "شوێنێک" بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

- ئەی چۆن ڕەفتار دەکەن؟
- لە تونس، پۆلیس و سوپا هێزی تەواویان نییە، بۆیە هەندێ لە جیهادییەکـــان ئەم هەلەیـــان قۆســـتووەتەوە و دەچـــن گەشتیارە ئەڵمانی و بەریتانییەکان تیرۆر دەکەن. بەم کارەش بە بەردێــک دوو چــۆلەکە دەکــوژن: هەڕەشـــە لە کەرتـــی گەشتیاری دەکەن و خۆرئاواییەکانیش دەکوژن.
- بۆچی؟
- لەبەرئەوەی ئەوان وایــدەبینن کە ئەوە گەشـــتیارییە دەبێـــتە هۆی گەندەڵی، بە بۆچوونی ئەوان گەشتیاری دەبێتە مایەی شـــتێک سەربەســـتی و بڵاوبـــوونەوەی لەشفرۆشـــی، کە بیانییەکان سوودی لێ دەبینن، لەبەرئەوە دەبێت ڕێگەی لێ بگرن. کەڵکەڵەی یەکەمیان پاککردنەوەیە، پاشان جەستەی ژنی موسڵمان و ئارەزووەکانی. ژن دەبێ جەستەی خۆی بشـــارێتەوە و داپۆشـــێت و نەهێڵێـــت خەڵکـــی تـــر بیبینێت.جیهادییەکان بایەخێکی ناسروشتی بە جەستەی ژن دەدەن.
- نەخۆشن؟
- ئێمە ئەوە دیاری ناکەین، ئەوە کاری دەروونپزیشکەکانە، کاتێ دەسگیر دەکرێن، لەلایەن ئەوانەوە نۆڕینیان بۆ دەکرێ.
- باشە کوشتنی گەشتیاری ئەڵمان و ئیتاڵی چۆن دەبێتە مایەی سەرکەوتنی جیهاد؟
- نابێتە مایەی سەرکەوتنی. تیرۆر، ترس دەچێنێت. ئەوەی بەلای ئەوانیشـــەوە گرنگە ئەوەیە کە وا لە ئەورووپا بکەن ڕاچڵەکێت و بتۆقێت.

- باشە ئەی بۆ وڵاتە عەرەبییەکان یەکناگرن و هەموو پێکەوە بەگژ ئەم تیرۆرەدا ناچنەوە کە بووەتە مایەی شێواندنی وێنەی ئیسلام و جیهانی عەرەب؟

- تۆ خۆت باش دەزانیت کە عەرەب هەرگیز نەیانتوانیوە یەکبگرن. ئەمە سەربردەیەکی کۆنە. تۆ تەماشای نەخشەی جیهانی عەرەبی بکە: جەزائیر دژایەتیی مەغریب دەکات و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ سەبارەت بە بیابانی خۆرئاوا کێشەی بۆ دروست بکات، کە لە ساڵی ١٩٧٤دا دەستی بەسەردا گرت. ئینجا سەیری لیبیا بکە، چۆن لە ئاژاوەدا گەوزاوە و داعش و لایەنگرەکانیشی ئەمەیان قۆستووەتەوە. میسریش، دیکتاتۆرێک حوکمی دەکات زیاتر لە ٤٠٠٠٠ بەرهەڵستکاری زیندانی کردووە، جگە لە لەناوبردنی زۆری تر (بڕوانە ئەو ڕاپۆرتە وردەی لە ئەپریلی ساڵی ٢٠١٦دا لەلایەن ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ-ەوە دەرچووە). هەروەها لوبنانیش تاوەکو ئێستا لە شەڕدایە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەوەتانێ ناچارە پێشوازیی پتر لە ملیۆنێک پەنابەری سوورییش بکات. ئوردونیش لەژێر هەڕەشەی داعشدایە و ئەویش ناچارە پەنابەرە سوورییەکان بگرێتە خۆی. عیراقیش، هەفتە نییە تەقینەوەی تیا نەبێت. سوریاش بەمانای وشە کارەساتە، لە ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦دا نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکانی بە ٤٠٠٠٠٠ کەس خەمڵاند، ئەمە جگە لە ملیۆنان پەنابەر و کۆچبەر.

- مایەی نائومێدییە.

- بەڵێ وایە. کۆمەڵێک دەوڵەتی عەرەبی هەن، بەڵام ئەوەی پێی بوترێ قەوارەیەکی یەکگرتووی پتەو و قایمی عەرەب، لەئارادا نییە.
- کەواتە لەوانەیە لە داهاتوودا بزاڤی تیرۆریزم بەهێزتر بێت؟
- بەداخەوە بەڵێ. هێشتا لەم ئافاتە و لقوپۆپە زۆر و ئاڵۆزەکانی ڕزگارمان نەبووە.
- بابە پێم بڵێ. ترووسکاییەک هەیە هیوامان پێی بێت؟
- بەڵێ، ئەگەر تەواو بایەخ بە پەروەردە بدەین و لەو ڕێیەوە لە دروستکردنی نەوەیەکی نوێی لاودا بەشدار بین، لەو وەهمانە ئازدا بووبێت، کە وایان لێ دەکات بەئاسانی بڕوا بە هەموو شتێک بکەن. لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە هاندانی پەروەردەیە، چ لە ماڵەکاندا، چ لە قوتابخانەکاندا، چ لەناو میدیاکاندا و لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەدا، کە ترووسکەیەکی تیا بێت بۆ چاکبوونەوەی ئەو زیندوانەی برێکی زۆر لە ڕق و کینە و درۆ شێواندوونی و گەندەڵی کردوون.

# کۆتایی

بەداخەوە، هەمــوو ئەو شــتانەی پەیوەنــدییان بە ئیســلامەوە هەیە ئاقــارێکی تراژیکیــان گرتــووەتە بەر. ئــاخۆ ئیســلام ئەوەنــدە شــل و شــێواوە؟ هەر ئەوەنــدە شــتێکی بچــووک و ســادە ڕوودەدات، ئیتــر خەڵکــانێکی دەمــارگیر بەحــاڵەتێکی هیســتیرییەوە دەڕژێــنە ســەر شــەقامەکان و ئــاڵای وڵاتــانی ئەورووپــی و وێــنەی ســەرۆکەکانیان دەسووتێنن.

ویستمان پێیان بڵێین:"هێور ببنەوە، ئەوە بەتەنها ڕەسمێکە و هیچی تر. ئەو کاریکاتێرە پەیامبەر نییە، لەبەرئەوەی پەیامبەر ڕۆحێکی باڵایە و بەرجەستەکردنی مەحاڵە، پیشاندانی جوانی و چەلەنگیی ئەو ئەستەمە. لەبەرئەوە تکایە پەیامبەر بۆ ئەو ئاستە دامەبەزێنن" بەڵام کەس گوێی نەگرت!چونکە ئۆمەت هەموو موسڵمانانی گرتووەتە خۆی، بەچاک و خراپەوە. کەس ناتوانێ لێیان دەربچێت. ئەوەی بە موسڵمانی لەدایک بێت، بەموسڵمانی دەمرێت. دەرچوون لە ئیسلام زۆر لەسەر ئەو کەسە دەکەوێت و یەکسەر بە هەڵگەڕاوە دەژمێردرێ، چونکە خواش سزای هەڵگەڕاوە دەدات. هەڵبەتە لەڕاستیدا نابێ لەم دنیا خەڵکانێک سزای ئەو کەسە بدەن، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرتووە کە لە هەندێ

وڵاتی ئیسلامیدا حوكمی لەسێدارەدان و داماڵین لە مافە مەدەنییەكان بەسەر ئەو كەسانەدا بدرێ.
بەداخەوە كە یەكێك لە تایبەتمەندێتییەكانی حەشاماتیش كەڕی و كوێرییە.
ڕۆژێكیان، دوای ئەوەی لە زانكۆی فاس وانەكەی خۆمم وتبووەوە، یەكێك لە خوێندكارەكان هات بۆ لام و بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لێی پرسیم:
- مامۆستا تۆ باوەڕت بە خوا هەیە؟
منیش پاش بێدەنگییەك، وەڵامم دایەوە:
- ئەوە شتێكە تایبەتە بە خۆم و ناچار نیم وەڵامت بدەمەوە.
لەپڕێكدا هۆڵەكە بوو بە غەڵبەغەڵب و دەتوت لە دادگادام.
هەولّم دا باسی ئازادیی بیروباوەڕ بۆ خوێندكارەكان بكەم و ئەوەی كە باوەڕهێنان، یان نەهێنان، مافێكی شەخسییە، وەكو ئازادیی هەڵبژاردن لە ژیاندا، بەڵام هەوڵەكەم بێهوودە بوو. دەتوت قسە بۆ دیوار دەكەم. قسەكەم قبووڵ نەكرا.
یەكێكیان هاواری كرد:
- تۆ بێباوەڕیت و پڕكێشی ناكەیت ئاشكرای بكەیت.
منیش وتم:
- داوم بۆ مەنێنەوە. من مافی خۆمە خاوەنی هەر بیروباوەڕێك بم و ئەوە شتێكە تایبەت بە خۆم.
هاوار و فیكەلێدان لە هۆڵەكەدا بەرز بووەوە. هەستم كرد ئێستا پەلامارم دەدەن. ڕاگری زانكۆكە هات و بردمی، لە دەرگای پشتەوەی زانكۆ چوومە دەرەوە. ئیتر هەر ئەو شەوە "فاس"م جێهێشت، ئەو شارەیە كە تیای لەدایك بووم.
ئەوە ڕووداوێكی كۆنە و ساڵی ١٩٧٧ ڕووی دا. ئێستا وەكو سەرەتایەكی دەمارگیریی دینی لە مەغریب لێی دەڕوانم.

لەو کاتەوە، هەموو جارێک کە بیر لە ئیسلام دەکەمەوە و دەقە ئایینییەکانی ئیسلام و لێکۆڵینەوەکانیان دەخوێنمەوە، چەند دەهەژێملەئاست جوانیی دەقەکانی قورئاندا، ئەوەندەش ترس دامدەگرێ لە ئاست هەندێ ئایەتیدا.

بەڵام ئەوەی منی لەو ترسە ئازاد کرد، باوکم بوو، کە لەو لایەنە توندانەی دینەکە دوور بکەومەوە. ئەو پێی وتم:" پێویست ناکات حیساباتی خۆت بخەیتە بەردەمی هیچ کەسێک لەم سەر زەوییە. تۆ لەبەردەمی خوادا لە کردەوەکانی خۆت بەرپرسیاریت. خراپە بکەیت خراپەت دێتە رێ و چاکەش بکەیت بە چاکە پاداشت دەدرێیتەوە. گرنگ ئەوەیە ئینسانێکی ڕەند و سەرڕاست و دادپەروەر بیت و خاوەنی پەیمانی خۆت بیت و ڕێز لە مرۆڤەکانی دەوروبەر و مامۆستاکانت بگریت، هاوخەمی و هاوکاریی کەسانی چواردەورت بکەیت و لەگەڵیاندا میهرەبان بیت. ئیتر بۆ شتەکانی تر خوا بەسۆزە".

ئەمە ڕێی لەوە نەگرت کە لەم سی ساڵەی دواییدا ئیسلام بگۆڕێت بۆ مەسەلەیەکی سەرەکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە فەرەنسا و بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپاشدا.

من بۆخۆم لە عەلمانییەتدا مەودایەکم دۆزییەوە کە لە هیچ وڵاتێکی موسڵماندا بوونی نییە (تەنانەت لە تورکیاشدا، وەکو بۆ کچەکەمم باس کرد). بەباوەڕی من جیبەجێکردنی ئەم پرنسیپە ئەدگارێکی ژیارییە. هیچ شتێکی نەرێنی نییە لە جیاکردنەوەی نێوان دەوڵەت وکەنیسەدا، یان دەوڵەت و کەنیشتدا، یاخود لەنێوان دەوڵەت و مزگەوتدا، بەپێچەوانەوە، دەبێ ئەوە وەکو شکۆدانێک بە دین لە قەڵەم بدرێ.

بەڵام کێشـــەی ئیســـلام لەگەڵ عەلمانییەتـــدایە. هەنـــدێ لە موســڵمانەکان لەگەڵیـدا دەســازێن و هەندێکیشــیان لەگەڵیـدا ناسازێن و هەر تێناگەن مەبەست لەو جیاکردنەوەیە چییە.
عەلمـانییەت بـاوەڕی بە ئـازادیی بیـروڕا هەیە، ئەم ئـازادییەش سنووردار نییە. پاشـان، پێمـان خۆش بێت یان پێمـان نـاخۆش بێت، دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە هەمـوو کەسـێک مـافی ئەوەی هەیە بە قسـە بێـت یـان وێـنە یـان کاریکـاتێر یـان شـیعر، گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات.
بەڵام ئاسان نییە بەشێکی زۆری موسڵمانەکانی ئەورووپا لەمە تێبگەیەنیـت. ئەوان ئەگەر وێـنەیەک لەســەر پەیـامبەر بکـرێ، پێیان قبووڵ ناکرێ. ئەگەر لەسـەر پەیامبەری مەسیحییەکان و جوولەکەکـان بێـت، هەر گوێشـی پـێ نـادەن، بەڵام وەختـێ ڕۆژنـامەیەکی هۆڵەندی "جیلاند بۆستن" لە ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا وێـــنەی دە کاریکاتێریســـت لەســـەر پەیـــامبەر بڵاودەکاتەوە، ئەوە بە سووکایەتی دەزانن.
ئەورووپییەکـان پێشـوەخت نـازانن ئەو کـارانە دەبێتە مـایەی چ کاردانەوەیەک لە جیهانی ئیسلامیدا. خۆپیشـاندانی زۆر ڕێکخـرا و گەلــێ چــالاکیی تــر ئەنجــام دران بــۆ تێگەیشــتن لەوەی ڕوودەدات.
لەو کاتانەدا من تایبەتمەندیی تاکێتیی خۆمم بۆ دەرکەوت. من نە هــاوڕای ئەو حەشــاماتە هیســتیرییانەدا بــووم و نە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە کاریکاتێرییانەشدا بووم،گەرچی ئەوان ئازادن و مافی خۆیانە گوزارشت لە شتی خۆیان بکەن. بەڵام بەڕای من دەبوایە زۆر بە دەمارساردییەوە وەربگیرایە.
لە بنەڕەتیشدا، دەمویست کچەکەم لەمە تێبگەیەنم.

## کتێبە چاپکراوەکانی ئازاد بەرزنجی

١- تەرمی نەناسێک (پێنج کورتەچیرۆک) چاپی دووەم ٢٠١٧
٢- چاوەکانی (ڕۆمان) بوزورگ عەلەوی چاپی یەکەم ١٩٩٧ چاپی دوانزدەیەم ٢٠١٧
٣- جۆناسانی نەورەس (کورتە ڕۆمان) ریچارد باخ چاپی چوارەم ٢٠١٤
٤- خەونێک لە ولآتی پیاوە بچکۆلەکاندا (کورتە چیرۆکی جیهانی) چ١ ١٩٩٧ چ٢ ٢٠١٠
٥- بەناوی ژیانەوە(وتار و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ)ئەریک فرۆم چ١ ١٩٩٨ ، چ ٤ ٢٠١٥
٦- پیدرۆ پارامۆ (ڕۆمان) خوان رۆلفۆ (لەگەڵ ریبوار سیوەیلیدا) چ١ ١٩٩٩ چ٢ ٢٠١٠
٧- چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی (وتار و باسی فیکری وئەدەبی) چ١ ٢٠٠١ چ٢ ٢٠٠٦چ٣ (٢٠١٠)
٨- تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا محەمەد نورەدین ٢٠٠١
٩- لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) ٢٠٠١
١٠- نیچە پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠١
١١- ژنێ لەبەردەم وەرزێکی سارددا ژیان و شیعری فروغ فەڕوخزاد چ١ ٢٠٠٢ چ٥ ( ٢٠١٦)
١٢- سارتەر پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٢
١٣- مۆدێرنەکان (وتار و باسی فیکری و ئەدەبی) رامین جەهانبەگلو چ١ ٢٠٠٣ چ٢ ٢٠٠٩
١٤- کیرکەگۆر پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٣
١٥- کازانتزاکیس یۆرگۆس ستاسیناکیس ٢٠٠٤
١٦- دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) بە هاوکاری لەگەڵ ئاوات ئەحمەددا ٢٠٠٤
١٧- چاکە و خراپە کریشنامورتی چ١ ٢٠٠٤ چ٢ ٢٠١٥
١٨- ئاوریشم (ڕۆمان) ئەلێساندرۆ باریکۆ چ١ ٢٠٠٤ چ٣ ٢٠١٥

١٩- بەفر (ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٤, چ٣ 2015
٢٠- کەمانچە ڕەشەکە(ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٥، چ٣ 2015
٢١- هەنگەوان (ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٦ ، چ ٣ 2015
٢٢- نامەی منالآن بۆ خوا ستیوارت هامپڵ و ئیریک مارشاڵ ٢٠٠٥ چ ٢ (٢٠١٦)
٢٣- فەلسەفەی بوونگەرایی جۆن ماکواری ٢٠٠٥ چ ٢ (٢٠٠٨)
٢٤- لاپەڕە پەرشەکان (چەند دەقێکی وەرگێڕراو و نووسراو) ٢٠٠٥
٢٥- حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ پاولۆ کۆییلیۆ ٢٠٠٦ چ ٢ (٢٠١٦)
٢٦- مێژووی شارستانێتی ویڵ دیورانت (بە هاوکاریی دانا ئەحمەد و نەبەز کەمال) ٢٠٠٧
٢٧- سازی ئاسنین (شانۆنامە) جۆزیف ئۆکۆنۆر ٢٠٠٧
٢٨- بەبێ خوێن (ڕۆمان) ئەلێساندرۆ باریکۆ ٢٠٠٨
٢٩- نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (یان ئەفسانەی ١٩٠٠) ئەلێساندرۆ باریکۆ ٢٠٠٨
٣٠- شارۆچکەکەمان (شانۆنامە) تۆرنتۆن وایڵدەر ٢٠١٠
٣١- شازادە خاتوون و کیژۆڵەی دارستان( شانۆنامە بۆ منالآن) لە دەقێکی س. مارشاک ەوە ٢٠١٠
٣٢- هەزار خۆری درەوشاوە (ڕۆمان) خالید حوسەینی ٢٠١١ چ ٢ (٢٠١٣)
٣٣- خاک و خۆڵەمێش (ڕۆمان) عەتیق ڕەحیمی ٢٠١١
٣٤- نیگاکان (وتار و باسی نووسراو و وەرگێڕراو) ٢٠١١ چ ٢(٢٠١٢)
٣٥- وەرگێڕان لە گفتوگۆدا (وتار و گفتوگۆ لەسەر وەرگێڕان) ٢٠١٢
٣٦- مرۆڤی یاخی ئەلبێر کامۆ ٢٠١٢
٣٧- ئەفسانەی سیزیف ئەلبێر کامۆ چ١ ٢٠١٣ چ ٢ (٢٠١٥)
٣٨- هەزار ماڵ لە خەون و ترس (ڕۆمان) عەتیق ڕەحیمی ٢٠١٢
٣٩- عاشق هەمیشە تەنیایە (شیعر و ژیانی سوهراب سپهری) ٢٠٠٦ چ ٤ (٢٠١٦)
٤٠- گوڵەکان بۆ کێن؟ محێدین زەنگەنە (سێ شانۆنامە) ٢٠١٢
٤١- نهێنییەکانی ژیان ( ئۆشۆ) ٢٠١٣
٤٢- نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی(ڕۆمان) عەتیق ڕەحیمی ٢٠١٣ چ ٢ (٢٠١٥)

٤٣- كۆلۆنێل( ڕۆمان) مەحموودی دەوڵەت ئابادی ٢٠١٤
٤٤- قەلەندەر و قەڵا( ڕۆمان) یەحیا یەسریبی ٢٠١٥
٤٥- حەللاج( ڕۆمان) عەباس ئەرنائووت ٢٠١٦
٤٦- مەرگ لە دەرگا دەدات ( ٣ شانۆنامە ) ٢٠١٤
٤٧- تیۆریی دراما لای ئەریستۆ ( لێکۆڵینەوە) ٢٠١٦

**وەرگێڕان بۆ عەرەبی :**

٤٨- مضيق الفراشات (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) بيروت – لبنان ١٩٩٦ ط٢ السليمانية دار سردم للطباعة والنشر ٢٠٠٧
٤٩- عار تماما كالماء (مختارات شعرية للشاعر دلاور قرداغي) سوريا – دمشق ٢٠٠
٥٠- سفر الروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) دار نينوى- دمشق – سوريا ٢٠٠١
٥١- انبهارات (مختارات للشاعر شيركو بيكس) المركز القومي للترجمة – القاهرة-٢٠١١

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئیزرۆ ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئێریک کیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد ڕەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەڕانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەر | |
| ٨٣٣ | ڕێبازی دیکتاتۆرەکان | ئینیاتسیۆ سیلۆنی | عەبدولخالق یەعقووبی |
| ٨٣٤ | سیکیولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا | م. هاکان یاڤوز | عومەر عەلی غەفوور |
| ٨٣٥ | هەڵهاتن لە سیستەم | تۆنی سەغبینی | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٨٣٦ | جوانترین خنکاوی دونیا | کۆمەڵێک چیرۆکنووس | ژوان شوانی |
| ٨٣٧ | تواوە | عەباس مەعرووفی | ڤیدا قادری |